




## عوسمان ڕەحیمی

# مرۆڤێک بەپاکی ئاو و خۆشەویستی خاک

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

https://serchawe.com

# پێڕست

* پێشەکی ........................................................ کەماڵ کەریمی ................ ٦

* مرۆڤێک ئاوێتەی خۆر و خاک ................................................ ڕەزا محەممەدئەمینی ........... ١٠

ڕێورەسمی بە خاک سپاردن و پرسەی نەمر عوسمان ڕەحیمی، و وتەکانی چەند کەسایەتی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان............. لاپەڕەی: ١٦

١- ڕێورەسمی بە خاک سپاردن و پرسەی نەمر عوسمان ڕەحیمی

٢- وتەکانی بەڕێز کاک جەلیل گادانی راوێژکاری دەفتەری سیاسی

٣- قسەکانی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان

٤- قسەکانی کاک سەلاح موهتەدی کەسایەتی سیاسی

٥- قسەکانی کاک بابا شێخ حوسێنی سکرتێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

٦- قسەکانی کاک حوسێن یەزدانپەنا جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان

٧- پەیامی سەرەخۆشی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بۆ دەفتەری سیاسیی حیزب

٨- پەیامی سەرەخۆشیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ خاتوو پەخشان فەلسەفی

٩- پەیامی بنەماڵەی کاک عوسمان ڕەحیمی لەلایەن کاک کەماڵ کەریمی یەوە

پەیامی هێزو لایەنە سیاسی یەکان........ لاپەڕەی: ٣٤

١- ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢- پەیامی پارتی ئازادیی کوردستان

٣- پەیامی کومیتەی سەرکردایەتی ڕێکخراوی شەپۆلی دێموکراسی

٤- پەیامی ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران

٥- پەیامی پارتی سەربەستیی کوردستان

٦- ڕێکخراوی النسا حیزبی دیموکراتی کوردی لە سووریا

٧- پەیامی هاودەردی مەکتەبی پێوەندی یەکانی کوردستانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان

٨- پەیامی هاودەردی مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان

٩- پەیامی سەرەخۆشیی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK)

١٠- پەیامی هاوبەشی مەکتەبی سیاسیی حیزبی ڕزگاریی کوردستان و دەفتەری سیاسیی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

١١- پەیامی سەرەخۆشی کۆمەڵێک لە مامۆستایانی نیشتمانپەروەری ئائینی لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان

١٢- پەیامی سازمانی ئیتحادی فەدائیانی خەڵکی ئێران

١٣- ڕاگەیەندراوی سکرتاریای حدک ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک عوسمان ڕەحیمی، کادری پێشووی حیزب

## پەیامی هاودەردیی کەسایەتی یە سیاسی و ڕووناکبیرییەکان

١- بەڕێز عوسمانی حاجی مەحموود

٢- کۆمەڵێک کەسایەتی لە وڵاتی ئاڵمانەوە

٣- مستەفا شڵماشی

٤- ڕەفعەت مورادی

٥- حوسێنی کوردنەژاد

٦- تاهیر حیکمەت (د. ئازاد)

٧- فەریدە نەقشی و هیوا جلدیانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**چەند بیروڕا لەسەر کەسایەتی نەمر عوسمان ڕەحیمی............ لاپەڕەی ٥٥**

١- چەند دێڕێک لە سەر بۆچوونەکانی نەمر کاک عوسمان ڕەحیمی ......................... سیامەک قەوی پەنجە
٢- بۆ خەزانی مەرگی کاک عوسمان ڕەحیمی ..................................................... هیوا گوڵ محەممەدی
٣- بەناوی نەمران ........................................................................ ڕەحیمی خوامرادی
٤- بەبۆنەی سەرچلەی کۆچی دوایی پێشمەرگەی کوردستان و دۆستی بەڕێزم عوسمان ............... سەدیق بابایی
٥- وتووێژ لەگەڵ پەخشان فەلسەفی هاوسەری عوسمان ڕەحیمی
٦- پەخشانێک بۆ کۆچی دوایی کاک عوسمان ڕەحیمی لە ژێر سەردێڕی ............................ ئیبراهیم گەردی
٧- ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە کەسایەتیی کاک عوسمان ڕەحیمی ..................................... ئەحمەد قادری
٨- لە یادی کوژانەوەی ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردایەتی دا ............................... مستەفا مامە قالە
٩- ٥ ساڵەی ئاوا بوونی ئەستێرەیەک (یادێک لە هاوڕێی نەمر عوسمان ڕەحیمی) ...................... قادر وریا
١٠- بۆ یادی پێنج ساڵەی شەهید بوونی کاک عوسمان ڕەحیمی ....................................... ئازاد بانەیی
١١- با(شەهید)"عوسمان ڕەحیمی"یەکان باشتر بناسین! ................................................ سمایل زارعی
١٢- کاک عوسمانی ڕەحیمی، ژیا بۆ خزمەت بە مرۆڤایەتی و نیشتمان ............................. ئازاد عەباسیان
١٣- یادی ٧ ساڵەی بە سەر کۆچی ناوادەی هاوڕێی عوسمان ڕەحیمی .................................. هیوا ڕەبیحی
١٤- پەیڤێک بۆ ٨ ساڵەی کۆچی نەمر عوسمان ڕەحیمی ............................................. قادر وریا
١٥- یاد و ناوی بەرزت تا هەتایە لە دڵماندا زیندوو ئەمێنێتەوە ........................................ ئازاد بانەیی

**هونراوە و شێعر - لاپەڕەی: ١٠٦**

١- وەرە حەیران! ........................................................................ فەتاح کاویان
٢- ڕێژنەی خەمان ......................................................................... ئاشق
٣- سیروانی فرمێسکم .................................................................... ئەحمەدی قادری
٤- شین ........................................................................................ هۆزان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٥- مەرگی چیا ........................................................................ سوهەیلا قادری
٦- ئەو کات و ئێستا ................................................................ محەممەدی فەقآ عەلی
٧- بۆ چلەی کاک عوسمان رەحیمی ................................................... سەعید سیوچەیی

**پەیامی پرسە و سەرخۆشی و ڕێورەسمی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەر کاک عوسمان رەحیمی** ................ لاپەڕەی: ١٢١

١- حیزبی دێموکراتی کوردستان- کۆمیتەی رۆژهەڵاتی کانادا

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستان- کۆمیتەی نۆروێژ

٣- حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمیتەی فینلاند

٤- حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمیتەی سوئید

٥- کومیتەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بریزبێن ، ئوسترالیا

٦- حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ کۆمیتەی دانمارک

٧- یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران- سوئێد

٨- حیزبی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی یۆتێبۆری

٩- حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمیتەی فینلاند

١٠- پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

١١- راگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی  دیموکراتی کوردستان

١٢- بەیاننامە: هاوپێوەندیی جێی شانازی بە بۆنەی کۆچی دوایی نەمر عوسمان رەحیمی یەوە

١٣- سوپاس و پێزانین ......................... لە لایەن بنەماڵەی فەلسەفی یەوە

١٤- پێشەکی: نامێلکەی تایبەتنامەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەر کاک عوسمان رەحیمی

١٥- نەک دوای دەساڵ هەتا هەرمان لە دڵماندای(شەفەق).............. بێبەش



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێشەکی



**کەماڵ کەریمی**

زانیم کاک ڕەحمان نەقشی - لە درێژەی هەموو زەحمەتەکانی دیکەیدا- خەریکی ئامادەکردنی بڵاڤۆکێکە لەسەر ژیان و خەباتی تێکۆشەر کاک عوسمان ڕەحیمی. هەرچەند لە توانای خۆم ڕانەدەدیت، بەڵام سپاسی دەکەم ڕێگەی پێدام بە بۆنەی یادکردنەوەی مرۆڤێک بە پاکی ناو و خۆشەویستی خاک، چەند وشەیەک وەک پێشەکی بۆ ئەو بڵاڤۆکە بنوسم.

مرۆڤەکان بە جیا لە دایک دەبن و بە یەکەوە گەورە دەبن و دواتر هەرکام بە جیا و بە پێی کەسایەتی خۆی ڕێی ژیانی تایبەتی دەگرنە بەر و لە سیما و شێوەیەکی تایبەت بە خۆی لە نێو کۆمەڵگەدا سەر هەڵدەدەن. ئەمە تەنیا پێوەندی بە کەسایەتی ئەو کەسانەوە نیە کە هەرکام لە کۆمەڵگەی خۆیان بە هۆیەکی تایبەتەوە دەناسرێنەوە. بەڵکوو کەسی وا هەیە ئەگەر هێندێک جار کە بیری لێ دەکەیەوە بە هەزاران و بگرە ملیۆنان خەڵکت دێتەوە یاد یا دێتە بەرچاو. یا چۆن خانوویەک، گوندێک یا شارێکت دێنێتەوە بەرچاو، ئاواش ئەو کەسە، سەنگەرێک، شۆڕشێک و وڵاتێکت وەبیر دێنێتەوە. ئەو کەسانە ئەگەر زۆر نین، کەمیش نین بە هۆی دروستکردنی مێژوویەک کە خشت و قوڕی هەڵچنینی دیوارەکەی بە خوێن و تەمەنی ئەوان گیراوەتەوە، ناویان لە مێژووی نەتەوەکە یا گەلە هەژارە بەشخوراوەکەیاندا بۆ هەمیشە بە زیندوویی تۆمار کراوە. لە نێو کوردی ڕۆژهەڵاتدا عوسمانە ڕەحیمی لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کەسانەدایە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو یەکێک لەو کەسانەیە کە ژیان و تەمەنی خۆی لە پێناو ئەو ئامانجانەدا دانا، کە زیاتر لە پێویستییەکانی ژیانی خۆی بوو. لە منداڵییەوە یەکترمان دەناسی و بە یەکەوە گەورە بووین. کۆمەڵێک منداڵی هاوتەمەن گەیشتبووینە تەمەنێک کە حەزمان لە هاوڕێیەتی و لە خۆنیشاندان بێ. کتێبمان دەخوێندەوە، وەرزشی ئێواران، چوونە دەرەوە لە شار لەگەڵ کۆڕی یاران و زۆر کاری گەورەتر لەوەی کە بە ئێمەی قوتابی دەبیرستان بکرێ و پێمان وابوو گەورە بووین و سیاسەت دەکەین. ئەو بۆ هەموان لەگەڵ بوو. بەڵام زۆرمان هەستمان بە جیاوازییەکانی ئەو لەگەڵ باقی دۆستان دەکرد. گەنجێکی دڵپاک و بەڕێز، بە تەحەمول و خۆڕاگر، ئەگەر بەهەر هۆیەک دڵی گەردی بگرتایە ماوەیەک دووره پەرێزی دەکرد مەبادا دڵێشی دروست بێ. لەگەڵ ئەوەی کە لە پێناو دۆستایەتیدا لە هەموو شتێک دەگوزەرا، لە پێناو حەقدا و لە بەرامبەر نەیاراندا ڕەگی غووری وەک ڕیشەی داربەڕووە شاخاوییەکانی نیشتمانی بوو. حەز و خولیای ئەو بۆ بەرەو پێشچوون سنووری نەبوو، بۆیە هیچ بەربەستێکی لەبەر دەم خۆیدا قبووڵ نەبوو. ئەو کە لە منداڵییەوە و لە نێو بنەماڵەکەی خۆیدا بە هۆی سیاسی بوون و خەباتگێڕی باوکی دێموکراتی، هەژاری و ترس و تۆقاندنی دەسەڵاتی ڕێژیمی سەرمایەداری شای هەست پێکردبوو، و دەیان و سەدان لێقەوماوی لە دەوری گەڕەک و شارەکەی دەدی، دەوری نوێی خوێندنەوەی بە کتێبەکانی گورکی و شۆلۆخۆف و دەست پێکرد و لە ڕێگەی ئەو ڕۆمانانەی شاکاری نووسەرانی سوسیالیست بوون بە دەرد و مەرگی هەژاران و زەحمەتکێشان زیاتر ئاشنا بوو. دواتر بە وەدواکەوتنی خوێندنەوەی فەلسەفە و تێگەیشتنی لە ماتریالیزم، ڕێبازی فکری ئەو شکڵی گرت. ساڵەکانی خوێندنی زانستگەی، دەورانێکی نوێ بوو بۆ ئاشنا بوون بە مەیدانێکی نوێی خەبات لە دژی ڕێژیمی شا و خەڵکانێکی جیاواز لەوەی لە بانە ناسیبوونی و فێربوون و وەرگرتنی ئەزموونێکی باش بۆ خەبات بوو کە بەداخەوە بە هۆی دەست پێکردنی شەڕ لە کوردستان لە لایەن حکوومەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئاخوندەکانەوە، پێش ئەوەی ساڵی ئاخری دوکتوراکەی لە ڕشتەی دامپزشکی تەواو بکا، بە کۆتا هات.

ئەو کاتێک کوردستانی ڕووبەڕووی شەڕ و ماڵوێرانی دی، وازی لە خوێندن هێنا و چەکی هەڵگرت و لە سەنگەری پاراستنی خەڵکی کوردستان، بوو بە پێشمەرگە. ئەو هێشتا چریکێکی چەپگرا بوو، بیری لە ڕزگاری زەحمەتکێشان لە چنگ زوڵم و ستەمی سیستمی سەرمایەداری ئێران و دەست وپێوەندەکانی دەرەبەگایەتیان لە کوردستاندا دەکردەوە. ئەمە فکرێک بوو لە سەرەتای تەمەنی تێگەیشتنیەوە و بە خوێندنەوەیەکی بەردەوام لەسەری پێی گەیشتبوو. درێژەی شەڕ لە کوردستان و گۆڕانی هەڵوێستە سیاسییەکان لە نێو حیزبە چەپەکاندا، عوسمانی تووشی خوێندنەوەیەکی نوێ کرد سەبارەت بە وەزعی کوردستان و ئەرک و بەرپرسایەتی شۆڕشگێڕانی کورد.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەهید عومەری برا گەورەی کە بەداخەوە ساڵی ١٣٦٢ شەهید بوو، هێشتا زیندوو بوو، ئەو کادرێکی ئازا و دیار بوو لە نێو حیزبدا بە هۆی بریندارببوونی لە شەڕدا ئێسکی ڕانی شکابوو و لە گوندی گەرماو لە جێدا بوو. باوکی کۆنە دێموکراتێکی ناسراو بوو لەو تەمەنەدا بە بنەماڵەوە ڕێگەی شاخی گرتبوە بەر. ئەمانەو و دیتنی وەزعی کوردستان و هەڵوێستی حیزبە چەپە سەرانسەرییەکان، عوسمانیان هاندا بۆ ڕزگاری نەتەوە بندەستەکەی و زەحمەتکێشانی وڵاتەکەی کە خەمی بەردەوامی ئەو بوون لە ڕیزی پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دێموکراتدا درێژە بە تێکۆشان بدا.

عوسمانی پێشمەرگە، دانشجوویەکی خوێندەوار و خاوەنبیر، شۆڕشگێڕێکی فیداکار و گەنجێکی خۆنەویست بوو. لە تێگەیشتن و تێگەیاندندا مامۆستای هاوڕێیانی پێشمەرگەی، لە خزمەتکردن و پێراگەیشتندا لە هەموان ڕۆح سووکتر و لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی پێشمەرگانەدا لە هەموان ئەرک وەخۆگرتر بوو. خۆشەویستی بۆ خەڵک و ڕێزلێگرتنیان و مەودای پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییەکانی، زۆر زوو مەیدانێکی نوێی بۆ تێکۆشانێکی بەرپرسانەتریان بۆ کردەوە. تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کاک عوسمان، ئەویان کردبووە خۆشەویستی هەموو دڵسۆزانی حیزب و ئەمە وای کرد پلەکانی تەشکیلاتی یەک لە دوای یەک ببڕێ و بتوانێ لە مەیدانێکی بەرفراوانتردا دەربکەوێ.


ئەو لە هەموو ژیانی پێشمەرگانەیدا، چ وەک پێشمەرگە یا بەرپرسی پێشمەرگە لە سەنگەری پێشەوەی شەڕدا بوو. بریندارببوونی لە شەڕەکاندا دەکردە بەهانەیەک بۆ بەرزکردنەوەی وورەی هاوڕێکانی، و بۆ پێشمەرگە بریندارەکان دەبوو بە دوکتور و برین پێچ. ئەو هەرگیز ماندوو نەبوو یا نەیدەویست هەست بە ماندوو بوونەکانی بکرێ. باوەڕی وابوو مرۆڤی ماندوو لە جێیەکدا دەوەستێ و پەکی دەکەوێ و ئەویش بیری لەوە نەدەکردەوە و بە هەموو باوەڕیەوە دژی ماندوو کردنەکان دەوەستایەوە. ئەو پیاوێک بوو بە پێوە چونکە لە هەموو سەنگەرەکانی خەباتدا لە پێشەوە بوو. لەگەڵ ئەو هەموو سەربوردەی لە ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتیدا هەیبوو، هەرگیز باسەکانی وەها نەدەکردن کە هەست بکەی تاریفی خۆی دەکا یا باسێک لە خۆی دەگێڕێتەوە. ئەو باوەڕی بە ناخی ئینسانەکان هەبوو کاتێک قسەیان دەکرد، و پێی وابوو ڕاستییەکان لە ناخی ئینسانەکاندا شاردراونەوە و ئەوانەی تەزاهور دەکەن لە ناخیاندا نەخۆشن. زۆر جار پێی دەگوتم خۆ لەوانە بپارێزە بە پێکەنینەکانیان خۆت لێ نزیک دەکەنەوە و خۆشەویستییان دەردەبڕن، هەتا جارێک لێت تووڕە نەبن باوەڕیان پێ مەکە. ئەو هەموو کەسی خۆش نەدەویست و ڕقی لەوانە دەبووەوە کە درۆیان دەکرد و هەوڵیان دەدا ئاکارە ناحەزەکانیان بشارنەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاک عوسمان ئاوا گەورەبوو و گەورەتربوو، هەتا بەو گەورەییەوە بمرێ کە وەک نەمران یـادی بکـرێتەوە. مەخـابن لە سـاتەوەختێکدا کە حیـزبەکەی و گەلەکەی دەبـوو دەسکەوتی زیـاتر لە سی سـاڵ تێکۆشـانی پـڕ ئەزمـوونی ئەو بچننەوە و وەک سەرکردەیەک ڕێنوێن و ڕێ نیشاندەریان بێ بەرەو داهـاتوویەکی پـڕ سـەروەری، هەموانی بە چـاوی پڕ لە فرمێسک و دڵی بە خەمەوە بە جێ هێشت. یادی بەرز و بەڕێز بێ.

١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٧





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مرۆڤێک ئاوێتەی خۆر و خاک



**ڕەزا محەممەدئەمینی**

### لە یادی دە ساڵەی کۆچی هەمیشەیی کاک عوسمانی ڕەحیمیدا

دە ساڵ لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا وەک ساتەوەختێک و چاوترووکاندنێک و بگرە کەمتریش وایە، بەڵام بۆ مرۆڤەکان کە تەمەنیان هەر چەند دەهەیەکە، دە ساڵ تەمەنێکی کەم نییە. بۆ مەگەر مرۆڤ چەند دەیە دەژی کە دە ساڵ بە کەم بزانێ!؟ لە ژیاندا زۆر هۆکاری تایبەت بە کەسایەتیی تاکەکان هەن کە دەتوانن لەسەر چۆنیەتی ژیانی مرۆڤەکان، بە خۆشیی و نەهامەتییەکانیشیەوە شوێندانەر بن. بەو حاڵەش بێگومان کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو، ئازاد و بەدوور لە دواکەوتوویی لە هەموو بوارەکاندا دەتوانێ بەستێنێکی باش و لەبار بێ بۆ گەشەکردنی تاکەکان و ئاسوودەیی و تام و چێژ وەرگرتن لە سات بە ساتەکانی ئەو تەمەنە کورتە کە بە دیاری دراوە بە مرۆڤەکان؛ بەڵام ئەگەر کۆمەڵگاکە نەک هەر دواکەوتوو، بگرە ژێردەستە و داگیرکراویش بێ، دەکرێ تاکەکان هەست بە خۆشبەختی و ئاسوودەیی بکەن؟

لە ڕاستیدا مرۆڤ تەنیا گیانلەبەرێکە کە پاش گەیشتن بە قۆناغەکانی خۆناسین، دەزانێ ژیان بە هەموو خۆشی و تاڵی و سوێرییەکانییەوە، بە هەموو سەرکەوتن و کێشە و نەهامەتیەکانییەوە، کاتییە و وەک چۆن ڕۆژێک لەدایک بووە و پێی ناوەتە سەر ئەو پیرە زەوییە، ڕۆژێکیش دەبێ بگەڕێتەوە نێو ناخی خاک و ماڵاوایی لە هەموو خۆشی و ناخۆشیی و نەهامەتی و هیوا و خۆشەویستانی بکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو کەسانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر خۆشبەختی و ئاسوودەبوونی مرۆڤەکان ئامانج بن، خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، کوێرەوەری و دەربەدەری و تەنانەت سەر و گیان و ماڵ دانان لە پێناو ئەو ئامانجەدا، واتە بەختەوەریی مرۆڤەکان و رزگاریی کۆمەڵگا، خۆی لە خۆیدا بەختەوەرییە. خەبات لە پێناو چەوساوەکان، بەدژی داگیرکەران و دیکتاتۆڕەکان و ملهوڕانی مێژوو و تێکۆشان بۆ سازدانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر کە لەودا چەوسانەوە لە هەموو شێوەکانیدا خاشەبڕ بکرێ، ئاواتێکی ئینسانی و خەباتێکی پیرۆزە لە پێناو چەمکی "بەختەوەری"دا.

کاک عوسمانی ڕەحیمی یەکێک لەو کەسانە بوو کە بێوچان هەتا دوایین هەناسەکانی ژیانی، لە خەبات بۆ بەختەوەریی نەتەوە ستەملێکراوەکەی نەوەستاو سەربەرزانە سەری نایەوە. کاک عوسمان باوەڕی وابوو خەبات بۆ ئازادی و بەختەوەریی نەتەوەکەی هاوتەریبە لەگەڵ ئەو چەمکە و ئەگەر رزگاری و بەختەوەریی نەتەوەکەشی نەبینێ، ئەوا ئەو، دەستەو ئەژنۆ و بێلایەن دانەنیشتووە، بەڵکوو هەڵوێستی هەبووە و لە پێناو بەختەوەری و سەربەرزی و ئازادیی مرۆڤەکاندا هەنگاوی هەڵێناوە. کاک عوسمان باش دەیزانی دەتوانێ وەک زۆربەی خەڵکی دیکە بێلایەن بێ، گوێی خۆی کپ کا و چاوی لە زوڵم و زۆری و زۆردار و داگیرکەرانی وڵاتەکەیدا بنووقێنی و بڵێ، بۆ هەر ئەمن؟! بۆ ئەمن ئەو تەمەنە کورتەم بە شاخ و داخانەوە بە فیڕۆ بدەم و هەمیشە گیانم لە مەترسیدا بێ، ئەدی بۆ خەڵکی دیکە خەمی بەختەوەریی نەتەوەکەیان بەکۆڵدا نادەن و نایەنە مەیدانی خەبات؟ بەڵام ئەو پرسیارانە نەک هەر کاک عوسمانی لە ڕێبازە پیرۆزەکەی دوور نەکردەوە، بەڵکوو ئەوی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە هەمیشە دەبێ کەسانێک وەک ئەو هەبن ببن بە سووتمانی ئازادی و ڕێنیشاندەری گەلەکەیان. کاک عوسمان خۆی بە بەختەوەر دەزانی کە ڕێگاو ڕێبازی شەهیدانی رزگاری نەتەوەکەمان، بەتایبەت پێشەوای حیزبی دێمۆکرات کوردستان و نەتەوەی کوردی گرتۆتە بەر.

کاک عوسمان لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی ماماوەندی خۆشنێو و کوردپەروەر لە شارە جوانەکەی بانە لە دایک بوو. باوکی بەڕێزی، کاک حەمە ساڵە لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان بوو و پاشانیش بەهۆی پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە چەند جاران لە لایەن ساواکەوە زیندانی کرا. هەر بۆیەش کاک عوسمان هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ دیکتاتۆڕی و زەبروزەنگی دەسەڵاتی ئەوکات ئاشنا بوو. کاک عوسمان هێشتا مێرمنداڵێک بوو کە لە لایەک شۆڕشی رزگاریخوازانەی کوردستانی عێراق لە ئارا دابوو و لە لایەکی دیکەش جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٧ - ٤٦ لەلایەن تێکۆشەرانی دێمۆکرات گۆمی مەندی ئێرانی سەردەمی پاشایەتی شڵەژاند و ئەو هەستەی لە دڵ و دەروونیدا بەهێز کرد کە ئەو وەک کوردێک، جیاوازیی لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست لە ئێراندا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەیە و کورد نەتەوەیەکی جیاواز و زوڵملێکراو و ژێردەستەیە و ئەو مێرمنداڵەی تووشی خەم و خەفەتێکی تاقەتپڕووکێن و لەهەمان کاتدا ڕق و تووڕەییەکی لەبن‌نەهاتوو لە دەسەڵاتی ڕەشی پاشایەتی کردبوو. بە دوا ئەوەدا خەلیفە حەمەساڵحی باوکی لەلایەن ساواکەوە گیرا.

کاک عوسمان، لە ساڵانێکی وا هەستیاردا، کە شارەکەی و بنەماڵەکەی لە گێژاوی سیاسەت و زەبروزەنگی ساواکدا، زەمانیان تێپەڕ دەکرد، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی لە شاری بانە بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێهێنا. ئەو کە یەکێک لە خوێندکارە سەرکەوتووەکانی بانە بوو، دوای بەشداری کردن لە کۆنکووری سەراسەری لە ڕشتەی پزیشکیی زانکۆی شیراز وەرگیراو پاییزی ساڵی ١٣٥٣ بۆ درێژەی خوێندن بەرەو شیراز وەڕێکەوت. بەڵام هۆگریی ئەو بە سیاسەت و تێکەڵبوون لەگەڵ کۆڕی خەباتگێڕانی بزووتنەوەی خوێندکاریی، هانی دا کە ساڵی دواتر واتە ساڵی ١٣٥٤ بۆ ئەوەی بتوانێ بگەڕێتەوە تاران، بۆ درێژەی خوێندن خۆی گواستەوە بۆ دانشکەدەی داмپزیشکیی تاران. ئەوەش سەرەتایەکی باش بوو بۆ ئەوەیکە بتوانێ مەیدانێکی ئاوەڵاتر بۆ کارێکی جیددیتر لە پێناو خەبات بۆ فکر و ئامانجەکانی ببینێتەوە.

هاوڕێ کاک عوسمان هەر لەو سەروبەندەدا لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆ و بیروبۆچوونە سیاسییەکانی ئەو کات کە زۆرتر لە چوارچێوەی مارکسیزم و بیروبۆچوونی چەپدا پۆلین دەکران ئاشنا بوو و کەوتە ژێر کاریگەرییان. ئەو لە لایەک وەک لاوێکی کورد دژی ڕێژیمی کوردکوژیی حەمەڕەزا شادا بوو و لە لایەکی دیکەش باوەڕی بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و لەنێوبردنی هەرچەشنە چەوسانەوەیەکی کرێکاران و چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵ بوو؛ هەر بۆیەش لەگەڵ دەسپێکردنی شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ و پەرەسەندنی خۆپیشاندانەکان لە تاران و باقی شارەکانی ئێراندا بە دژی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی، کاک عوسمان هەتا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە، بەشداریی چالاکانەی لە خۆپێشاندانەکاندا کرد. لە دوای سەرکەوتنی شۆرش هەتا ساڵی ٦٠ کاک عوسمان وەک لاوێک کە باوەڕی بە مارکسیزم و بیروبۆچوونی "چەپ" هەبوو وەک ئەندامی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران درێژەی بە کار و چالاکییە سیاسییەکانی خۆی لە کوردستاندا.

لەو ماوەیەدا و بەتایبەت لە دوای هێرشی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر کوردستان و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵک لە شارو گوندەکانی وڵاتە ژێردەستەکەمان، بەرەبەرە بۆچوونی کاک عوسمانی ڕەحیمی گۆڕانی بەسەرداهات. کاک عوسمانی لاو کە لە دەلاقەی "چەپ"ەوە هاتبووە نێو دونیای سیاسەت و خەبات، بەو ئاکامە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەیشت کە سوسیالیزم و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەمانی چەوسانەوەی ئینسانە زەحمەتکێشەکان لە وڵاتەکەمان خاشەبڕ ناکرێ، ئەگەر نەتەوەی کورد هەروا لەژێر ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەییدا بێ. ئەو بەدوای بەدیل و ڕێگە چارەیەکدا دەگەڕا کە هەم بتوانێ لە پێناو زەحمەتکێشاندا درێژە بە خەبات بدات و هەم تێبکۆشێ مافی زەوتکراوی نەتەوەی کورد دەستەبەر بکات، واتە تێکهەڵکێشێک لە خەباتی چینایەتی و خەباتی نەتەوایەتی؛ هەر بۆیەش پاش هەڵسەنگاندنێکی زۆر پێوەندی بە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە گرت و چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کرد. کاک عوسمان باش تێگەیشتبوو لە قۆناغی ئێستای خەباتدا کە بە قۆناغی خەباتی نەتەوەیی ـ دێمۆکراتیک (ملی ـ دمکراتیک) ناسرابوو، دەبێ نەتەوە بە هەموو پێکهاتە و چین و توێژەکانییەوە لە چنگ ستەمی نەتەوایەتی ڕزگاری بێ؛ لەهەمان کاتدا دەبێ خەبات بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتیش لەبیر نەکرێتەوە و ئەو دوو شێوە خەباتە لێکگرێ بدرێن و ئەوەی لەو قۆناغەدا چارەنووسسازە و گرینگترە، خەباتە بە دژی داگیرکەرانی کوردستان و ڕزگارکردنی وڵات و نەتەوەکەمان و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیەتی.

کاک عوسمانی ڕەحیمی هەر زۆر زوو بە هۆی لێهاتوویی و دلسۆزی و هەستی بێگەردی کوردانەی خۆی، توانی پلەکانی تەشکیلات بە سەرکەوتوویی ببڕێ. ئەو سەرەتا لە دەستەی زەربەتی هێزی ٨١ی شەهیدانی وێردی شاری بانە سازمان درا، پاشان بوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بانە. هەر لەو سەروبەندەدا واتە لە ساڵی ١٣٦٢ برا گەورەکەی کاک عوسمان، کاک عومری ڕەحیمی کە ئەو کات ئەندامی کۆمیتەی شارستان و ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو، شەهید کرا. شەهید بوونی کاک عومەر سەرەڕای ئەوەی زۆر بەداخ و بەژان بوو، نەبوو بە هۆی دڵساردبوونەوەی کاک عوسمان لە خەبات و ئەو زۆر بە گوڕوتینتر لە پێشوو درێژەی بە خەبات بە دژی داگیرکەرانی کوردستان دا. کاک عوسمان لە کۆنگرەی حەوتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و هەتا کۆنگرەی سێزدە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی درێژەی بە خەبات داو بەرپرسایەتی جۆراوجۆری وەک بەرپرسیی کۆمیتەی شارستانی بانە و بەرپرسی دەبیرخانە و بەرپرسی رادیۆ دەنگی کوردستانی پێئەسپێردرا. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کاک عوسمان بە لێهاتوویی خۆی توانی ئەرکەکانی بە سەرکەوتوویی ڕاپەڕێنێ. ڕەنگە یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی کاک عوسمانی ڕەحیمی، بەشداربوونی بێ لە ڕاپەڕینی باشووری کوردستاندا. کاک عوسمان وێڕای پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزب زۆر بە نهێنی بەشداری لە هێرش بۆ سەر بنکەو بنیاتەکانی ڕێژیمی سەددام حوسێن لە شاری هەولێر و دەسبەسەرداگرتنی پارێزگا و باڵەخانەی ئەنجومەنی پارێزگادا دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاک عوسمان لە ساڵی ١٣٧١ رووی لە هەندەران کرد و چووە وڵاتی ئاڵمان، بەڵام پاش دوو ساڵ مانەوە لەو وڵاتە، سەرەڕای وەرگرتنی مافی پەنابەری و لەگەڵ ئەوەی دەیتوانی بۆ هەمیشە لەوێ نیشتەجێ بێ، گەڕایەوە کوردستان و لە پێشوو بە گوڕوتینتر هاتەوە مەیدانی خەبات و درێژەی بە کار و چالاکییەکانی خۆیدا.

نووسەری ئەو دێڕانە سەرەڕای ئەوەی ناوناوبانگی بەڕێز کاک عوسمانی ڕەحیمی زۆر لەمێژ بوو بیستبوو، بەڵام بۆ یەکەمجار پاش یەکگرتنەوەی بنەماڵەی دێمۆکرات لە ی١٩ بەفرانباری ساڵی ١٣٧٥ چاوی بە کاک عوسمان کەوت و پاشان لە کۆمیسیۆنی ڕادیۆ و لە دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "کوردستان"دا شانازیی هاوکاربوونی لەگاڵ پێبڕا.
کاک عوسمان لە کارەکانیدا زۆر جیددی و بە دیسیپلین بوو، لە نووسین و وەرگێڕان دا لەڕادەبەدەر وردبین و "خێرانووس" و کارامە بوو. لە دۆستایەتی و هەڵسووکەوت لەگەڵ هاوڕێیانی و لە کۆڕو کۆبوونەوە نافەرمییەکاندا زۆر گەرموگوڕ و قسەخۆش و نوکتەزان و لەبەردڵان بوو. بەڕاستی هەر کەس کاک عوسمانی ڕەحیمی ناسیبا دەزانێ تەواوی تایبەتمەندییە بەرزە ئینسانییەکان لەودا کۆبوونەتەوە.

خەڵکخۆشەویست، خاکەڕایی و بە دوور لە خۆ بەزلزانی بوو. سەرەڕای ئەوەی لە زۆربەی بوارەکاندا بە چەند قات لە زۆربەی ئەوانەی کە تەنانەت پلەی تەشکیلاتیان لەوی لەسەرتر بوو زاناترو کارامەتر بوو، قەت خۆی لەسەر هاوڕێیانی نەدەگرت و ئەگەر شتێکی زانیبایە، یان هەڵەیەکی لە هاوڕێیەکی حیزبی دا دیبایە بەبێ ئەوەی بەرانبەرەکەی هەست بە خۆشکاندنەوە بکات، هەڵەکەی بۆ ڕاست دەکردەوە و ئەوەی دەیزانی فێری دەکرد.

کاک عوسمان لە دوای کۆنگرەی ١٣ و لەت بوونی حیزبی دێمۆکرات، وێڕای بەداخبوونی لەو ڕووداوە، هەمیشە ئاواتی یەکڕیزی و یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی لەدڵیدا بوو، ئەوانەی لە نیزیکەوە کاک عوسمانیان دەناسی دەیانزانی کە ئەو مرۆڤە پاک و بێگەردە ئەوەی مەبەستی نەبێ، پلە و پایەی حیزبییە، کاک عوسمان لە سەرووی پێگەی تەشکیلاتییەوە دەیڕوانییە خەبات و خزمەت بە حیزب و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی، هەر بۆیەش لە کۆنگرەی ١٣ی حیزب لەپاش ئەوەی بە هۆی دەستەبەندی جیناحییەوە لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردنەکان دەنگی پێویستی نەهێنایەوە، سەرەڕای وادە و بەڵێنییەکان، بۆ دەوری دووهەم خۆی کاندیدای کۆمیتەی ناوەندی نەکردەوە و پاش کۆتایی کۆنگرە وەک کادری حیزب درێژەی بە کار و خەبات دا و بوو بە بەرپرسیی "ئەنجوومەنی مافی مرۆڤ". لە دوای لەتبوونی حیزبیش کاک عوسمان وەک ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەستنیشان کرا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زۆر بەداخەوە کاک عوسمان لە ٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٦ی هەتاوی بەرانبەر بە ١١ی سیپتامبری ٢٠٠٧ی زایینی لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا بەهۆی ڕاوەستانی دڵ کۆچیدوایی لێکردین و حیزب و هاوڕێیانی و بنەماڵەی بەڕێزی، خاتوو پەخشان و جگەرگۆشەکانی سامان و سوورکێو و سنووری لە بوونی خۆی بێبەری کرد.

مەرگی لەناکاوی کاک عوسمان نەک هەر دوست و هاوڕێیانی، بەڵکوو نەیارانی سیاسیشی تاسەبار کرد. ئەو بە ئارامی و ڕەنگە بەبێ ئێش و دەرد مەرگی لە ئامێز گرتبێ، بەڵام ئێش و دەرد و کەسەری مەرگی خۆی بۆ بنەماڵەی بەڕێزی و هاوڕێ و دۆستانی و هەموو ئۆگرانی حیزبی دێمۆکرات بەجێ هێشت.

ئێمە لە کاتێکدا یادی دە ساڵەی کۆچی ناوادە و دڵتەزێنی کاک عوسمانی ڕەحیمی بەرز و بەڕێز ڕادەگرین کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا شاری خۆڕاگری بانە، شارە جوانەکەی کاک عوسمان و شەهیدانی وێردی و دەیان شەهیدی سەربەرزی ئەو شارە، لە ئاست تاوانی کوژرانی کۆڵبەرانی کورد بە دەستی هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری پەت و سێدارە ڕاپەڕین و نیشانیان دا کوردستان و خەڵکی خۆڕاگری بانە لە ئاست کردەوە دژی گەلییەکانی ئەو ڕێژیمەدا بێدەنگ نابن.

یاد و ناو و ڕێبازە پیرۆزەکەت هەمیشە لە دڵمان دایە کاک عوسمان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕێورەسمی بە خاک سپاردن و پرسەی نەمر عوسمان ڕەحیمی و وتەکانی چەند کەسایەتی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




کاتژمێر ١ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢١ی خەرمانان تەرمی تێکۆشەر و ڕووناکبیری کورد و حیزبەکەمان کاک عوسمانی ڕەحیمی لە کاتێکدا لە ئاڵای پیرۆزی کوردستان پێچرابوو، لە نێو خەم و پەژارەی بنەماڵەو کەسوکار و دۆستانی و بە بەشداریی سەدان کەس بریتی لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادرو پێشمەرگەگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بنەماڵەکانیان و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان بەرەو گۆڕستانی شەهیدانی حیزب هاوڕێیەتی کراو دوا ماڵاوایی لێ کراو بە خاکی پیرۆزی نیشتمان ئەسپێردرا.

شایانی باسە کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆیش ڕێورەسمی پرسە و سەرەخۆشیی نەمر عوسمان ڕەحیمی لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی سەر بە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڕێوە چوو. لەو ڕێورەسمە ماتەمینە کەم وێنەیەدا هەزاران کەس بریتی لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکان و کەسایەتی یە حکوومی و زانستی و کۆمەڵایەتی و هونەری یەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و ژمارە یەکی زۆر لە خەڵکی شاری کۆیە و دەوروبەر و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان بەشدار بوون.

لە سەرەتای ڕێورەسمەکەدا تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێمۆکرات، کاک جەلیلی گادانی لە سەر رابردووی پڕ لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەروەری و کەسایەتیی بەرزی کاک عوسمان وتەیەکی پێشکەش بە بەشداران کرد. بە دوای ئەودا دوو پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هاوسەری خۆشەویستی کاک عوسمان، خاتوو پەخشانی فەلسەفی لە لایەن بەڕێز کاک قادر وریاوە خوێندرایەوە.

**پاشان ئەو لایەن و کەسایەتییانەی خوارەوە پەیامی سەرەخۆشی و هاودەردییان پێشکەش کرد:**

* کاک حوسێن یەزدانپەنا، جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان،
* کاک عەبدوڵڵای موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان،
* کاک بابا شێخ حوسێنی، سکرتێری ڕێکخراوی خەباتی کوردستان،
* کاک سەلاحی موهتەدی،
* زانکۆی کۆیەو شاندی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێران، بەشداری کۆڕی ماتەمینی کاک عوسمانی ڕەحیمی بوون.

پێویستە بگوترێ بە بۆنەی کۆچی بێوادەی هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی یەوە ژمارەیەکی زۆر لە هێزو لایەن و ڕێکخراوە کوردی یەکان پەیامی پرسە و سەرەخۆشی یان نارد. هەروەها تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب لە دەرەوە و لە نێوخۆی وڵاتەوە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە پەیامی هاودەردی یان بۆ حیزبی دیموکرات و بنەماڵەی سەربەرزی کاک عوسمان ناردوە.





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## وتەکانی چەند کەسایەتی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

### لە ڕێورەسمی پرسە و سەرەخۆشیی کاک عوسمان ڕەحیمی دا

### وتەکانی بەڕێز کاک جەلیل گادانی راوێژکاری دەفتەری سیاسی



لە ڕێورەسمی پرسە و سەرەخۆشیی کاک عوسمان ڕەحیمی دا

بەڕێزان! لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بەخێرهاتننتان دەکەم. هیوادارم جارێکی دیکە بەو دەستوورە لە دەوری یەک کۆ نەبینەوە و عزیزانێکی وەک ئەو هاورێ خەباتکارو نەبەز و خۆشەویستەمان لە دەست نەدەین کە لەو پەڕی دڵنیایی لە سەرکەوتن بەداخەوە کۆچی ناوەختی کردء جێی هێشتین. ئیزن دەخوازم کورتەیەک لە ژیانی کاک عوسمان ڕەحیمی تان پێشکەش بکەم:

کاک عوسمان لە ساڵی ١٣٣٥ ه. لە شاری بانە لە بنەماڵەیەکی بە مەعنای واقیعیی کەلیمە نیشتمانپەروەر هاتە دنیا. لە ئامێزی دایک و بابێکی کورد و دێموکرات دا پێگەیشت. چونکە بابی لە سەردەمی کۆمار پێشمەرگەیەکی ئازای کۆمارە ساواکەی کوردستان بوو، دوای کۆماریش چەندین جار تووشی دەربەدەری هات و چەندین جار کەوتە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زینـدانی شـا، بەڵام کـۆڵنەدەرانە و خـۆراگرانە مـن وەک شـاهێدێکی زینـدوو لە بەنـدی فلـک الافلاک و جەڵـدیان ئیفتخاری هاوبەندیم دەگەڵی هەبوو هەرگیز بۆ لەحزەیەکیش سەری بۆ دوژمنـانی ئـازادی و گەل و نیشتمان شۆڕ نەکرد. کـاک عوسمان لە سـاڵی ۱۳۵۷دا کە خوینـدکارێکی وریـای زانکۆی دامپزشکی بـوو لە سـاڵی پێنجەم دا لە دانشگای تـاران دەرسی دەخوێند چی وای نەمابوو بە پایانی بگەیەنێ کە هەستی نیشتمانپەروەری و ئینساندۆستی و بێزاری لە حکوومەتی پەهلەوی هەر لەو کاتەدا بەو پەری کۆششەوە دەرسەکەی درێژە دەدا واریـدی سەفی خەبـات بوو و هەمیشە لە ریزی پێشەوەی خۆپێشاندانەکاندا حازر و ئامادە بوو. بەوەش ئیکتفای نەکرد و چووە شاری بـانە و شان بە شانی باوک، براکان و هاورێیانی ئەو ئەرکەی تا سەرحەددی سەرکەوتنی شۆڕش بەجێ گەیاند.

هەستی نیشتمانپەروەری و تێکۆشان لە پێناوی ئازادی دا لە کاک عوسمان دا ئەوەندە بەهێز بوو نەتەنیـا خوێنـدن بەڵکوو لە یەکەم رۆژەکانی هاتنە سەرکاری ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامی دا شان بە شانی براکان و هاوڕآکانی شاری بە جێهێشت و هاتە نێو ریزی خەبـاتی پێشمەرگایەتی یەوە. لە خەبـاتی پێشمەرگایەتی دا نموونەیەکی ئـازا لە خۆراگری، لە تەوازوع، لە هەستی دڵسۆزی بۆ جوتیاران و زەحمەتکێشانی نـاوچە بـوو. بە ئەنـدازەیەک تەوازوعی بوو زۆر جار لە عەینی حال دا کە بەرپرسایەتیی لە سەر شان بوو حەزی نەدەکرد وەپێش هاورێکـانی موسین تـر لە خۆی بکەوێ. حەزی نەدەکرد وەک بەرپرس بـی نـاسن. بـۆ ئەو وشـەی پێشمەرگایەتی گەورەتـرین شـانازی بـوو. هەر لەسـەر ئەو بۆچـوونە لەسـەر ئەو میـزانە زانستە کە هەیبـوو پەرەی بە زانستی زیـاتری خۆیـدا بە عینـوانی دێموکراتێکی واقعی هەمیشە لە جەلەساتی حیزبی دا وەک سوخەنوەرێک نەزەراتی خۆی دێنـا گـۆڕێ. کـاک عوسمان هەر ئەوەندە کە لە مەیدانی نەبەرددا فەردێکی دڵسۆزو ئـازا بـوو لە مەیـدانی سیاسـەتیش دا سـەراحەتی لەهجەی هەبووء بوێرانە مەسائیلی مەترح دەکرد دڵسۆزانە رەخنەی دەگرتء نەتیجەی لە قسەکانی بە شێوەیەک دەگـرت کە تەنـانەت ئەو کەسـەی کە رەخنەشـی لێـدەگرت لە دوان و کەلامـی کـاک عوسـمان دڵخـۆش دەبـوو. لە نتیجەی ئەو تێکۆشان و خوو خەسلەتە ئینسانی یە دا بوو کە لە کۆنگرەی حەوتەم دا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەنـدیی حیزبـی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا. کاتێک بە بۆنەی سەرکەوتنەکەی پیرۆزبایی مان لێدەکرد دەیگووت هەر ئەوەندە بۆ من شانازیە کە وەک پێشمەرگەیەک جێگای برای شەهید عومەرم گرتۆتەوە کە ئەویش ساڵێک دوو ساڵ پێش تـر لە سەنگەری خەبات لە کاتی کۆنفرانسی حیزبیی مەنتەقەدا بە پریشکی خۆمپارەی دوژمنی خوێن خۆر شەهید بوو. کـاک عـومەر ئەو کـات ئەنـدامی کـۆمیتەی حیـزب لە بـانە بـوو، خـوو و خەسـلەت و بۆچـوونی دەگەڵ ئەو کـاتی پێشمەرگەیەکی سادە بوو فەرقی نەبوو یانی روحی دێموکراسییەت و رووحی تەوازوع لە هەموو ئەبعادی خۆیـدا لەو هاوڕێیەی ئێمەدا وجوودی هەبوو. کـاک عوسمان بڕوایەکـی قـووڵی بە سـەرکەوتن هەبـوو. لە موقـابیل عەزەمەتـی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

فکریی پێشمەرگە دا دوژمنی بەهیچ شتێک حیساب نەدەکرد. لە دو کەلیمەدا ترس بۆ کاک عوسمان مەترەح نەبوو- ئیحتیات لە جێی خۆیدا. ترس بە هیچ وجهە نەیدەتوانی لە حادترین شەرایەت دا بەسەر کاک عوسماندا زاڵ بێت. کاک عوسمان هەموو کات لەگەڵ ئەوەی کە حەزی دەکرد ئەوەی دەیزانی بە سادەترین پێشمەرگە و کادری حیزبی مونتەقیل بکات، بۆخۆشی بە دڵگەرمیی تەواوەوە هەموو کاتی بێکاری خەریکی موتالیعە و فێربوون بوو بەو مەعنایە کە بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کە ئەوەی دەیزانی فێری هاوڕێیانی کاو ئەوەی نایزانی بێ پەروایانە و بە شەهامەتەوە فێری بێ. بۆیە کاک عوسمان ڕەحیمی لە واقیع دا ببوو بە یەکی لە نوخبەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە هەموو مەقتەحێک دا هیوایەکی بەرزی پێی هەبوو. کاک عوسمان هەر مەسئولییەتێک کە پێی ئەسپاردرابایە قەبووڵی نەدەکرد یان ئەگەر قبووڵی کردبا بە دڵسۆزی یەوە ئەنجامی دەدا. حەسانەوە و ئاسایش لە پێناو ئەنجامی ئەرکی حیزبی و فیداکاری لە ڕێگای ڕزگاریی نیشتماندا بۆ کاک عوسمان ڕەحیمی مەعنا و مەفهوومی نەبوو، شەو و ڕۆژ لە ڕوانگەی کاک عوسمانەوە یەکسان بوو. تا کاری حیزبیی هەبایە مەحاڵ بوو بە کارێکی شەخسی، تەنانەت بە کاری مالێش ڕابگا. کاک عوسمان لە ژێر کاریگەریی هاوڕێیانی دا هاتە سەر ئەو باوەڕە ئیزدواج بکا. بە خۆشی یەوە لەگەڵ خوشکی بەڕێزمان پەخشان خان ئیزدواجی کرد. لەگەڵ ئەوەی ژیانی سادەی پێشمەرگایەتیی دەگوزەراند بەڵام تەفاهوم و پەزیرایی و گەورە دڵی لەو ماڵە دەباری. من لە ژیانی خۆم دا کەسم نەدیوە کە ئاوا بێ ئیمکان بێ بەڵام ئاوا دڵ ئاوەڵە و دەست و دڵباز بێ.

میوان بۆ ئەو خۆشەویست ترین کەس بوو بە باشترین شێوە چ لەلایەن خوشکە پەخشان چ لەلایەن خۆیەوە وەردەگیرا و پەزیرایی لێدەکرا. خەسلەتێکی لەو بارەیەوە بە مەعنای واقیعیی وشە حاتەمانەی هەبوو. کاک عوسمان هەموو ئەو بەرپرسایەتیانەی کە قبووڵی کردوون، بە لە سەرەخۆیی و هێمنی ئەنجامی داون. کاتێک وەک ئەندامی ڕێبەریی حیزب بە فەرمانی کۆمیتەی ناوەندی سەفەری دەرێی کرد لە ئاڵمان لە کەمپ دا دەژیا، من لەوێ لە نزیکەوە دیتم کە لە خراپ ترین وەزعدا دەژیا، بەڵام ورەی ئەو ئینسانە بە نیسبەت زەمانی پێشمەرگایەتی یەک زەڕرە فەرقی نەکرد بوو. بەڵام دەیگووت ئێستا نیشتمان بۆ من عزیزترە و ئێستا پێشمەرگە بۆ من خۆشەویست ترە و کوردستان لەلام لە هەموو دنیا عەزیزترە. دوای ئەوەی ئیقامەی وەرگرت بەو پەڕی شانازی یەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان، دەگەڵ ئەوەی ئیمکانی هەبوو سەفەری دەرەوە بکا تەنانەت بۆ یەکجاریش سەفەری دەرەوەی نەکردەوە. ئەو پێی وابوو ئەو کاتەی لە نێو پێشمەرگە دایە و لە نێو کەمپ یا مقەڕی پێشمەرگە دا دەمێنێتەوە خۆشترین ژیانی هەیە و گەورەترین لەززەتە بۆ ئەو. بەڵێ ئێمە ئینسانێکی ئاوا گەورە و ئاوا بەڕێزمان لە نێوخۆماندا دەدیت. هەم لە نەزەر پێشمەرگە و هەم لە ڕوانگەی کادرەکانی حیزبەوە تا ئاخرین دەرەجە حورمەتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مەحفوز بوو و وەک برایەکی خۆسەویست هەمیشە لە مێزی خۆشەویستی و عزیزانی دایە. کاک عوسمان لەو مەقتەعەی دوایی داو دوای لێک دابڕان کە دەتوانم بڵێم گەلێک ئەو لێک دابڕانەی پێ ناخۆش بوو هەموو خوشک و برایان شاهیدن کە ماڵەکەی وەک تەکیە و خانەقای لێ هاتبوو و هەرگیز پێوەندیی لەگەڵ هاوڕێیانی ناوخۆ نەدەبڕی و لێیان غافل نەبووء لەحزەیەکیش لە ئەنجامی وەزیفەی حیزبی غافل نەبوو. حەتتا هێندێک جار هەر لەو ماوەیەدا جێگای نەبوو لێی دانیشێ، کە رۆژی دوو جار دەهات و دەچوو. ئەگەر ئێمە هەموومان دڵ بەخەم و خەمبارین بە بۆنەی ئەو هەمووە خەسلەتە عالی و ئینسانی یەوە بوو کە لە وجوودی دا هەبوو. کاک عوسمان وەک ئینسانێکی نموونە لەباری ماڵی یەوە حاتەم بوو لە باری پێشمەرگایەتی یەوە لەو پەڕی ئازایەتی دا لە باری سیاسی یەوە پڕ و تەسەل بوو. هاوڕێیانی مەشوەرەتیان پێدەکرد و دەبووا مەشوەرتیان پێکردبا. هەر بۆیەش لە ئاخرین لەحزە دا کە وەک راوێژکاری دەفتەری سیاسی ئەنجامی وەزیفەی دەکرد منیش ئیفتخاری هاوکارییم لەگەڵی هەبوو هەمیشە دەی پرسی کۆبوونەوەمان وەدوا نەکەوتوە؟ مەسەلەیەکی تازە نیە باسی لەسەر بکەین باسێک لە حاڵ و ئەحواڵی میللەتەکەمان بکەین. غافل نەبوو لە دەربڕینی هەست و فیدکاری و ئەوپەڕی خۆماندوو کردن لە پیناو حیزبە خۆشەویستەکەی دا. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو رووداوە دڵتەزێنەی سەکتەی قەلبی کە تووشی کاک عوسمان هات، خەمخۆری و گیانفیدایی لە پێناو بۆچوونی حیزبەکەی دا بوو. کاک عوسمان بەو رووحە گەورەی کە هەیبوو دڵنیام لە ئاخرین لەحزە دا تەوسیەی بۆ هاوڕێیانی ئەوە بووە کە بەو پەڕی ئینساف و تواناوە لە رێبازی رزگاریی نەتەوەکەیاندا و لە رێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دا تێبکۆشن و کۆڵ مەدەن و دڵنیای کردووین کە سەرکەوتن بۆ ئێمەیە و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانمانە.

لەلایەن دەفتەری سیاسی یەوە پڕ بەدڵ سەرەخۆشی بە خوشکە پەخشان و سێ کوڕپەکەی سامان و سورکێو و سنووری بچکۆلانە و برا بەرێز و خوشکە ئازیزەکانی و هەموو خەڵکی بانە بە تایبەتی و خەڵکی کوردستان بە گشتی دەکەین و بەڵێن دەدەین تا سەرکەوتن درێژەدەری رێگای عوسمان رەحیمی و رەحیمی یەکانء هەموو شەهیدانی رێگەی ئازادی و رزگاریی نیشتمان بین و سپاس بۆ ئێوەش بۆ گوی گرتنتان.

رەوانی هاوڕێی کۆچ کردوو و شەهیدمان کاک عوسمان و هەموو شەهیدان شاد و رێگایان پڕ رێبوار بێ.

سەرچاوە: نامیلکەی تایبەتنامەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەر کاک عوسمان رەحیمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## قسەکانی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی



سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان،

خوشک و برایانی بەڕێز! بنەماڵەی موحتەرەمی ڕەحیمی، هەموو میوانە بەڕێزەکان!

پێش هەموو شتێک لەلایەن خۆمەوەو هەموو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشی کوردستانی ئێرانەوە پڕ بە دڵ سەرەخۆشی لە خانەوادەی لە هاوسەری و لە منداڵەکانی و لە بنەماڵەی و هەروەها لە هەموو بەڕێزان، خوشک و برایانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەم، شەریکی خەمیانین. بە ڕاستییش کە خەبەرەکەمان بیست، زۆر خەبەرێکی ناخۆش و کتوپڕ بوو. بەڕاستی مەرگێکی ناوەخت بوو. کاک عوسمان ئینسانێکی تا بڵێی تێکۆشەر، تابڵێی موئەسیر بوو لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان و سیمایەکی خۆشەویست بوو لە نێو هەموو خەڵکی. بۆ ئێمە دۆستێکی زۆر چاک و خۆشەویست بوو کە بە تایبەت لە ساڵانی ئەخیردا زۆر لە یەک نزیک ببووینەوە، بۆ ئێمە جێی داخێکی زۆر زۆرە، بۆیە هیوادارم ناخۆشی و خەمی ئاخری خانەوادەی و کەس و کاری و خوشک و برایانی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێ، پڕ بە دڵ سەرەخۆشیتان لێ دەکەین. شەریکی خەمیانین، بآگومان ناوێکی زۆر چاکی لە پاش خۆی بەجێ هێشتوە، بەڵام دیارە کەلێنێکی گەورەشی لە نێو هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی بەجێ هێشتوە. بەڵام هیوادارین کە بە خەباتێکی زۆرتر، ئەو کەلێنە بتوانن پڕ کەنەوە و جارێکی دیش سەرەخۆشیتان لێدەکەم و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

سەرچاوە: نامیلکەی تایبەتنامەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەر کاک عوسمان ڕەحیمی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## دەقی قسەکانی کاک سەلاح موهتەدی کەسایەتی سیاسی



خوشک برایانی خۆشەویست! بۆ تێکۆشەرێکی دێرینی ڕێبازی خەباتی کوردایەتی، بۆ شۆرشگێری سەردەمی شاخ و سەردەمی بەرەنگاری، زۆر سەختە کە بە نەخۆشییەکی سادە و چکۆڵە و کتوپڕ هاورێ و هاواڵەکانی خۆی بەجێ بێڵێ. ئەو کەسەی کە دەبوو هەموو کەس پێی وابوو لە یەکێک لە سەنگەرە بێ ژمارەکانی کوردستان گیانی پاکی لەگەڵ هەزاران شەهیدی دیکە دەبێتە قۆچی قوربانی لە پێناو ئازادی و رزگاریی کوردستان، ئێستا لە دوورە وڵات و لە سەردەمێکی ئەمین و ئارام دا ئاوا بە ناکاو بە جێمان بێڵێ.

بەڵام من لە باتی ئەوە کە زیاتر بچمە سەر شەخسییەتی ئەو دۆست و ڕەفیقەی خۆم کاک عوسمان ڕەحیمی، دەمەوێ ئێوە وشیار بکەمەوە کە ئەو گورگە خەریکە کەوتۆتە نێو هەمووماں وەکوو مێگەلی مەڕ ئێمەش سەرمان داخستوە، ساڵێک ئاو دوو ئاو سێ ئاو دە نا و بیست نا، هەنگاوێک هەڵنایەنین بۆ ئەوەی ئەم بارە بگۆڕێن. لەو کاتەدا کە لە هەموو وەخت زیاتر ئیحتیاجمان بە یەکگرتوویی و پتەو بوونی ڕێزەکانمان هەیە، لەو کاتەدا لە هەموو وەخت زیاتر پرش و بڵاوین لەو کاتەدا کە پێویستمان بە بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی هەیە لەو کاتەدا هەمووماں خەریکی لە نێو بردن و تەفرەقە و دووبەرەکایەتین بەرانبەر بە یەکتر، لە هەموو دنیا دا لێقەوماں و لە ناخۆشی و سەختی دا خەڵک دەکەوێتە بیری چارەسەر. با ئەو ناخۆشی یە گەورە، ئەو کۆستە گەورەی ئەمجارەمان، بێتە هاندەرو هۆیەک بۆ ئەوەی بە خۆمان دا بێینەوە. دنیا ئاوا دمی کردۆتەوە، ڕووی کردۆتە وڵاتی ئێران، ڕووی کردۆتە ئەو جمهورییەی کە لە سایەی سەری ئەووە ئێمە هەمووماں ئاوارە و دەربەدەرین. بۆ یەکەم جارە هومێدی ئەوە پەیدا بووە کە گەلەکۆمەگی لێ بکرێ و دنیای لێ کۆبێتەوە، هەموو دنیا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لێی کۆبۆتەوەو گەلە کۆمەگی لێ دەکا، گەلەکەی خۆی نەبێ و لە نێو گەلەکەی خۆی گەلی کورد نەبێ. ئێمە نەتەنیا گەلەکۆمەگی ناکەین، ئێمە ڕیزی یەکگرتوویی جارانیشمان تێک دەدەین. من مەبەستم ئەوە نیە کە دەبێ تەواوی خەڵک لە یەک پارچە و لە یەک حیزب دا کۆبێتەوە ئەوە کەم لە دنیادا ڕوو دەدا و زۆریش پێویست نیە. بەڵام با ئێمە لە هەر حیزبێک داین لە هەر فراکسیۆنێک داین، لە هەر جێیەک دابین پێکەوە دۆستایەتی بکەین، پێکەوە هاوکاری بکەین. پێم وایە هەر ئێستا فرسەتێکی مناسب و هەلێکی زێرینە بۆ ئەوەی بیر لە بەرەی کوردستانی بکەینەوە. مەعنای ئەوە نیە خیلافاتی ئێمە، ناکۆکیی ئێمە هەتا دووبەرەکایەتیی ئێمە ببێتە کۆسپ لە سەر ڕێگەی یەکگرتنەوەمان. تەعەددیییەت و پلۆرالیزم لە گەڵ خۆی گەرای وەحدەتیش دێنێ. وەحدەتێک کە لە سەر بناغەی یەکتر قبول کردن بێ. لە سەر بناغەی ڕێز گرتن بێ لە یەکترو بەرنامەکانی یەکتر بەڵام کۆبوونەوە بێ لە سەر خاڵی هاوبەش. بۆیە پێم وایە گیانی پاکی کاک عوسمانی برادەرمان هاورێ دەگەڵ گیانی پاکی هەموو شەهیدەکانمان ئێستا لە هەموو کات زیاتر چاوەڕوانی ئێمەن، کە ئێمە هەنگاوێک بنێین بۆ یەکگرتنەوە، هەنگاوێک بنێین بۆ یەکگرتوویی، بۆ دانانی بەرەی کوردستانی. با حیزبەکان هەموو بە کاری حیزبایەتیی خۆیانەوە خەریک بن، با پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیان هەبێ. با هەموو خەباتی تایبەتی خۆیان بکەن. بەڵام بانتر و بەرزتر و مەزنتر لە هەموو، با بشتوانین بەرەیەکیش پێکەوە بنێین. هەرگیز ئەو بانگەوازە بەو مانایە نیە وەکوو جاری جاران بکەینە یەک وەتەن یەک نیشتمان یەک حیزب، ئەمە ئەفسانەیەکی کۆنەو تەواو بووە. بەڵام دەبێ بڵێین یەک نیشتمان یەک وڵات یەک میللەت، چەند حیزب بەڵام یەک بەرەی یەکگرتوو، یەک جبهەی واحید. هەر ئێستا بەشێکی زۆری بەرێوەبەران و مەسئولینی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لێرەن.

با هەر لێرەوە لە ڕۆژی ئەو خەمە گەورە دا گەرای یەکگرتنی نیشتمان بگوورێ، با ئێمە هەر لێرەوە پێکەوە قسە بکەین دەست لە نێو دەستی یەک بنێین و قەراری ئەوە بدەین نەیەڵین چی دیکە وەکوو عوسمان ڕەحیمی لە نامۆیی دا، لە غەریبی دا، لە دووره وەتەن دا، سەربنێینەوە و ئارەزووی ڕزگاری و سەربەرزیی کوردستان لەگەڵ خۆمان ببەینە ژێر گڵ. بەسە، کاتی ئەوە هاتوە هەموو خۆپەرستی و تەنانەت هەموو حیزب پەرستی، هەموو تەعەسوبێک، هەموو (تسلگ گلبی)یەک، هەموو پاوانخوازی یەک، کەم بکرێتەوەو کەم ڕەنگ بکرێتەوە بە قازانجی بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوو. من جارێکی دیکە سڵاو دەنێرم بۆ کاک عوسمان ڕەحیمی. سەرەخۆشی دەکەم لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی دەکەم لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرەخۆشی دەکەم لە بنەماڵەی کاک عوسمان و سەرەخۆشی دەکەم لە هەموو ئەو کەسانەی کە لە سەر ڕێبازی کاک عوسمان بوون و ئێمەمانان هەموو بەشێکین لەو خەڵکە. سەرەخۆشی دەکەم لە هەموو ئەو کەسانەی کە دڵیان بۆ ئازادی و ڕزگاری و


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەربەخۆیی کوردستان لێ دە دا. سوپاس بۆ ئەوەی ڕێگەتان دام و سوپاس بۆ ئەوەی گوێتان گرت بۆ ئەو هاوارە، کە هیوادارم گوێگرتنێک بێ پڕ بە دڵ و هیوادارم سەرەتایەک بێ بۆ بیرکردنەوە. سوپاس بۆ هەمووتان.

سەرچاوە: نامیلکەی تایبەتنامەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەر کاک عوسمان ڕەحیمی

---





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بابا شێخ حوسێنی



سکرتێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

**ئێمە کۆچی دوایی کاک عوسمان ڕەحیمی بە خەسارێکی گەورە دەزانین**

ئامادە بووانی بەڕێز، برایان، خوشکان!

بە ناوی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشیی گەرم پێشکێش بە کەسوکاری کاک عوسمانی ڕەحیمی دەکەم و هەروەها سەرەخۆشی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕادەگەیەنم بێ گومان کۆچی کاک عوسمان ناوەخت بوو بۆ وەی ئەو بەڕێزە هیواو ئومیدێکی زۆری هەبوو بە ئازادی، زۆر دڵخۆش بوو کە ڕۆژێک هەموو پێکەوە بگەڕێینەوە نیشتمانی ئازاد، نیشتمانێک کە دوور بێ لە سەرکوت و چەوسانەوە. ئەوەندەی ئێمە بیرەوەریمان هەبێ لە کاک عوسمان، کەسایەتییەکی سیاسی، تێکۆشەرێکی ماندوونەناس، نەک تەنیا لە مەیدانی نووسین و کاری تەشکیلاتی دا، من بۆ خۆم لە نێوخۆیی کوردستان، ئەو کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ئاخوندی هەبوو، کاک عوسمانم لە نزیکەوە دەبینی و دەمناسی کە لە مەیدانی نیزامییشدا کەسایەتییەکی چالاک و فەرماندەیەکی لێهاتوو بوو. بێ گومان کۆچی دوایی کاک عوسمان خەسارەتێکی گەورە بووە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی و لە جووڵانەوەی کورد بە تێکڕا. کاک عوسمان نەک تەنیا دەگەڵ ئەندامانء لایەنگران و کەسایەتییەکان لە حیزبی دێموکراتدا، نێوان خۆشی و پێوەندیی گەرمی هەبووە بەڵکو وەکوو دەگەڵ ئەندامانی حیزبی دێموکرات گەرم بوو لەگەڵ تێکڕای تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی، باقیی چالاکە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سیاسییەکان لە ریـزی هێـزە سیاسـییەکانی دیـکەی پـارچەکـانی کوردسـتان و کوردسـتانی ئێـران گەرموگـوڕ بـوو و پێوەنـدییەکی دۆستانەی هەبـوو. بـۆیە ئێمە کـۆچی دوایـی کـاک عوسمان ڕەحیمی بە خەسارێکی گەورە دەزانـین و جارێکی تر سەرەخۆشیی گەرم پێشکێش بە کەسوکاری، بە حیزبـی دێـموکراتی کوردسـتان رادەگەیەنـین، هیـوادارین ڕێگەی پڕ ڕێبوار بێ و هیواکانی کاک عوسمان و هەموو ڕێبوارانی ڕێگەی ئازادی بە رووخانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندی و هاتنەدیی ئازادی بێتەدی .

زۆر سوپاس.

سەرچاوە: ناميلكەی تایبەتنامەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەر کاک عوسمان ڕەحیمی





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حوسێن یەزدانپەنا



جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان

مرۆڤی خاوەن پەیام هەرگیز نامرێ، ئەو مرۆڤانەی کە خاوەنی پەیامن تەنیا بە رواڵەت و بە جەستە کۆچ دەکەن و لە پەیام و لە ڕێبازیاندا زیندوو دەمێننەوە.

خوشک و برایانی بەڕێز لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بنەماڵەی شەهید کاک عوسمان ڕەحیمی، خوشکان، برایانی بەڕێز!

لە لایەن بەڕێز کاک عەلی قازی سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان و بە ناوی هەموو تێکۆشەرانی ڕیزەکانی پارتی ئازادیی کوردستان، لەم کۆستە ناخۆشەدا پڕ بەدڵ سەرەخۆشیتان پێشکیش دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین. خوشک و برایانی بەڕێز! هەموو مرۆڤێک ڕۆژێک لە دایک دەبێ و ڕۆژێک کۆچی دوایی دەکا. کاک عوسمانیش بەدەر لەو یاسا گشتییە نەبوو و ئەگەر ڕۆژێ لە دایک ببوو ڕۆژێکیش دەبوو کۆچی بکردبایە.

بەڵام کۆچی دوایی کاک عوسمان، لە دوو ڕووەوە بۆ هەمووومان بە ئازار و ئێشە. یەکەم ئەوەی کە گەلی کورد تێکۆشەرێکی بەوەج و لێهاتووی لە دەست دا کە لە هەرەتی لاوی یەوە ژیانی خۆی خستە پێناو ئازادی یەوە، هەروەها مەرگی کاک عوسمان کتوپڕ و بێ وەخت بوو و کاتی کۆچ و ماڵئاوایی کاک عوسمان نەبوو. بەڵام مرۆڤی خاوەن پەیام هەرگیز نامرێ، ئەو مرۆڤانەی کە خاوەنی پەیامن تەنیا بە رواڵەت و بە جەستە کۆچ دەکەن و لە




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پەیام و لە ڕێبازیاندا زیندوو دەمێننەوە. عوسمان ڕەحیمی بەو پەیامەی کە هەیبوو، بەو ئامانجەی کە خەباتی بۆ دەکرد و بەو میراتە بە نرخەی کە لە خۆی بەجێ هێشت، نە لە حیزبی دێموکراتدا دەمرێ و نە لە ریزی تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی دا دەمرێ. یادی بەخێر و ڕێگەی پڕ ڕێبوار بێ. هەرشاد و سەربەرز بژین.

سەرچاوە: نامێلکەی تایبەتنامەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەر کاک عوسمان ڕەحیمی

---





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**پەیامی سەرەخۆشی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بۆ دەفتەری سیاسیی حیزب...**




**پەیامی سەرەخۆشی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بۆ دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری نەمر عوسمان ڕەحیمی هاوڕێیانی بەڕێزی کۆمیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی و دەستەی راوێژکارانی دەفتەری سیاسی!**

**لەگەڵ ڕێز و سڵاو، هەواڵی دڵتەزێنی مەرگی ناوەخت و لەناکاوی تێکۆشەری ناسراو کاک عوسمانی ڕەحیمی ئەندامی دەستەی راوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەژارەیەکی گەورەی خستە دڵی من و ئێوە و هاوڕێیانی و تەواوی دۆست و ئاشنایانی و دڵسۆزانی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی .**

**عوسمانی ڕەحیمی ئەو رۆڵە کوردە وشیار و بەهەستە بوو کە هەر لە مێرمنداڵییەوە و بە کاریگەریی بنەماڵە شۆڕشگێر و نیشتمانپەروەرەکەی لەگەڵ ئازار و مەینەتەکانی گەلی کورد ئاشنا بوو، ڕێگای خەبات و تێکۆشانی گرتە بەر و هەموو تەمەنی لاوەتیی خۆی لەپێناوی ئاواتە پیرۆزەکانیدا بەخت کرد.**

**ناوی عوسمانی ڕەحیمی خەباتگێڕێک وەبیر دۆست و ناسیاو و هاوڕێیانی دێنێتەوە کە شەوی دەخستە سەر ڕۆژ بۆ ئەوەی ئەرکە نیشتمانییەکانی بەجێ بگەیەنێ و لەو ڕێگایەدا نە ماندوویی دەناسی و نە چاوی لە پاداشێک و تەنانەت سپاسێکیش هەبوو. بەڕاستی ئەو سەربازێکی فیداکاری ڕێگای رزگاری بە هەموو مانای وشە بوو. هیوادار و تەنانەت دڵنیام کە ژیانی خەباتگێڕانەی هاوڕێی لەدەست چوومان دەبێتە نموونەیەکی جێگای لێ فێربوون بۆ**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لاوانی دڵ پڕ لە ئاوات و ناوی عوسمانی رەحیمی دەبێتە رەمزی تێکۆشان و خەبات.

بەبۆنەی ئەو کۆستە گەورەیەوە پڕ بەدڵ سەرەخۆشی و هاودەردیی خۆم بە ئێوە و لە رێگای ئێوەشەوە بە یەک یەکی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبەکەمان و بنەماڵە بەرێز و کۆست کەوتووەکەی و خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان بەتایبەتی خەڵکی نیشتمانپەروەری ناوچەی بانە رادەگەیەنم و بۆ گیانی پاکی عوسمانی جوانەمەرگ نەمری و بۆ میراتگرانی رێبازەکەی سەرکەوتن و بۆ ئامانجە بەرزەکانی وەدیهاتنی زووتر بە ئاوات دەخوازم.
رووحی شاد و رێبازی خەباتەکەی پڕ رێبوار بێ!

براتان عبدالله حسن زاده

۲۱ی خەرمانانی ۱۳۸٦ - ۱۲ی سێپتەمبەری ۲۰۰۷





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی سەرەخۆشیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ خاتوو پەخشان فەلسەفی

خوشکی بەڕێز خاتوو پەخشان فەلسەفی!

بە دڵێکی پڕ لە پەژارەوە هاودەردی و سەرەخۆشیم بەبۆنەی مەرگی پێشوەختی برای هاوخەباتی خۆم و هاوسەری وەفاداری خۆت کاک عوسمانی رەحیمی بە خۆت و جگەرگۆشە ئازیزەکانتان سامان و سوورکێو و سنوور رادەگەیەنم . دەزانم ئەو رووداوە تاڵە بۆ خۆت و کۆرپە ساواکانت لە هەموو کەسێکی دیکە بەژانترە. بەڵام دڵنیاشم بە بوونی شێرەژنێکی وەک تۆ منداڵەکان قەت هەست ناکەن سێبەری باوکیان بە سەرەوە نەماوە، چونکە هەمیشە بۆ وان نەخشی باوکێکی دڵسۆزیشت هەبوو .

بۆ گیانی پاکی کاک عوسمانی جوانەمەرگ نەمری، بۆ جەنابت سەبووری و بۆ جگەرگۆشەکانت تەمەنی درێژ و بۆ تەواوی ئەندامانی هەردوو بنەماڵەی رەحیمی و فەلسەفی سەربەرزیی هەمیشەیی بە ئاوات دەخوازم.

سڵاو لە یاد و گیانی نەمری عوسمان و هەموو شەهیدانی رێگای رزگاری .

برای دڵسۆزت

عبدالله حسن زاده

٢١ی خەرمانانی ١٣٨٦ - ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی بنەماڵەی کاک عوسمان رەحیمی لەلایەن کاک کەماڵ کەریمی یەوە

**دۆستان، برایان، هاوڕێیان، خوشکانی ئازیز**

راستییەکەی لەدەست دانی عوسمان ئەوەندە گرانە کە رەنگبێ بەو ئاسانیە سارێژ نەبێت. وەک بنەماڵەی کاک عوسمان بە جێیە سوپاسگوزاریی پێشکێش بکەین، لەو هەموو ماندوبوون و زەحمەتەی کە لە دوێنێ و هەتا ئێستا لەسەر شانی هەمووتان بووە. دەزانین کە ژانی لەدەست دانی کاک عوسمان دڵی هەموانی وەکوڵ هێناوەء چاوی هەموانی پڕ فرمێسک کردوە. ئەمەش شانازییەکە بۆ کەس و کار و بنەماڵەی کاک عوسمان، کە کاک عوسمان ئاوا پەروەردە بووبێت و ئاوا ژیا بێتء لە نێو ئێوەدا هەڵس و کەوتی کرد بێ.

بۆیە پڕ بەدڵ سوپاستان دەکەین سەبارەت بە بەشداریتان لە بە خاک ئەسپاردنەکەی، لە پرسەکەی و لە هەموو ئەو زەحمەتانەی کە لە دوێنی تا ئەمرۆ لە سەر شانی ئێوە دانراوە.هیوادارین کە ئاخرین نارەحەتی و کۆسپتان بێ کە هاوڕێی ئاوا ئازیز لە دەست نەدەن.

سەرچاوە: نامێلکەی تایبەتنامەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەر کاک عوسمان رەحیمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی هێزو لایەنە سیاسی یەکان

-----------------------------------------------

### ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

بەڕێز: دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان - ئێران!

بە داخەوە ئاگادار بووین کە کاک عوسمانی ڕەحیمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کادر و هەڵسووری لە مێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی کوتوپڕ بە هۆی سەکتەی مەغزی گیانی لە دەست داوە. بە بۆنەی مەرگی نابەوەختی کاک عوسمان لە لایەن کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە پڕ بە دل سەرەخۆشیتان لێ دەکەین.

هەر لە ڕێگەی ئێوەوە ئەو پەری پەژارەی خۆمان بە بۆنەی ئەو ڕووداوە بە بنەماڵەو کەس و کاری بەڕێزی ئەو ئازیزە رادەگەیەنین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

لە لایەن کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەوە

ئیبراهیم عەلیزادە

٢١ی سیپتامبری ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی پارتی ئازادیی کوردستان

بەداخ و کەسەری زۆرەوە، ڕۆژی سێشەممە ٢٠ خەرمانانی ٢٧٠٧ ڕێکەوتی ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠٧، تێکۆشەری کورد و ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە هۆی سەکتەی مێشکەوە، کۆچی دوایی کرد.

بەمبۆنەیەوە، دوێنێ چوارشەممە ٢١ خەرمانان، لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ڕێورەسمێک ڕێکخرابوو کە شاندێکی پارتی ئازادیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاک حسین یەزدانپەنا جێگری سەرۆک و هەڤاڵان شەماڵ پیران کۆردیناتۆری کۆمیتەی ناوەندی و هەڵو ڕەمشتی ئەندامی مەجلیسی گشتیی PAK ، ئامادەی ئەو ڕێورەسمە بوو.

لەم ڕێورەسمەدا، کاک حسین یەزدانپەنا، لە وتەیەکدا بەناوی سەرۆکی PAK و هەموو خەباتگێڕانی ڕیزەکانی پارتی ئازادیی کوردستان، داخ و پەژارەی لە مەرگی ناوەختی کاک عوسمان ڕەحیمی دەربڕی و سەرەخۆشی و هاوخەمیی پێشکەشی بنەماڵە و کەسوکار و هاوسەنگەرانی کرد.

کۆمیتەی ڕاگەیاندنی پارتی ئازادیی کوردستان

٢٢ی خەرمانانی ٢٧٠٧ - ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی کومیتەی سەرکردایەتی ڕێکخراوی شەپۆلی دێموکراسی

بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان!
سڵاوێکی دۆستانە

هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری ماندونەناس کاک عوسمان ڕەحیمی، ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان مان پێگەیشت.

کۆچی دوایی نابەوەختی کاک عوسمان خەم و پەژارەی خستە دڵی شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

بەم بۆنەوە دڵتەزێنەوە سەرەخۆشی خۆمان پێشکەش دەکەین بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات و بنەماڵەکەیو سەرجەم خەڵکی کوردستان.

بە ئاواتی بەدیهێنانی ئاوات و ئارەزوەکانی کاک عوسمان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.

کۆمیتەی سەرکردایەتی ڕێکخراوی شەپۆلی دێمۆکراسی

٢٣ی خەرمانانی ١٣٨٦هەتاوی

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان!

سڵاوتان لێ بێ.

هەواڵی کۆچی دوایی کاک عوسمان ڕەحیمی، کادری بەوەجی سەرکردایەتی حیزبی دێموکڕات و خۆشەویستی لای خەڵک و شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەم و ماتەمی بڵاوکردەوە.

بەبۆنەی ئەو کۆچە و ئەو خەمە گرانەوە سەرەخۆشیی لە ئێوە و حیزبی دێموکڕات و بنەماڵەی شۆڕشگێڕی کاک عوسمان و خەڵکی کوردستان دەکەین .

خوای گەورە لێی خۆش بێ و سەبر و سوکنایی بە ئێوە و کەسوکاری ببەخشێ.

انا لله و انا الیه راجعون

ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندیی

٢٢ی٦ی ١٣٨٦ی کۆچیی - هەتاویی ١٣ - ٩ - ٢٠٠٧ ی زایینیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی پارتی سەربەستیی کوردستان

بەڕێزان سەرکردایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان!

زۆر بە داخەوە کە هەواڵی کۆچی لە ناکاوی تێکۆشەری ڕیزەکانی پێشووی سەرکردایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ئەندامی ڕاوێژکاری سەرکردایەتی ئیستای حیزبەکەتان مان پێگەیشت.

ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە لەم کاتە ناسکەدا وێرای ئەوەی کە هەواڵی کۆچی تێکۆشەرێکی خاوەن ئەزموون ودیرینی گەلەکەمانی پێگەیاندین،لە هەمان کاتداو لەم هەل ومەرجە ناسکەدا کە بەسەر قۆناخی خەباتی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێپەڕ دەبێت، زۆر جێگای داخ و کەسەرو نگرانیمانە،بە ناوی سەرکردایەتی وسەرجەم هاوبیرانمان لە پارتی سەربەستیی کوردستان،سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی سەرکردایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان وبنەماڵەی تێکۆشەری کاک عوسمان دەکەین.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاک و لە یاد نەکراوی کاک عوسمان ڕەحیمی.

سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان.

١٣ی خەرمانانی ٢٧٠٧ی کوردی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**ڕێکخراوی النسا حیزبی دیموکراتی کوردی لە سووریا**

**برووسکەی سەرەخۆشی**

**برا خۆشەویستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

**بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی "عوسمان رەحیمی"مان پێگەیشت، کە ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسی حیزبەکەتان بوو. کەسێکی شۆرشگێڕ و نیشتمانپەروەر بوو کە بە درێژایی تەمەنی هەوڵ و کۆششێکی زۆری داوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی گەلەکەی و وڵاتەکەی.**

**بە حوکمی جێگاکەی و خۆشەویستیی کەسایەتییەکەی هەمیشە دەورێکی باشی هەبوو لە بوارە جیاوازەکانداء بەوە ناسراوە کە کەسێکی بە ئەخلاق و سیاسی یەکی باش بوو لە هەموو بارودۆخە سەختەکاندا کە حیزب پێیدا رۆیشتوە، دیارە لەبەر ئەمانەش بوو کە ئەو پۆستەی وەرگرتبوو کە سەروەرییەکی لە لووتکەی ئەخلاقدا بەجێ هێشت کە هیواداریین لە خودا سەرکەوتوو بن لەو خەباتەی هەڵیان بژاردوە کە خێر و سەرکەوتنی گەلەکەمانی تێدایە.**

**بە دڵێکی خەمبار و چاوی بەگریانەوە سەرەخۆشی لە ئێوە و بنەماڵەکەی دەکەین و داواکارین لەخودا کە سێبووریتان بدا و بەبەهەشتی بەرینی شاد بکا.**

**انا الله و اناالله الراجعون.**

**ڕێکخراوی النسا حیزبی دیموکراتی کوردی لە سووریا (البارتی)**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی هاودەردی مەکتەبی پێوەندی یەکانی کوردستانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان

بۆ بەرێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان

بابەت/ پرسە نامە

سڵاوێکی گەرم

بە ناوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی (ی.ن.ک)ەوە پرسەی خۆمان بەحزبەکەتان و کەس و کاری خوالێخۆشبوو کاک عوسمان رادەگەیەنین، کۆچی دوایی کاک عوسمان لەم کاتەدا زیانێکی گەورەیە لە خەباتی نەپساوەی حیزبی دێمۆکرات کەوت. هیوای سەبرو خۆڕاگری بۆ خانەوادەکەی دەخوازین.

لە گەڵ رێزدا

ل. مەکتەب

کوردۆ قاسم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**پەیامی هاوەدەردی مەڵبەندی ١٤ی رێکخستنی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان**

**بروسکەی/ هاوخەمی**

**بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**بە داخ‌ێ کەسەرێکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی ناوادەی کاک (عوسمان رەحیمی)مان پێگەیشت. ناوبراو تێکۆشەرێکی دێرینی حیزبەکەتان و کەسایەتییەکی دیاری نێو کۆری خەبات بوو. هیوادارین جێگەی کۆچ کردوو بەهەشتی بەرین بێت و خودا سەبووری ئێوەو خانەوادەکەشی بدات.**

**یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان**

**مەڵبەندی ١٤ی رێکخستنی کۆیە**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی سەرەخۆشیی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK

بەڕێزان:

مەکتەبی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
بنەماڵەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو عوسمان ڕەحیمی!

بە هەواڵی کۆچی دوایی کاک عوسمان ڕەحیمی کە یەکێک لە کەسایەتییە تێکۆشەر و ئازادیخوازەکانی گەلەکەمان بوو زۆر غەمگین بووین، بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەین و لەو خەمەدا ئێمەش خۆمان بە هاوبەش دەزانین.

دیارە لەدەست دانی مرۆڤی گەورە و تێکۆشەر بۆ گەلی کورد بە گشتی مایەی پەژارەیە و هاوکات بۆشاییەکیش لەگەڵ خۆی دەهێنێت و بارێکی گرانتریش دەخاتە سەرشانی هاوڕێبازەکانی. هیواداریین هەمووومان لە هەستی نەتەوەیی و دڵسۆزی کاک عوسمان خاوەن دەرکەوین و بۆ سەرکەوتن و ئازادیی گەلەکەمان لە سەنگەرەکانی خەبات و تێکۆشاندا یادی بەرزی، بەرز ڕاگرین.

کۆردیناسیۆنی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK

١٤ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی هاوبەشی مەکتەبی سیاسیی حیزبی رزگاریی کوردستان و دەفتەری سیاسیی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

بەرێز دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران!
هاورێ لەگەڵ رێز و سڵاومان دا

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک "عوسمان رەحیمی" ئەندامی کۆمیتەی *ناوەندیی حیزبە تێکۆشەرەکەتانمان بیست، بەو بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان لە ئێوەی بەرێز دەکەین، لە رێگای ئێوەشەوە پرسە و هاوخەمیی خۆمان پێشکەش بە بنەماڵەکەی و هاورێ و رێبوارانی دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین و دەخوازین کە ئەمە دوایین کۆست و خەمی هەموو لایەک بێ.

گیانی شاد و رێگەی پڕ رێبوار بێت.
مەکتەبی سیاسیی حیزبی رزگاریی کوردستان
دەفتەری سیاسیی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

* کوردستان و کورد: پێویستە بگوترێ کاک عوسمان لە کاتی کۆچی دوایی دا ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسی بوو نەک کۆمیتەی ناوەندی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی سەرەخۆشی کۆمەڵێک لە مامۆستایانی نیشتمانپەروەری ئائینی لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان

بسم الله الرحمن الرحیم

سلاو لە شەهیدانی کورد و کوردستان. بە ڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڕێز بنەماڵەی خوا لێ خۆشبوو کاک عوسمان رەحیمی، دوێنێ لە ڕێگای ڕاگەیاندنی حیزبیوە ئاگادار کراین کە هاوڕێ کاک عوسمان رەحیمی راوێژکاری دەفتەری سیاسی بە هۆی سەکتەی مێشک کۆچی دوایی کردوە،نەتەوەکەمان بەم کۆچە یەکێک لە باشترین رۆڵەکانی لە دەست داوە ،دیارە مردن شتێکی سروشتییە و ئەمری خوای تەعالایە وهەر هەموومان دەبێ ئەم دونیایە بە جێ بێڵین، بەڵام زوڵمی بێ کۆتایی دوژمنە رەنگاو رەنگەکانی نەتەوەی کورد وای کردوە کە رۆڵە خەباتگێڕ و بە هیمەتەکانی گەل، دوور لە کەس و کار و ئەو کۆمەڵگایەی کە خەباتی بۆ دەکەن دونیای فانی بە جێ بێڵن و کەسەرێکی گەورەتر لە سەر دڵی دڵسۆزانی گەل و نیشتیمان دابنێن، ئەم رۆڵە سەر بەرزانە زۆر گەورەن ومردنیش بە مانای مەعنەوی قەت لە سەر ئەوان سیدق ناکات ، بە واتایەکیتر مردنیان ژینێکی نوێی تێدا لە دایک دەبێت و لە لای نەتەوی کوردهەر بە زیندویی دەمێننەوە و قەت نامرن و وەک سەنەدی مێژوو بە شانازیەوە باسیان دەکرێت. بەم بۆنەیەوە سەرە خۆشی لە خۆمان ، لە بنەماڵەی بەرێزی شەهید عوسمان رەحیمی ، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرەکانی و هەموو نەتەوەی کورد دەکەین و لە خوای گەورە دەپارێینەوە کە بەهەشت و خۆشی نسیبی ئەبەدی خوا لێخۆشبو بیت.

انا لله وانا الیه راجیعون

کۆمەڵێک لە ماموستایانی نیشتمانپەروەری ئائینی لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان

٢٢ی خەرمانانی ١٣٨٦ - ١٤ی سیپتەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**پەیامی سازمانی ئیتحادی فەدائیانی خەڵکی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی**

**بۆ بنەماڵەی بەڕێز کاک عوسمان ره حیمی و هەروەها دۆستانی بەڕێزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان - ئێران!**

**بەهۆی هه ندێک کار و ئیشی تایبه تی ، به داخه وه بڕێک درەنگ له هه واڵی کۆچی تاهەتایی بەڕێز کاک عوسمانی ره حیمی ئاگادار بووین. کاک عوسمان بۆ هەمووان ناسراو بوو، تێکۆشەرێکی بێ وچانی ڕێگه ی ئازادیی گەلەکەمان و بەختەوەر کردنی هەموو چەوساوەکان بوو.**

**بیروباوه ڕی کاک عوسمان و هەروەها یادی ئەو زیندوون و به هیوام که به پاڵپشتیی هەموو ئۆگرانی ئازادی بتوانین ڕێگای ئەو ئازیزه درێژه بده ین. هەربۆیه خەم و پەژارەی خۆم به ئێوەی بەڕێز رادەگەیەنم و لەم خەسارەدا پڕ به دڵ خۆم به به شدار ئەزانم.**

**دیسان ڕێز.**

**ڕەئوف کەعبی**

**به نوێنەرایەتی لەلایەن سازمانی ئیتحادی فەدائیانی خەڵکی ئێران**

**٢٦ی خەرمانانی ١٣٨٦ - ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**ڕاگەیەندراوی سکرتاریای حدک ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک عوسمان ڕەحیمی، کادری پێشووی حیزب**

**بە داخەوە ئاگاداربووین کە کادری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاک عوسمان ڕەحیمی بە هۆی نەخۆشییەکی کوتوپڕ کۆچی دوایی کردووە. ئێمە وێڕای دەربرینی پەژارەی خۆمان بەو بۆنەوە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەس وکاری دەکەین و خۆمان لە خەمیاندا بە بەشدار دەزانین.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**سکرتاریا**

**٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٦ - ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پەیامی هاودەردیی کەسایەتییە سیاسی و ڕووناکبیرییەکان

## پەیامی سەرەخۆشی بەرێز عوسمانی حاجی مەحموود



بسم الله الرحمن الرحيم

زۆر بەرێز بنەماڵەی تێکۆشەری کۆچکردوو کاک عوسمان ڕەحیمی

سڵاوێکی گەرم

زۆر بە داخەوە خەبەری کۆچی دوایی تێکۆشەری گەلەکەمان کاک (عوسمان ڕەحیمی)مان بیست، بەشداری خەمتانین و داواکارین دوا ناخۆشیی بنەماڵەکەتان بێت و خوا سەبووریتان بدات و خوالێخۆشبووش بە بەهەشت شاد بێت، داوای لێبوردن دەکەم کە بەهۆی ئیش و کاری زۆرەوە نەمتوانی بەشداری پرسەکەتان بکەم.

إنا لله و إنا اليه راجعون

براتان

عوسمانی حاجی مەحموود



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧

## پەیامی سەرەخۆشی کۆمەڵێک کەسایەتی لە وڵاتی ئاڵمانەوە

هەواڵی لە ناکاوی کۆچی ناوەختی خۆشەویستمان کاک عوسمانی ڕەحیمی بە تەواوی تاسەباری کردین. کاک عوسمان، کەسایەتێکی خاوەن هەڵوێست و مرۆڤێکی بە دیسپلین و جێی مەتمانە و باوەڕپێکراوی دۆستان و هاوسەنگەرانی بوو.ناوبراو هەموو کات و ساتەکانی ژیانی بەو پەڕی سەداقەت و لەخۆبردووییەوە بۆ خزمەت بە نیشتمان و نەتەوە داگیرکراو وژێردەستەکەی تەرخان کرد. کۆچی دوایی و ناوەختی کاک عوسمان خەسارێکی گەورە بوو، بۆ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان. ئێمە لە ناخی دڵەوە خۆمان لە خەم و پەژارەی لە دەست دانی ئەو خۆشەویستە بە هاوبەش دەزانین و بەو بۆنەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی کاک عوسمان وحیزبی دێمۆکراتی کوردستان وخەڵکی کوردستان دەکەیێن .

حوسێن بەخشی، پەری سیدقی، مەنسوور سیدقی، فەرێدون میتران، ئیلاهە میتران، ڕەزا فەروخ(دوکتور ئاسۆ)، ڕۆیا میتران، حەمەخان مروەتی، خەلیل حەواری نەسەب، برایم عەلیزادە، بێهروز ئەنساری، عومەر ڕۆستەمی.

١٤ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧

ئاڵمان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**مستەفا شڵماشی**



**نامەی سەرەخۆشی بۆ هاوڕێیانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان !**

**هاورێیانی خۆشەویست!**

**بە داخ و کەسەرێکی زۆرە وەخەبەری کۆچی دوایی هاوڕێی تێکۆشەر کاک عوسمانی ڕەحیمی موشاویری دەفتەری سیاسی و کەسایەتی خەباتگێڕ و دڵسۆزی گەلەمانم پێگەیشت .**

**بەو بۆنە دڵتەزێنەوە لە کەس و کاری، لە ئێوەی بەڕێز، لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، لە خۆم و سەرجەم گەلی کورد سەرە خۆشی دەکەم .**

**ڕوحی پێشمەرگەی تێکۆشەر کاک عوسمان شاد و ڕێگا پیرۆزە کەی بەردە وام بێ.**

**لە گەڵ ڕێزم دا**

**مستەفا شڵماشی هولەند**

**١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**ڕەفعەت مورادی**



**بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان !**

**بەڕێز  بنەماڵەی دڵپڕ لە کەسەری نەمر کاک عۆسمانی ڕەحیمی !**

**هەواڵی کۆچی دوایی ڕۆڵەی بەوەج وتێکۆشەری ڕێگای کوردایەتی و دیموکراتییەت کاک عۆسمان ڕەحیمی دڵی هەموو ڕۆڵەیەکی نیشتمانپەروەر وئازادیخوازی هەژاند ، بێگومان بە لەدەستدانی ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرە بۆشاییەکی گەورەی فیکری و سیاسی دەکەوێتە نێو بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلە کەمان و حیزبی دیموکراتی کوردستان  چونکە کاک عوسمان نەتەنیا پێشمەرگەیەکی قارەمان بەڵکوو سیاسەتمەدار و روناکبیرێکی نوێخواز و پێشکەوتووی گەلەکەمان بوو.**

**بەم بۆنەوە وێڕای سەرەخۆشی لە  ئێوە و هەمووخەڵکی کوردستان خۆمان بە هاوبەشی ئەو کۆستە گەورەیە دەزانین.**

**ڕەفعەت مورادی**

**١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**حۆسێنی کوردنەژاد**



**برایانی بەرێزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان!**

**خەبەری کۆچی دوایی بەرێز کاک عوسمان رەحیمی، زۆری غەمبار کردیم، لە جەند سالی رابردوودا کە هاتووچۆی باشووری کوردستانم دەکرد، دەگەل ئەو بەرێزە ئاشنا بووم و چەند جار بوومە مێوانی. ئەم ناسراوییە شەخسییە،خەم و پەژارەی زیاتری خستوتەوە دەروونم.**

**بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک عوسمان ، ئەم ئینسانە ئازادی خواز و کورد پەروەرە سەرەخۆشی خۆم لە مندالەکانی و خێزانی و خزمانی، لە دۆستانی نێزیکی وەک کاک کەمالی کەریمی و حیزبی دێمۆکرات و گشت گەلی کورد، پێشکەش دەکەم.**

**پڕ بە دڵ خەمبارم و خۆم بە شەریکی خەمی گشتیان، و بە تایبەت بنەمالەکەی و دۆستانی نێزیکی دەزانم.**
**هیوادارم هەموو کاتێک لە یادماندا بێ و یادی بە رێز بێ**

**حۆسێنی کوردنەژاد**

**٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**تاهیر حیکمەت ( د. ئازاد )**



**بە یادی گوڵێکی کە لە ناوەخت هەڵوەری**

مەرگی هەر بوونەوەرێک ناخۆشە، چ گوڵێکی کە هەڵدەوەری چ کۆترێکی کە دەمرێ، جا چ بگا بە مەرگی مرۆڤێک، ئەویش ئەو مرۆڤەی کە نەژیا بۆ ئەوەی تەنیا مەودای ژیان پڕ کاتەوە بەڵکو ژیا تا ژیانی ئەوانی تر و نەسلەکانی پاش خۆشی بڕازێنێتەوە. ئەو مەرگانە کارەسات و دلتەزێنن. کاک عوسمانی رەحیمی گوڵێک بوو کە بێوادە هەڵوەری، کوترێک کە هێشتا پەیامەکەی نەگەیاندبووە مەقسەد و مرۆڤێک بەرزتر لە ئاربەبای سەربڵیند و هەمیشە راوەستاو. ئەوانەی عوسمان لە منداڵییەوە دەناسن باش دەزانن کە وانەبوو دەرسی مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەروەری هەر لە مەکتەب و یا ئەزمووندا فێر بێ بەڵکو لە گەڵی لە دایک ببوو، لە گەڵ رۆح و خوێن و ئەندامەکانی ئاوێتە ببوو.

هەموو ژیانی پڕ لە شانازی خۆی لەو پێناوەدا دانا و بێگومان ئەگەر مەرگ مەودای بدایە خۆی بۆ زۆر خزمەتی مەزنتریش ئامادە کردبوو.

پێم سەیرە ئەو رۆحە مەزنە چۆن لەو لەشە وردیلەدا جێی ببۆوە و چۆن توانی ئاوا بە پەلە خۆی رزگار بکا. بەڵام بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە مەلی ژیانی بۆ هەمیشە هەڵفڕی و یاد و حەز و ئاواتەکانی بۆ بەجێهێشتین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەو بۆنەوە و لە بن قورسایی غەمی ونبوونی ڕفیقی سەردەمی منداڵیمدا، لە خێزان و منداڵە وردیلانەکەی، لە بنەماڵەی ڕەحیمی و فەلسەفی،لە دۆستانی، لە حیزب و هاوسەنگەرانی، لە خەڵکی بانە کە قارەمانێکیان عاملاند و لە دەستیان چوو و بە گشتی لە هەموو خەڵکی کوردستان کە هەڵۆەدا و ئەویندارێکی ڕاستەقینەیان لێ کەم بۆوە، سەرەخۆشی دەکەم.

ڕۆحی شاد و یادی لە دڵاندا هەر زیندوو بێ.

تاهیر حیکمەت (د. ئازاد)،

ئاڵمان

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**فەریدە نەقشی مامۆستای بیرکاری و هیوا جلّدیانی کۆلیجی سەنت پتێرس دیپارتمانی فیزیک**

**کۆچی هاوڕێی تێکۆشەرو ماندونەناسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک عوسمان رەحیمی، ئەندامی راوێژکاری دەفتەری سیاسی، بە خەسارێکی گەورە بۆ حیزبی دێموکراتی کورستان و گەلی ژێردەستی کورد دەئەژمێرین.**

**بەم بۆنەیەوە لە ناخی دلّمانەوە سەرەخۆشی لە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەموو کادرو پێشمەرگەکان، ئەندامان و لایەنگران، دۆستانی حیزبو بە تایبەت بنەماڵەی کاک عوسمان دەکەین. سلاّو لە روحی پاکی کاک عوسمان و هەموو شەهیدانی کوردستان.**

**لە گەڵ رێزمان دا**

**فەریدە نەقشی مامۆستای بیرکاری وهیوا جلّدیانی کۆلیجی سەنت پتێرس دیپارتمانی فیزیک**
**ئۆستراليا**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## چەند بیروڕا لەسەر کەسایەتی نەمر عوسمان ڕەحیمی

### چەند دێڕێک لە سەر بۆچوونەکانی نەمر کاک عوسمان ڕەحیمی



سیامەک قەوی پەنجە

کاتێک بۆ یەکەم جار کاک عوسمانی ڕەحیمیم دیت، وەک مرۆڤێکی قاڵ بوو لە کوورانی خەبات و تێکۆشەرێکی بە ئەزموون و ماندوویی نەناس و بە بیرء باوەڕ و گەل دۆستم هاتە بەر چاو. دواتر بە ئاشنا بوونی هەرچی زیاتر لەگەڵ ناوبراو و لە جەریانی کار لە ئۆرگانی رادیۆ دا بۆم دەرکەوت کە کاک عوسمان وێرای هەبوونی زۆر تایبەتمەندیی بەرز و ئینسانیی دیکە نەتەنیا زۆر بەباشی لە بآبەشی و چەوساوەیی گەلەکەی تآگەیشتوە، بەڵکوو خاوەنی زۆر بیر و باوەڕ و بەرنامەء ئیدەی ڕێک و پێک و ئوسوولی یە بۆ نەجاتی میللەتە بەشخوراوەکەی لەو بارودۆخە ناخۆش و نادیارە کە تێیدایە.

ئەو زۆر جار دەیگوت "سەردەم سەردەمی سەرکەوتنی عەداڵەتە، یەکگرتوویی هەرچی زیاتری کوردان و سوور بوونیان لە سەر داوا ڕەواکانیان، وەڵامێکی بەجێ و ڕێو شیاوە بۆ دوژمنانی ڕەنگاو ڕەنگی ئەو میللەتە" هەر بۆیە تەنانەت بۆ کاتێکیش کە بووبێ خەباتی خەڵکی کوردستان بە دژی داگیرکەرانی تەنیا لە خەباتی چەکدارانە دا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرتەسک نەکردەوە. ئەو لەگەڵ ئەوەش کە هەمووکات لە مەیدانی خەباتی چەکداری دا دەروی بەرچاوی هەبوو، بەڵام گرینگیی زیاتری دەدا بە خەبات و بەربەرەکانیی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بەدژی کۆماری ئیسلامیء بەچاوی ڕێزەوە دەیروانیە حەرەکەتە جەماوەرییەکانی خەڵک چ ژن چ لاو، چ کرێکا و جووتیار و بازاڕی و چ خوێندکار و مامۆستا و قوتابی و بەگشتی ڕووناکبیران و ئەوانەی بە بەشێکی گرینگ لە جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەزانی و زۆرجار لە نووسینەکانی دا داوای دەکرد و کە هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان خەباتی خۆیان بە دژی ڕێژیم ڕێک بخەن هەتا هەرچی زۆرتر لە سەرکەوتن نزیک بینەوە.

لەو پەیوەندی یەدا کاک عوسمان ئەوەی وەبیر هێز و ڕێکخراوەکانی کوردستان دێنایەوە کە بایەخ دان بە خەباتی کۆمەڵانی خەڵک و هەوڵدان بۆ پەرەگرتنی ئەو خەباتە نابێ وەک تاکتیکێکی کاتی چاوی لێبکرێ. بەڵکوو پێویستە هێزەکان بیر و باوەڕی پتەویان بەو مەسەلەیە هەبێ کە شۆڕش کاری کۆمەڵانی خەڵکە و خەباتگێرە حیرفەییەکان تەنیا پێشڕەوانی خەڵکن."

کاک عوسمان وەک فاکتەرێکی گرینگ سەیری دیالۆگی نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی دەکرد و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە "بۆ وڵاتانی فرە نەتەوەو پێکهاتەی جۆراوجۆری نەتەوەی و ئایینی کە ڕێژیمە سەرەڕۆء دیکتاتۆڕەکان حوکمیان بە سەریانەوەیە، دیالۆگی ئەو پێکهاتە جۆراوجۆرانە بۆ ساغ بوونەوە و پێکهاتن لەسەر شێوە و سیستمی حوکمی داهاتوو کە لەودا هەمووی ئەو نەتەوە و ئایینە جۆراوجۆرانە پێکەوە ژیانی پڕ لە تەبایی و برایانە بنیاد بنێن، پێویستییەکی هەرە گرینگە". بەڵام ڕاشکاوانە دیگوت کە" نەتەوەی فارس بەتایبەتی ڕووناکبیرانی ئەو نەتەوەیە بەهەر هۆیەک کەبێ، بۆ کردنەوەی دەرگای دیالۆگی نێوان نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران کەمتەر خەمییان نواندوە". دیارە ڕەخنەکانی کاک عوسمان لەو پەیوەندییەدا هەر ڕووناکبیرانی نەتەوەی فارسی نەدەگرتەوە، بەڵکوو هێندێک لە ڕووناکبیرانی کوردیشی دەدایە بەر ڕەخنە و گازندە. بۆیە دەیگوت" جێگای داخە کە ڕووناکبیرانی کورد و هێندێک کەس کە ئیدعای ڕووناکبیری دەکەن، لێرەو لەوێ لە وتووێژەکانیاندا کاتێک کە سەبارەت بە دیالۆگی نێوان فارس و کورد لە ئێراندا پرسیاریان لێدەکرێ، بێ تێفکرین لەوە کە ئەرکی دەستپێشخەریی فارسەکانیان لەبەر چاو بێ، خۆیان و ڕووناکبیرانی نەتەوەکەمان بە کەمتەرخەم و تاوانبار لە قەڵەم دەدن..... ئەگەر پێمان وایە دەستپێشخەری لە کردنەوەی دیالۆگی سازندە ئەرکی ئێمەیە، چونکە ئێمە خاوەن مەسەلەکەین، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە."



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاک عوسمان زۆر بەباشی لەوە گەیشتبوو کە لەو دنیایەدا بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەوتێک دەستی پێ کردوە کە ناوەرۆکەکەی ڕێژیمە دژی گەلی و نادێموکراتیک و دیکتاتۆرەکانی تووشی ترس و خۆف کردوە. ولاتێک کە ئاکامەکەی کە مەرگ و لە ناوچوونی دژی گەلی یەکان و دابین بوونی مافی ڕەوا و بەرحەقی ئەو گەل و میللەتانەیە کە هەتا ئێستاش لەگەڵ چەوسانەوەء ژینوساید بەرەو ڕوون. بۆیە زۆرجار دەینووسی، ئەو ڕەوتەی کە بەرێوەیە هەتا گەیشتن بە ئامانجی ئازادی و دێموکراسی ناوەستی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش جگە لە رووخان و لە نێوچوون هیچ داهاتوویەکی دیکەی نیە.

کاک عوسمان هیچ کات گەلی کوردی لە گەلانی دیکەی جیهان کە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی سەرکەوتن و پێشکەوتنیان بڕیوە و ئێستا وەک میللەتانی بەختەوەر سەیریان دەکرێ بە کەمتر نەدەزانی و پێی وابوو ئەگەر میللەتی کوردیش دەرفەتی هەبووایە دەیتوانی شانبەشانی ئەو جۆرە میللەتانە بێ، بەڵام بەداخەوە سیاسەتە دژی گەلی یەکانی حکوومەتە زاڵەکان بەسەر کوردستاندا کە هەمووکات هەوڵیان ئەوە بووە کە میللەتی کورد لە دواکەوتوویی و بێ بەشی دا بمێنێتەوە، بۆتە هۆی ئەوە کە میللەتی کورد نەتەنیا لە پاشکەوتوویی و بێ بەشی دا بمێنێتەوە، بەڵکوو وەکی لە مێژووی ئەو میللەتەدا نموونەی زۆر دیتراوە، تووشی خۆخۆری و شەڕو پێکدادانی نێوخۆیی بێ. هەر بۆیە زۆر جار لەگەڵ ئەوەی کە گەلەکۆمەکی و کۆبوونەوە هاوبەشەکانی ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستانی دا لە قاو دەدا و مەحکوومی دەکردن داوای لە میللەتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دەکرد کە بە یەکگرتوویی و هاودەنگیی زیاتر و سوور بوون لەسەر مافە ڕەواکانیان، پیلانی دوژمنانی ڕەنگاو ڕەنگی ئەو میللەتە بکەنە بڵقی سەرئاو.

سەرچاوە: ئامێلکەی تایبەتنامەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەر کاک عوسمان ڕەحیمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بۆ خەزانی مەرگی کاک عوسمان ڕەحیمی



**هیوا گوڵ محەممەدی**

ژیان بەردەوامە، لە جێگایەک دەس پێ ئەکا و لە جێگایەک کۆتای پێدێت، لەوێدا کە کۆتای پێدێت دەست پێ دەکاتەوە، لەوێدا کە دەست پێدەکا کۆتایەک ڕو ئەدات. ئەم تەمەنە ئەوەندە بە خێرا بەرەو کۆتایی ئەڕوا کە مرۆڤ سەرەتاکەی لێ حاڵی نابێ.

ڕەنگە ژیان تەنیا یەک وەرز بێ. لەوانەشە دوو وەرز و هێندێ جار وا هەست ئەکەم هەر چوار وەرزەکەیە.

لە بەهاری ئەم ژیانە دا بۆنی خۆشی گوڵاڵە سوورە و ڕێحان و بەیبۆن وامان مەست ئەکا، هەڵوەرینی سێ مانگ دواترمان بیر ناکەوێتەوە. ئەو کاتەی کە گەرمای کارو تێکۆشان جەستەمان ماندوو و ئیرادەمان بۆ تەواو کردن دێنێتە جۆش وا تێناگەین کە ڕۆژێ دا دێ لەو گەرما و لەو کار و هەڵپەیە دا قۆمی ئاوی ساردی بەیان ئەکینە نۆش. پایز وەرزی هەڵوەرین و زستان فەسڵی ساردەوە بونە. ئای چەند ناخۆشە لە بەهاری ئەم تەمەنەدا هەست بە سەرمای زستان و لە هاوینی ئەم ژیانە دا خەم بە گەڵاڕێزانی پایزوە بخۆم.

کات پاییز و مەڵبەند بانەیە، تەمەن لە بەهار و ژیان لە هاوینایە. سروشت ڕوتاوەتەوە و سەردەم بەرەو ساردی دەڕوا. ڕوم لە ماڵێکی بێ هەناوی کورتە باڵای گوندێکی ناو دارستانی کوێستانەکانی ئاربابا کرد. بەرپرسی کومیتەی شارستانی بانە لەوێیە. لە دەرگام دا، گوێم لێبوو وتیان فەرموو، دەرگام کردەوە سەرەتا تاریکای ناوماڵەکە و پاشان چەند تاپۆیەکەم بە دی کرد. ئەوان منیان ئەبینی، زۆر لە مێژ بوو چاویان بە تاریکایەکە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کرا بوەوە و بۆ منیش کاتی دەویست تاکو ڕابێم و چووم بکرێتەوە. سەرێکم با دا و لە هەوڵی ئەوەدا بوم کە بزانم ڕوو لە کوێ کەم، دەنگێک لە سەروی ماڵەکەوە وەک ئاوازێکی هێور کەرەوەی ڕوح بەرگوێم کەوت و سەرنجی ڕاکێشام، فەرموو وەر ژوری بەخێر هاتی.

ڕووم لە دەنگەکە کرد، مەودای ناو ماڵەکە ئەوەندە گەورە نەبوو کە بە ئازادی هەنگاوی تێدا هەڵێنمەوە. چاوم لێبوو کەسێک هەستاوەتە سەر پێ و دەستی بۆ دەست لێدانەوە درێژ کردوە، دوو کەسی دیکەش هەستانە سەر پێ. دانیشتین چاوم لە بەشدارانی ئەو کۆڕە کرد. بە دیمەن بچکۆلە ئەهاتە بەر چاو کەچی لە هەڵس و کەوت و کردەوەدا باڵای تۆزێ بەرزتر لە ئاربابا بوو .

شاخی سەرکێشی ئاربابا بێدەنگ و قایم سەدان ساڵە ڕاوەستاوە و گەلێ ڕێبواری وەک ئەمی لە داوێن و ناوقەدی خۆیا بەڕێ کردوە بەڵام ئەمجارەیان سەری بۆ ئەم دانەواند بوو وەک تاجی سەر شانازی بە خۆی ئەکرد و بەرەو وەنەوشە و سوورێنی ڕائەداشت.

چەند خۆش بوو ئەو کاتەی کە هەستم کرد لەگەڵ کەسێکی گەورەی خاکی و خۆماڵی دا قسە ئەکەم و بە بێ دڵە ڕاوکێ هەناوی خۆم کردوەتەوە.

سەرەتای ئەم دیدارە ئەگەڕێتەوە بۆ ٢٢ ساڵ بەر لە ئێستا و هەروا ئەزانم سەرتایە و بڕوا بە کۆتایەکەی ناکەم. ئەو مرۆڤێکی بە ورە بوو، بوونی خۆی وەک هێز ناسیبوو، ناسینی خەڵکی کردبووە پسپۆڕی و پسپۆڕی بەرخۆدان و بەرخۆدانی نیشتمان بوو.

ئێستا نازانم چۆنتان پێ بڵێم، نازانم بە کام وشە درگای ماڵی خەمەکانمتان بۆ بخەمە سەرپشت لە سەر پشتی کام بیرەوەی بەرەو ژوانی ژیانی پڕ لە دەرد و ژان بۆتان بدوێم.

ئێستا ئیتر لە پاییزی ئەم ژیانە پڕ لە داخ و ئاخە دا دڵم وەک ئێوارەی پاییزی وەڵاتی بن دەست زیز و چاوم وەک کانیاوی بەهارانی بناری شاخ پڕ لە ئاو و هەناوم وەک کوورەی داخی کارخانەی کوورەپەزی بەش مەینەتان لە هەڵچون و ڕوحم وەک پەپولە تامەزرۆی گوڵی بیرەوەری دەورانی هەڵپەی ئازادیدایە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێستا ئیتر کات لە لای من ئێوارەیە و ئێوارانیش کاروانی ئێمە بە ناو دڵی تاریکایدا ئەچێتە پێش بۆ ئەوەی چەپکی ڕوناکی لە تەوێڵی گوندی خۆشی نەدیو بدا و بانگی هەستان بە گوێ شارا بچپێنێ.

ئێستا ئیتر من لە دوور و ئەو لە باوەشی خاکی وەڵاتی بریندارا چاوی لێک ناوە. دڵی ڕاوەستاوە بەڵام لێدانی دڵی لەگەڵ تروسکەی هەسارەکاندا ئەگەر چی کز بەڵام پڕ لە ڕوناکی ئەدرەوشێتەوە و لێ ئەدا، لێ ئەدا تا ئەوکاتەی موسیقای ئەمرۆژی ساڵی تازەیە نەوروزە لە داوێنی ئاربابـاوە دائەکشێ بۆ ناو شەقامە خۆشی نەدیوەکانی شاری بانە.

چیتان بۆ باس کەم؟ کەمن، ئەوانەی باسیان ئەکەن، ئەکرێ بیری ڕابردوو بکەینەوە بەڵام ناتوانین بە هەموماناوە یەک چرکەی ڕۆیشتو بگەڕێنینەوە و بگەڕینەوە ئەوکاتەی کە دەستمان پێکرد.

من ئەمجارە تۆێشووم خەم و خەمم گران و گرانی مەرگی بازاڕێکی بێڕوحمم لە کۆشدایە و پێنوسەکەم بە ئازاری دەستدانی ڕێبوارێکی نەسرەتووی ئەم سەردەمە ئەلێتەوە و بانگەوازی لێک حاڵی بون ئەکا و داواکاری خۆشەویستی و خۆشویستنە.

ئای چەند ناخۆش بو ئەم خەزانە و ئای چەند بێوادە بوو ئەم پاییزە، ئای چەند ناخوشە ئەم هەواڵە و چەند جەرگبڕە ئەم کۆتایە.

تۆ نامری چاوەکانم لە هەر کوێ بی          لە ژێر خاک و لە ناو گڵکۆ لەگەڵمانی

یادت بەخێر کاک عوسمان ڕەحیمی و ڕێگات ڕێگای یەکگرتنەوە و لێک نێزیک بونەوە بێ.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەناوی نەمران




## ڕەحیمی خوامرادی

بەناوی نەمران، بەناوی کاک عوسمانی خۆشەویستو هەمیشە زیندوو، فەرهەنگی ئینسانییەتیان دەنووسی، باسی خۆشەویستی‌یان دەکرد. بیری کاک عوسمان کەوتمەوە،

تۆ بڵێی کەس هەبێ، لە دەڵەوەو بەقەدەر ئەو خەڵکەکەی خۆی خۆشیویستبێ و لە نێو دڵی خەڵکو هاوڕێیانی حیزبی دا جێی‌خۆی کردبێتەوە؟

ترس، کاک عوسمان ئەو ورە پۆڵاینە بوو کە بەراستی ترسی ترساندبوو. خۆڕاگریو بەربەرەکانی ئەو کاتەی چەکی پی نەبوو، بەدارو بەرد شووشەی ساواکو مەقەڕی حیزبە ڕەستاخیزەکەی شای دەشکاندو ترسو خۆفی سامناکی ساواکی شای تێکدەقرماندو دژی هێرشی دڕندانەی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، پارتیزانو فەرماندەیەکی بەوەجو نەبەزو چاو نەترسو خۆڕاگرو دوژمن بەزێنو لێوەشاوەی مەیدانی خەباتی حیزبی دێموکرات.

سیاسەت . لە باری سیاسی‌یەوە ڕێبەرێکی کارامەو جەسوورو زاناو هەڵکەوتوو بوو. ژیرانە بیر کردنەوە، تیژبیریو تێگەیشتوویی‌و لە نووسراوەو لێکدانەوەو شی‌کردنەوەی بابەتەکانی کاک عوسمان دا خۆی دەنواندو ئینجا بە قەڵەمو بە گوڕتر لە شاخو چەک بەگژ دوژمن دا دەچۆوەو تەنگی پێ‌هەڵ چنیبوون. هەڵسو کەوتو لەسەر خۆیی‌و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هێمنیو قووڵ بیر کردنەوە ماندوویی نەناسیو نەسرەوتن، سوور بوون لەسەر ویستو داخوازەکانی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەوی کردبوە قەلایەکی لە گیران نەهاتوو، بە کەسایەتییەکە ناودارو خۆشەویستو جێی متمانەی هاوڕێیانی حیزبیو خەڵکی کوردستانو بە تایبەتی ناوچەی بانە. بە قەلافەت چکۆلەو بە ورەو هەستی شۆڕشگێڕانە لە ئاربەباو بابۆسو دووزین گەورەترو مەزنتر بوو. چونکە بە چاوی خۆشەویستیو مەحەببەتیوە دەیڕوانییە دەوروبەری، وشەکانی ناحەزیو درۆو دەلەسەو، فێڵو تەڵەکەو، زەبوونیو زەلیلیی ناشتبوو. هەر کات پێی وابو مەسڵەحەت و بەرژەوەندیی زەحمەتکێشان و خەباتو دێموکرات بوون کەوتۆتە مەترسیی، بە جەسارەت و بەبێ هیچ چەشنە دڕدۆنگییەک لێبڕاوانە هەڵوێستی دەگرت. بۆ ئەو وەدیهاتنو بە ئامانج گەیشتنی ئاواتو ئارەزووەکانی زەحمەتکێشانی کوردستان لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو. بەرپرسایەتی و مسئولییەتی بەرزی حیزبیی تەنیاو تەنیا بۆ خزمەتی زیاترو بۆ هەوڵ و تێکۆشانی پتر بە ئەستۆوە دەگرت. هەروەک بەر لەماڵاوایی نموونەی شۆڕشگێڕیو مقاومەتو پاکیو سەداقەتو زانایی بوو، هیواو وایە کۆچی دوایی شی ببێتە بەردی بناخەی یەک گرتن و پتەو بوونی ڕیزەکانی خەبات دژی ڕێژیمی ئیسلامی.

بنەماڵەی بەرزو بەڕێزی ڕەحیمیو فەلسەفی! خێزانی خۆڕاگرو وەفاداری کاک عوسمانی ڕەحیمی! جگەرگۆشە ئازیزەکانیو هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان! پڕ بە دڵی خۆم بە شەریکی خەمتان دەزانمو بە ئاواتی وەدی هاتنی ئامانجە بەرزو ئینسانییەکانی کاک عوسمان، ڕێبازی پڕ ڕێبوار بێ.


سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ

١٨ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەبۆنەی سەرچڵەی کۆچی دوایی پێشمەرگەی کوردستان و دۆستی بەڕێزم عوسمان



**سەدیق بابایی**

له وێژه، شێعر و گۆرانی کوردیدا زۆرجار باسی"گۆڵی زەردوسووری سلێمانبەگی بانە" هاتووه و تاقانە بوونی ئەم دیمەنە لە جیهانی بیرو هۆشی شاعر یا گۆرانی بێژدا بە هاواری چڕین بانگەوازی بۆ کراوه.

من نه شاعیرم و نه ئەدیب تا بۆ دیمەنی دڵڕفێنی "سلێمان بەگ" شەوق و زەوقی شاعێرانەی خۆم دەربڕم.

ئاوڕدانەوەی من بۆ لای بناری سلێمان بەگ، کەلیخان،"بابانۆس"، کوخ و لێرەوارەکانی بانە بۆ گەڕان بە دوای پێشمەرگەیێکی نیشتمانە کە خوالەی وڵات پەرستی و کوردستان خوشەویستی بوو. ئەو هەڵگر و ئەمانەتداری رووحی تۆڵە و تامەزرۆی شەهیدانی ووردی و سەرجەم مەڵبەندی بانە بۆ گەیشتن بە وڵاتێکی ڕزگار بوو کە بەتاسەیەوە سەریان لە پێناویدا بەخشی.

"ساروبیره"ی ئەمجاره نه شاسمایلی به کەسدەزانی و نه له بەرانبەر لەشکری کۆماری ئیسلامیدا تەزووی به لەشدا دەهات و نه چ ئایینێکی له لاوەهاتووی "ئێختیار" دەکرد نەکوو لەو ڕێگەوە تەوقی دیلی بخاتە گەردنی.

ئەو "میرزا"ی شیوو دۆڵی ڕومانی ڕاستەقینەی "هاوارە بەرە"ی ژیانی رۆژانە و ژاندارم و پاسدار بەزێن و ڕزگارکەری ناوەندی ئێستای حکومەتی هەرێم لە "سەردەمی ڕاپەڕین" لە هەولێر بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناسیاری من لەگەڵ عوسمان ڕەحیمی دەگەڕێتەوە بۆ بیست وسێ (٢٣) ساڵ پێش ئەوکاتە کە ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات تیمێکی بریتی لە چوار کەس پێشمەرگەی ڕەوانەی سەفەرێکی کورتی یەک مانگەی دیدار لە ئوروپای پێشکەوتوو کرد، تا ڕێز لە خەبات و قەدرزانینی تێکۆشانی بێوچانیان بگرێ .

هەر چەند پێشتر بە پێی ڕاسپاردەییێکی دەفتەری سیاسی لە ساڵی ١٣٦١ دا لە ناوەندی کۆمیتەی شارستانی بانە سەربەرزی ناسینی بنەماڵە نیشتمانپەروەرەکەی عوسمان، کاک عومەر رەحیمی برای، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی شارستانی بانە (کە بەداخەوە پاشتر چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی نیشتمان) و خۆشکی کە مامۆستای سەرکەوتووی قوتابخانەی کوردی شۆڕش بوو، ئێمەی زیاتر دڵگەرم بە درێژەی خەباتمان کرد، بەڵام ناسینی زیاتری عوسمان ڕەحیمی خوێندکاری ساڵی پێنجەمی زانکۆ لە بەشی پزشکی(ئاژەڵ)، لەم سەفەرەدا بەرەبەرە تادەهات نیزیکایەتی و هاوخەباتی و برایەتی ئێمەی پتەو و گەرموگوڕتر دەکرد .

عوسمان ئەو کەسە بوو کە هەلی بۆ ڕەخسێندرا تا بتوانێ خوێندنەکەی - کە بۆ پەیوەستبوون بە ڕیزی پێشمەرگایەتی کوردستان بە نیوەتەواوی بەجێی هێشتبو - لە ئوروپا دا تەواو بکات. بەڵام مەگەر ئەویندارێکی وەک عوسمان توانای ئەوەی هەبوو خاکی کوردستان و هاوسەنگەرانی هەر چەند بۆ مەبەستێکی ئەوتۆش بە جێ بهێڵێ؟ دواتر ئەو ڕاستیە لە بڕیار و هەڵوێستی عوسماندا زیاتر دەرکەوت.

پاشتر بە هۆی گرفتێک کە لە ڕەوتی خەباتی حیزبی دا بۆ نووسەری ئەم دێڕانە و کاک عوسمان پێشهات و بووبە هۆی سەردەرهێنانمان لە ئوروپا، هەرچەند لە دوو شاری جیاوازی ئاڵمان گیرسا بووینەوە زۆربەی کاتی دیدار و چاوپێکەوتن و تەلیفونەکانمان گرێدراوی هەڵومەرجی درێژەی خەبات و پێشمەرگایەتی بوو. مانەوە لە ئوروپا، گەڕانەوە بۆ کوردستان، سازگاری وەزعەکە لە گەڵ ڕوحیاتی ئێمە، دەرەتانی پێشکەوتن و خزمەتکردن بۆ سەرفەرازی وڵات و زۆرپرسی تری ئەوتۆمان تاوتوێ دەکرد تا بەڵکوو بتوانین بە ئاکامێکی هاوبەش بگەین.

بەربەستەکانی درێژەی خەبات و ساڵانی تێکۆشان لە نێوخۆ، کۆسپەکانی سەر ڕێ بۆ تێکەڵبوون لە گەڵ خەم، مەینەت، دڵسۆزی و هاوخەباتی جەماوەر لە کوردستان (ی ڕۆژهەڵات) هەموو ئەمانە و زۆر مەسەلەی وورد و دروشتی پێوەندیداری‌تر دەخرانە بەرباسی ڕۆژانەمان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وێڕای دانپێدانانی زۆر گرفتی سەررێ، عوسمان ئۆقرەی لێ هەڵگیرا بوو، زۆرجار وەبیری دەهێنایەوە کە ئێمە حیزب وەک کەرەسە بۆ ڕزگار کردنی کوردستان لە مەینەتی چاو لێدەکەین و گرفت و ناتەبایی و مشتومڕە نێوخۆییەکان نابێ ببن بە هۆکاری سەرەکی پاڵنان و وازهێنان لە کەرەسەکە. ئەو لە سێبەری ئەم بۆچوونانە و ئیمانی پتەوی بۆ نەوەستان و درێژەی ڕێبازی هاوسەنگەرانی شەهید ڕووی لە قیبلەی دڵ، کوردستان کردەوە.

عوسمان ڕەحیمی زۆر پێشتر لە ڕادەست کرانی بۆ ئوروپا بڕیاری خۆی دابوو، ئەوکاتە کەزانکۆی پزشکی ئێرانی بە مەبەستی خەباتی ڕزگاریخوازانە لە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان بە جێ هێشتبوو.

عوسمان گەڕایەوە کوردستان وەک جاری جاران، بێ پشوودان، دڵگەرم و دڵپڕ لە هیوا.

تەنیا ماوەییەکی کەم پاش گەڕانەوەی، پولیسی ئاڵمان بە پەلە کەوتە پرسوجۆ و گەڕان بەدوای عوسماندا. پولیسی ئاڵمان ئاشکرای کرد کە کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ترۆری عوسمان دایە و ئەو دەبێ بۆ پارێزگاری لە خۆی پێوەندی بە ئەوانەوە بکات. یادی عوسمان ڕەحیمی ئاربابای نەبەزین، بەرز و پڕلە سەرفەرازیە.

١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧

---






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## وتوویژ لەگەڵ پەخشان فەلسەفی هاوسەری عوسمان ڕەحیمی




**پرسیار:** خاتوو پەخشان سەرەتا پێمان خۆشە بزانین کە عوسمان ڕەحیمی لە نێو چوارچێوەی بنەماڵەدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئێوە و مناڵەکان چۆن بوو؟

**وەڵام:** ئەوەڵەن بە داخێکی زۆر زۆر گرانەوە کە مەرگی ئەو پێش مەرگی من کەوت. ئاوات و ئارەزووی من ئەوە بوو و هەر پێم خۆش نەبوو بمرم، چونکە لەگەڵ ئەودا دەژیام. زۆر شاهیدم هەن دەمگووت ئەی کە حەزم لە تەمەنێکی زۆر درێژە تەنیا ئەو هەدەفەم بوو کە لەگەڵ ئەودا دەژیام.

بڵێم چۆن بوو، مامۆستام بوو هاوسەرم نەبوو بە تەنیا، هاوسەرێکی عادی نەبوو، ئێنسانێکی زۆر گەورە بوو، بە ئیحترام بوو. لەگەڵ جەوان، جەوان بوو لە گەڵ پیران پیر بوو، لەگەڵ منداڵەکان، مناڵ بوو. ئەی توانی بە هەموو جۆرێک تەعامول بکات، زۆر بەرز بوو. لە سەر شەخسیەتی ئەو پیاوە من ناتوانم بە شێوەی شیاو قسە بکەم. تەنیا دەتوانم بڵێم هەموو وجوودی شەخسیەت بوو.

زۆر جار کە لە کاری تاقەتبڕی خۆی دەهاتەوە هیچ خۆی ماندوو نیشان نەدەدا و لە گەڵ منداڵەکان یاریی دەکرد کە ئێستا لەو کاتانەدا زۆر عەکسی بە یادگار بۆ منداڵەکانی ماوە. لە گەڵ جیرانەکانم دا بەرخوردێکی زۆر شیاو و باشی هەبوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**پرسیار**: بەڵام هەروەک هەموو لایەکەکمان دەزانین جەنابت ژنێکی خۆراگر و بەرزی و دەتوانی لە سەر پێی خۆت ڕاوەستی. هەر بۆیە پێمان خۆشە بزانین ئێوە بۆ داهاتووتان بەرنامەکەتان چیە بۆ ئەوەی ئەو منداڵانە جێگای خاڵیی کاک عوسمانیان پێوە دیار نەبێ یا خود وەک دایکێکی شۆڕشگێڕ وا بکەی کە جێگای خاڵیی ئەویشیان بۆ پڕ بکەیەوە، هەر وەک هەمووومان ئەو چاوەڕوانیەمان لێت هەیە.

**وەڵام**: ئاسوودە بێ ئاسوودە بێ عوسمانی رەحیمی، کە دڵنیام ئاسوودەشە لەم بارەیەوە کە من هەموو وجوودی خۆم تەرخان ئەکەم بۆ سێ منداڵی نازدار و یادگاری ئەو. من دڵنیاو ئاسوودەی دەکەمەوە کە من هەمیشە هەوڵ دەدەم بۆ سەربەرزی ئەو هەموو شەهیدانی کوردستان.

هەوڵیش دەدەم کە لە داهاتوویەکی نزیک دا واتە ١٢ساڵی دیکە منیش عوسمانێکی رەحیمی دیکە تەحویل بە جامعە بدەم.

بۆیە دەڵێم ١٢ساڵی دیکە چونکە ١٢ساڵی دیکە منداڵە گەورەکەم (سامان) ئەبێتە ٢٢ ساڵ. دەنا وەعد دەدەم لە داهاتوو دا ٣ عوسمانی رەحیمی تەحویلی جامعە دەدەم کە سآ جگەرگۆشەکەی ئەون.

**پرسیار**: خاتوو پەخشان وەک هاوسەری هاوڕێی شەهیدمان چ پەیامێکتان بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا هەیە؟

**وەڵام**: پەیامم ئەوەیە بۆ رەفیقەکانی رەحیمی، بۆ هاوسەنگەرەکانی، لە دەرەوەو ناوخۆی وڵات، کە زۆرم پآ گرینگە، دیارە ئەشزانم خەڵکەکە هەمووی خۆیان ئەم ئەرکە لە سەرشانی خۆیان هەست پێ دەکەن و زۆریش ناڕەحەت بوون و خەمەکەم زۆر گەورە بوو، خەمێکی لەنەکاو و گەورەو دڵتەزێن بوو، خۆ ئەگەر ئەوان لە گەڵیان هەڵنەگرتبام کەی من بۆم هەڵدەگیرا. من نە ئاسمان بووم و نە ئەرز بووم بتوانم باری ئەم خەمە گەورەیە هەڵگرم.

خەمی هەموویان بوو هەر بۆیە ناتوانم مەمنوونیان بم و سپاسیان بکەم چونکە دەزانم لێم عاجز دەبن و بە هی خۆیانی دەزانن هی ئەوانە. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا من وەکوو هاوسەری ئەو زۆر سپاس و پێزانینم بۆیان هەیەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مەمنوونیان ئەبم چونکە ئەوان منیان هان دا لەسەر قاچی خۆم بوێستم کە لە داهاتوویەکی نزیک دا کەسایەتیی وەک عوسمانی ڕەحیمیان تەحویل بدەم و سێ یادگاری ئەو بکەمە سێ عوسمان ڕەحیمی و بە تەشویق و هاوکاریی ئەوانیش خوا فرسەتم با تەحویل بە جامعەی کوردیان بدەم. پەیامی من ئەوەیە بۆ هاوسەنگەرانی کە درێژە بە ڕێگایان بدەن. ئەگەر ئەیانهەوەێ ڕەحیمی گیان ئاسوودە بێ ئەویش بە چی ئاسوودە بوو و ئەگەر ئەوانەی لە ناو خۆ ئیشیان ئەکرد، ئەگەر لە دەرەوە بوون و هەڵسووڕ بوون، ئەگەر لێرە بوون و کادر و پێشمەرگە بوون، درێژەپێدان بە ڕێبازی شەهیدانە بە ڕێگەی ڕەحیمی گیانە. بۆ هەموو کادر و پێشمەرگەکان و بە تایبەتی لە ڕادیۆ، چونکە ڕەحیمی گیان زۆری شایی بە ڕادیۆ بوو، داواش دەکەم کە رابیتەی بەرپرسەکان لە گەڵ کادرو پێشمەرگە دۆستانە بێ هەروەک ڕەحیمی قەت پێی خۆش نەبوو وەک بەرپرس دەرکەوێ و سەعی دەکرد ئەوەی دەیزانێ فێری خوارتر لە خۆی بکات و پێی بگەیەنێ چونکە پێی وابوو گەورەترین خزمەت بە گەل و نیشتمان پاگەیاندنی ڕۆڵەکانی ئەو حیزبەیە. دیارە من هەر مورتاح دەبەم کە ئەو پەیامە بدەم دەنا خۆشبەختانە بەرپرسانی حیزب هەست بەو شتە دەکەن و هەرواشن شوکور.

سڵاو لە هەموو میللەتی کورد دەکەم سەری ڕێز دائەنوێنم بۆ ڕەحیمی گیان و هەموو شەهیدانی کوردستان و هەموو ڕێبەرانی کورد بە تایبەتی پێشەوا قازی و دکتۆر قاسملوو، دوکتۆر سەعید.

سەرچاوە: نامیلکەی تایبەتنامەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەر کاک عوسمان ڕەحیمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەخشانێک لە لایەن ئیبراهیم گەردی بۆ کۆچی دوایی کاک عوسمان ڕەحیمی لە ژێر سەردێڕی (ماڵئاوایی)

### ئیبراهیم گەردی

ماڵئاوا پێشمەرگەی هاوسەنگەرم، ماڵئاوا هاوڕێی هاوخەباتم.کاتێک قەڵافەتی بەرزی پێشمەرگانەت دێنمەوە پێش چاوم، جامانەی سەرت دەبێتە بەیداخێک، ڕەنگی سوورو سپی و سەوزی ئاڵای نیشتمانم دەگرێتە خۆ کە پێم دەڵی هاوڕێم لە وزە نەکەوی و گوڕو تین بدە بە خۆت. ئەوە ڕەمزی تێکۆشانی ٦٢ ساڵەی مێژووی پڕ لە سەروەری ڕێبازێکە کە خوێنی من و سەدانی وەک منی کردۆتە جەوهەری نووسینەوەی داستانی بەرخۆدانی گەلە ستەملێکراوەکەمان.

پێنوسی دەستت کە بە پەنجە جوانەکانت خەریکی نووسینەوەی نۆتەی سروودی شۆڕشگێری کاروانی نەپساوەی خەبات بوو، پێم دەڵێ:

من ئەڵفو بێیەکم پێ داهێنراوە کە نەوەکانی دوای من دەتوانن پێناسەی ژیانێکی پڕ بەهای بۆ جووتیاران و وەرزێران و چینە جیاجیاکانی زێدی داگیرکراوی پێ بنووسنەوە.

هاوسەنگەرم! تاوێرە بەردەکانی ئارباباو جێ پێی کەوشە ئادیداسەکانی پێشمەرگایەتیت بە سەرخاک و زیخ و بەردی ئەو دەڤەرانە دا، ئەوەی بە دوژمنان سەلماندوە کە تۆو هاوسەنگەرانت پاڵەوانی ئەفسانەیی دیرۆکی نوێی گەلەکەمانن کە هەر وا سووک و ئاسان ئەو مەڵبەندانە چۆڵ ناکەن.

**هۆ هاوڕێم:**

زۆر جارانیش لە کوێستانە ساردەکاندا بە نانی وشک و کەشکی ڕەشماڵی هەوارچییەکان برسییەتی چەند ڕۆژەمان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شکاندوه، بەڵام بیرمان لەوه نەکردۆتەوه کە بهێڵین لەو چیایانەدا دوژمنی ڤین لە دڵ گیاو گوڵی شوێنه زەمەندو چڕەکان بشێلێتەوه.

**هاوڕێم!**

زۆرن ئەو رۆژانەش کە بەیەکەوه لە دوای بەرەنگار بوونەوەی هێزی داگیرکەر بەزم و گۆوەندی سەرکەوتنمان گێڕاوه، زۆر لەو سەرچۆپیکێشانەش پێش تۆ ماڵئاوایی یان لێت و لێمان کردووه .

باش ئەو دیمەنانەم لەبەر چاوه کە فرمێسک لە چاوەکانتدا قەتیس دەمایەوه، بەڵام لەگەڵ بیستنی مارشی سەرنج بدەن لە ڕادیۆ چوکەکەی دەستت کە هەواڵ و مزگێنی سەرکەوتنی هاوسەنگەرەکانتی لە دەڤەرو ناوچەکانی تر دەدا، بزەی شادی دەگەڕایەوه سەر لێوەکانت و کۆڵەپشتت دەخستەوه سەرشان و گیوەکانت بەسەر پێوه دەکردەوەو درێژەت بە گەشتی خۆت لە نێو ئاپۆرای خەڵکە ستەم لێکراوەکەتدا دەدا.

**ماڵئاوا هاوبیرم:**

بۆ دواجار کە چاوم بڕیە چاوەکانت تروسکایی خۆری ئومێد لە چاوەکانتا دەبریسکایەوه، کە پێت دەوتم: مەرگ منی هەراسان نەکردوه.

منیش دڵنیام تۆ تەنیابە جەستە لە ناومان دەڕۆی ئەگینا روحی بەرزت وەک هەڵۆیەکی تیژباڵ لەسەر هەرێمی تێکۆشانی هاوبیرانتدا لە چیا بەرزو سەرکەشەکاندا بۆ هەمیشە لە گەڵمانە.

ماڵئاوا پێشمەرگەی چیا، ماڵئاوا هاوخوێنی پێشەوا و قاسملو و شەرەفکەندی. ماڵئاوا هاوسەنگەر، هاوڕێباز. ماڵئاوا کاک عوسمانی رەحیمی.

ئیبراهیم گەردی ئۆرێبرۆ - سوئێد



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧

تێبینی: ئەو پەخشانە بۆ کۆڕیادی کاک عوسمان ڕەحیمی لە ستۆکهۆڵم ئامادە کرابوو کە کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکی هێنابوو و هەرلەوێشداخوێندرایەوە.

ماڵپەڕی: کوردستان و کورد





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە کەسایەتیی کاک عوسمان رەحیمی



**ئەحمەد قادری**

کـاک عوسـمانی رەحیمـی یەکێـک لەو کـادرە پێگەیشـتووانە بـوو کە هیـوای دوارۆژی حیـزب و نەتەوە سـتەم لـێ کراوەکەمان بوو. لە گەڵ ئەوەدا کە تێکۆشەرێکی تێگەیشتوو، کارلێهاتوو، بە توانا، هەڵسووڕ و ماندوویی نەنـاس بوو، مرۆڤێکی خاکی و بێ فیزو دەماریش بوو. بە زمانی هەموو کەسی دەزانی. هەلس و کەوتـی رۆژانەی چ لە گەڵ خەڵـک و چ لە گەڵ هاوسەنگەرانی دا، حەکیمـانە و چەنـدی بڵێـی زمـان شیرین و بە ویقـار بـوو. تـوورە بـوون لە فەرهەنگی کاک عوسمان دا وشەیەکی بێگانەو نامۆ بوو. مرۆڤێکی دەروون خاوێن و، رێزی بۆ هەموو بیرو بـاوەڕێکی پێشکەوتنخوازانە دادەنا. لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ تەبـا بـوو. دەگەڵ پیـران پیـرو دەگەڵ لاوان لاو، تەنانەت بە زمانی منداڵانیشی دەزانی. لە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ هاوکاری و پێکەوە بوونمـان چ لە نـاوچە و چ لە دەورانی دەربەدەری دا کە بەرپرسایەتیی جۆراجۆریشی لە ئەستۆ بوو، نەک هەر بۆ تەنیا جارێک نەم بیستوە کەسێک لێـی بە گلەیـی بـێ، بەڵکـوو لە هەر جێگـایەک گوێت گرتبـایە، باسـی سەداقەت و راستی و پـاکی و دڵ نەرمیـی کـاک عوسـمان بەسـەر زار و زمانـانەوە بـوو. ئەوەی لە نـزیکەوە کـاک عوسـمانی ناسـیبێ، بە تـایبەت خوێنـدکاران و رووناکبیرانی نەتەوەکەمـان، بـرواو متمـانەی تەواویـان پێـی هەبـوو. بە راشکاوی گرێـی دڵیـان بـۆ دەکردەوەء رێنـوێنی یـان لـێ دەخواست. کـاک عوسمان لە زۆر بـارانەوە دەنێـو هاوسەنگەرانی دا نەقشی مامۆستای هەبوو. ئەوەی بۆ خـۆی دەیزانـی بەو پەڕی دڵ فراوانـی یەوە بە هاورێکانیشـی رەوا دەبینـی و هەوڵـی دەدا فێریـان بکا. رووحیەی تەبـایی و تەفـاهومی بە رادەیەک بە هێـز بـوو، لە هەمـوو ئۆرگانێـک و لە هەر بەرپرسـایەتی یەک دا، بۆ بڕیاردان لە سەر مەسەلە جۆراو جۆرەکان، راوێژی لە گەڵ هاورآیانی دەکردو، لە راو بۆچوونەکانیان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کەڵکی وەردەگرت.

کاک عوسمان دوژمنی بەرچاو تەنگی، سەرەڕۆیی و لووتبەرزی و پاوانخوازی و تەک ڕەوی بوو. بڕوای تەواوی بە بڕیاردانی بە کۆمەڵ هەبوو. مرۆڤێکی بەرچاو تێر و دڵ فراوان بوو. لە پێناوی بەرەو پێش بردن و گەشەپێدانی سیاسەتی حیزبەکەی دا هەموو نرخێکی بەهەرزان دەزانی. گەورەترین پلەو پایە و بەرپرسایەتی بۆ کاک عوسمان، وەئەستۆگرتنی ئەرکی قورسترو کار کردنی زۆرتر لە هەر پۆستێکی حیزبی دا بوو. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبی یەکانی شەو و ڕۆژی نەدەناسی. بەشێکی هەرە زۆری کارەکانی لە ماڵ و لە کاتی پشوودان و حەسانەوە دا ئەنجام دەدان. هەروەها کادرێکی خاوەن نەزەر و بە هەڵوێست و ، لەگەڵ ئەوەش دا ئاشتی خوازێکی پڕ بە مانای وشە بوو. لە بڕیاردان دا بە سەبر و حەوسەلە و، لە ئەنجام دانی کاردا توند و تۆڵ وبەدەستوبرد بوو. لە ئاستی تەنگ و چەلەمەکان دا پشوو درێژو، لە هەڵوێست گرتن دا نەترس و بێ باک بوو. سەری بۆ ناحەقی نەوی نەدەکردو، لە سەر چەسپاندنی ڕاوبۆچوونەکانی خۆی مکوور و پێداگر بوو.

کاک عوسمان لە باری زانست و بەهرەی خوێندەواری یەوە، نووسەرێکی بەتواناو خاوەن دەسەڵات بوو. چەندی نووسیبای پەکی لە وشە نەدەکەوت و قەڵەم و کاغەز لە دەستی وەزاڵە دەهاتن. لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان ئەرکی بەڕێوە دەبرد، چ وەک جێگری بەرپرس و، چ ئەو سەردەمەی کە بەرپرسایەتیی ڕاستەوخۆی ڕادیۆی لە ئەستۆ بوو، بۆ خۆم لە نزیکەوە شانازیی هاوکاریم دەگەڵی هەبوو، مەگەر بە دەگمەن هەڵ کەوتبێ لە ڕۆژی دا دوو یان لانی کەم وتارێکی کاک عوسمان لە ڕادیۆ بڵاو نەبووبێتەوە. هەر لەگەڵ ئەوەش دا دەستی هاوکارەکانی بە تەواوی ئاوەڵا دەکرد و هانی دەدان کە بنووسن و لە مەیدانی کردەوە دا خۆیان نیشان بدەن.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی یە پڕ لە سەروەری یەکانی کاک عوسمان، نهێنی کاری لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی دا بوو. بە تایبەت لە کاری تەشکیلاتی دا قایمکاری یەکەی ئەوەندە بەهێز و پتەو بوو کە نزیکترین دۆست و هاوسەنگەرە باوەڕ پێ کراوەکانیشی پەیان پێ نەدەبرد. هەروەها لە هەر پۆست و ئۆرگانێگ دا بووبێ، لە ئەنجام دانی کاری تەشکیلاتی غافڵ نەبوو. لەوەش گرنگتر چالاکیی تەشکیلاتیی کاک عوسمان لە چوارچێوەی شارێک یان ناوچەیەک دا بەرتەسک نەببۆوە. بەڵکوو بە هۆی ئەو بڕواو متمانەیەی کە پێی دەکرا، بۆ زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بە تایبەت زانستگەکان و ئۆرگانەکانی ژێردەسەڵاتی ڕێژیمیش پەلی هەڵاویشتبوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەلمێنەری ئەو راستی یەش ئەو هەواڵە گرنگانە بوون کە رۆژانە بە هۆی کاک عوسمانەوە بە رادیۆی دەنگی کوردستان دەگەیشتن.

لە باری نیزامییشەوە بە دڵنیایی یەوە دەتوانم بڵێم کە کاک عوسمان ترسی نەدەناسی. لە کاتێک دا بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو و قورسترین ئەرکی لە سەرشان بوو، بە دەیان جار بە تاقی تەنیا ملی پێوە دەناو، بێ ئەوەی بیر لە مەترسی یەکانی پیلانی دوژمن بکاتەوە، لە گیانی خۆی مایەی دادەناو، دێ بە دێ و، کۆخ بە کۆخ و، مووچە بە مووچە وەدوای راپەڕاندنی ئەرکە حیزبی یەکانی دەکەوت. زۆرجاران لە ڕێگا رۆیشتن و مەنزڵ بڕینی شەوانەدا، بێ ترس و دڵەراوکی رەگەڵ تیمی پێش کەمین، یان روونتر بڵێم کەمین شکێن دەکەوت و تەنانەت لە شوێنە حەساس و هەستیارەکان دا وەپێش ئەوانیش دەکەوتەوە. زۆر جاران لەو پێوەندی یەدا کەوتەبەر لۆمەی هاوسەنگەرانی و بەرەو ڕووی سەرکۆنە دەبۆوە. بەڵام دیسانیش ورەو ئیمان و غیرەت و ئازایەتی و چانەترسی چاوی پێ لە رەخنەو سکاڵای هاوڕێیانی دەنووقاند و، پێداگرتوو لە پێشوو درێژەی بە راپەڕاندنی ئەرکەکانی دەدا.

لە یەک قسەدا: داوێن پاکی، راست وێژی، هەق وێژی، بڕوا بەخۆبوون، دڵ سافی، گەل دۆستی، نیشتمان پەرستی، قسە لەروویی، ڕێزدانان بۆ بیروڕای گشتی، ئیمان و ئیرادە، سوور بوون لە سەر بەرێوەبردنی پرەنسیپە ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و... لەو تایبەتمەندی یە بەرزانە بوون کە کاک عوسمانیان پێ دەناسرایەوە. کەوابوو لە خۆرا نەبوو کە پێوەندیی کاک عوسمان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکان لە ئاستی چڵەپۆپە دا بوو. هەر بۆیە بە کۆچی ناوەختی کاک عوسمان، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کادرێکی بەوەج و، هیوای زەحمەتکێشانی کوردستان پشتیوانێکی قایم و دڵسۆزێکی ناودار و ناسراویان لە دەست چوو.

سەرچاوە: نامێلکەی تایبەتنامەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەر کاک عوسمان رەحیمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**لە یادی کوژانەوەی ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردایەتی دا.**




**ن- مستەفا مامە قالە**

**٢٠ی خەرمانان ساڵڕۆژی کوژانەوەی ئەستێرەیەکی گەشاوەی ئاسمانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلەکەمان بوو. ٤ ساڵ لەمەوبەر و لە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠ی خەرمانانی ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی دا مامۆستا و هاوڕێی خۆشەویستم، دۆستی چەوساوە و هەژارانی کوردستان " کاک عوسمانی رەحیمی" بەهۆی سەکتەی مێشکەوە گیانی لەدەست دا و ماڵئاوایی لێ کردین .**

**کاک عوسمان کۆڕی خەلیفە حەمەساڵەبەگی خەیات ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێری شاری بانە لە دایک بوو. خەلیفە حەمەساڵە بەگی باوکی کاک عوسمان کەسێکی خۆشناو لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا و جێگەی بڕوای هەموو چین و توێژەکانی ناو شار و تەنانەت گوند و لادێکانی بانەش بوو. تازە بانگەوازی دەستپێکی شۆڕش بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد و حیزبی دیموکرات لە شاری مەهاباد بە کوردستان دا بڵاو ببووەوە، کە خەلیفە حەمەساڵەی تازە لاو هەستی کوردانەی هانی دا بۆ بەشداری لە شۆڕشی ڕزگاری نەتەوەیی دا و هەر بۆیە زۆر زوو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دا ڕێگەی سابڵاغیان گرتە بەر. پاش ماندوو بوونی زۆر و بڕینی ڕێگەیەکی پڕ دژوار، خۆیان گەیاندە مەهاباد و لەوێ بوونە پێشمەرگە. بە هۆی شارەزایی زۆری خەلیفە لە خەیاتی و دروومان دا، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەو کاتی حیزبەوە نێردرایە بەشی خەدەمات و پێڕاگەیشتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و وەک خەیات لە کارگەی خەیاتی کۆماری کوردستان دەستی بە کار کرد. شارەزایی کاک حەمەساڵە لە**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاری خەیاتی دا بە شیوەیەک بوو کە لە ناو خەیاتەکانی بانە و شاری سلیمانی دا نازناوی "خەلیفەیان" بۆ دیاری کرد و بووە خەلیفەی خەیاتەکانی ناوچەکە.

پاش تێکچوونی کۆمار و پەڕیوە بوونی شۆڕشگێڕانی کورد، خەلیفەش هاوڕێ لەگەڵ هەڤاڵانی بە دڵێکی پڕ لە خەم و پەژارە، بەڵام بە ئیمانێکی قووڵ بە ڕزگاری گەلەکەیان گەڕانەوە بۆ بانە و هەر لە ڕۆژانی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنەوەی ڕژیمی ڕوخاوی پەهلەوی، کەوتە بە لێپرسینەوە و گیران و عەزیەت و ئازار، بە جۆرێک کە لە دواپین جاری بانگهێشتی بۆ ئیدارەی ساواکی شا، ڕەوانەی بەندیخانەی قزڵ حەساری تاران کرا.

نە گیران و نە ئەشکەنجە و ئازار و دەربەدەری نەیانتوانی چۆک بە خەلیفەی کوردایەتی دا بدەن و تەنانەت پاش هاوسەرگیری و پێک هێنانی بنەماڵەش وازی لە کوردایەتی نەهێنا و گشت ئەندامانی بنەماڵەی بەوە گۆچ کرد کە دریژە پێدەری ڕێبازی پیرۆزی خۆی و هەموو ئەو شۆڕشگێرانە بن کە هەوڵیان بۆ ڕزگاری سەربەخۆیی خاکی کوردستان ئەدا.

ڕێنوێنییەکانی خەلیفە حەمەساڵح بووە هۆی ئەوەی کە منداڵەکانیشی درێژە دەری ئەو ڕێگایە بن کە باوکیان ڕچە شکێنی بوو، هەر بۆیە کوردایەتی و کورد بوون و تێکۆشان لە ناو بنەماڵەی خەلیفە دا بوو بە دیاردەیەکی جێی بایەخ کە پاشان پەیوەست بوونی ئەو بنەماڵەی بە شۆڕشی ئاشکرای گەلەکەمان لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لێ کەوتەوە.

یەکێکی دیکە لە ئەستێرە پرشنگدارەکانی بنەماڵەی ڕەحیمی، شەهید عومەر بوو. شەهید عومەر ڕەحیمی بە تەمەن لە کاک عوسمان گەورەتر بوو. هەر بۆیە زۆر زووتر لە کاک عوسمان پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە کرد. شەهید عومەر یەکێک لەو لاوە خوێن گەرمە شۆڕشگێڕانەی بانە بوو کە بۆ زۆربەی هەرە زۆری هاوتەمەنەکانی خۆی ئولگوی پاکی، ڕاستگۆیی، دۆستایەتی و هاوڕێیەتی بە مانای تەواوی خۆی بوو. ئەندوندەی لەبیرم بێت کاک عومەر لە پۆلی ٣ی سەرەتایی دا بۆ ماوەیەک وەک مامۆستا دەرسی پێوتینەوە. پاشان بە فەرمانی کاربەدەستانی ساواکی ڕژیمی شا لە کاری مامۆستایەتی دوور خرایەوە. کاک عومەر هەر لە ڕۆژانی سەرەتای سەرهەڵدانی خەڵکی بانە دا بە دەسەڵاتی ڕەشی حکومەتی پەهلەوی لە ڕێزی پێشەوەی ئەو کەسانە دابوو کە ڕێبەرایەتی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد. پاش ڕوخانی شا و دەستپێکی خەباتی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری بانە، کاک عومەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پەیوەندی بە کومیتەی شارستانی بانەی حیزبەوە کرد و وەک یەکێک لە ئەندامانی کومیتەی شارەستانی بانە دەستنیشان کرا. شەهید عومەر کەسێکی لەسەر خۆ، بە پرنسیپ و هاوکات دۆستێکی هەرە نزیکی هاوڕێ پێشمەرگەکانی بوو .

پاش شەڕی سێ مانگە و پاشەکشەی هیزەکانی کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی کوردستان، کاک عومەریش هاتەوە



ناوشار و وەک کادرێکی بەوەج و کارامە دەستی بە ڕاهێنان و ئاگا کردنەوەی لاوانی شار سەبارەت بە دۆخی سیاسی کوردستان و بە تایبەت شیکردنەوەی سیاسەتەکانی حدک بۆ لاوان کرد. ئەو مرۆڤە تێکۆشەرە هەر زۆر زوو و لە جاران زیاتر جێ خۆی لە ناو چین و توێژە جیاوازەکانی شارو دێ دا کردەوە و بووە کەسێکی جێی متمانەی خەڵک. پاش هێرشی هیزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بۆ کوردستان لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی دا، چەکی بەگری کردە شان و هەموو کات وەک کادرێکی لە خۆبووردو لە سەنگەری پێشەوەی بەرگری دا بوو. پاش گیراونەوە شاریش بە پێک هێنانی دەستەیەکی زەربەت لە لکی یەک، دەسرێکی سەرەک گێرا لە بەرنگاربوونەوەی داگیرکەراندا. کاک عومەر لە کاتی چالاکییەک دا لە ناو شاری بانە کەوتە بەر دەستڕێژی جاشێکی خۆ فرۆش و بە سەختی بریندار بوو، بەڵام پاش سارێژ بوونەوەی برینەکەی کۆڵی نەدا و بۆ جارێکی دیکە گەڕایەوە سەنگەری پێشەوەی خەبات. کەم ناوچە و کومیتە و لک و دەستە هەبوو کە کاکە عومەر پێشمەرگایەتی تێدا نەکردبێت. بە بێ لەبەرچاو گرتنی پلەی حیزبی کە ئەندامەتی کویتەی شارەستانی بانە بوو، هاوڕێ لەگەڵ هەڤاڵانی پێشمەرگەی بۆ هەموو شوێنە سەختەکان و بۆ گشت بەرەیەکی شەڕ ئامادە بوو. بە داخەوە پایزی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە کاتێکدا کومیتەی شارەستانی بانە خۆی بۆ گرتنی کۆنفڕانس ئامادە دەکرد، بە چاوساغی سیخوڕێکی سەرشۆڕ جێی حەسانەوە و کۆبوونەوەکانی ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کۆنفڕانس لە گوندی نیروانی بانە کەوتە بەر ئاگری تۆپخانەکانی ڕژیم و بە داخێکی گرانەوە کاک عومەر و سێ هاوڕێی دیکەمان شەهید بوون. دیارە ئەوەی کە لێرە دانووسیومە باسێکی زۆر کورتە لە ژیانی ئەو ڕۆڵە قارەمانەی دیکە بنەماڵەی خەلیفە حەمە ساڵحی ڕەحیمی.

ئێستا با بێمە سەر باس لە یەکەم ساتەکانی ناسینی کاک عوسمان. ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی بوو،هاوینێکی تا ڕادەیەک گەرم بوو، قوتابخانە و خوێندنگەکان داخرا بوون و ئێمەش وەک زۆربەی منداڵانی بەش مەینەتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان، بەهۆی نەبوونی جێگەی گونجاو بۆ تێپەڕاندنی ساتەکانی بێکاریمان بە کۆڵانەکانی شار دا بڵاو دەبووینەوە و لە ناو خۆڵ و خاکی کۆڵانەکانی شار دا کاتمان تیدەپەڕاند. ماوەی چەند ڕۆژ بوو چەند لاوێکم دەبینی کە بەتەمەن لە ئێمە گەورەتر بوون لە فوتابخانەی پەهلەوی ئەو کات کە تەنیا چەند سەد میترێک لە ماڵێ ئیمەوە دوور بوو، بە هات و هاوارێکی زۆرەوە سەرقاڵی یاری واڵیباڵ بوون. سەرەتا من و چەند هاوڕێیەکم هێندێک بە ئەندێشەوە لێیان نزیک بووینەوە و پاشان کە زانیمان دەنگمان نادەن لە نزیک گۆڕەپانی یارکە دانیشتین. نزیکەی ١٥ تا ١٧ کەس دەبوون و جگە لە چەند کەسێکیان، ئەوانی دیکە بە دوو دەستە دابەش ببوون. لە ناو هەموویاندا لاوێکی بە جەستە بچووک، بەڵام چوست و چالاک کە لە گشت هاوڕێیانی گرووپەکەی هەڵسووڕتر بوو سەرنجمی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

پاش چەند خولەکێک یاری کردن، پشوویەکیان دا و ئەو لاوە خوین شیرینە ڕوو خۆشە لێمان هاتە پێش و پێ گووتین: کوڕینە ئەتوانن هاریکاریمان بکەن و بچن هێندێک ساردیمان بۆ بێنن؟ ئێمەش لە بەر ئەوەی کە نەکا جوابمان کەن و نەهێڵن لەوێ دانیشین، هەر زوو وڵامی ئەرێمان دانەوە و جگە لە خۆیان کە ١٧کەسێک دەبوون پوڵی ٣ کەسی زیادیشی داینێ و ئێمەش بە سەرسوورمانەوە لەو پولە زیادییە بەڕێ کەوتین. پاش چەند خولەکێک گەڕاینەوە و ساردییەکانمان دانەوە و ئەوانیش بەشی خۆیان لێ هەڵگرت و ٣ دانە زیادییەکەشی دایەوە بە خۆمان و گوتی ئەوە هینی خۆتانە دەبێ خۆتان بیخۆنەوە. سەرەتا ئێمە ئینکاریمان کرد و پاشان ڕازی بوون وەرمان گرت. ئیتر چوونمان بۆ گۆڕەپانی واڵیباڵی فوتابخانەی پەهلەوی بوو بە کارێکی ڕۆژانە و تەنانەت لە ڕۆژانی کۆتایی دا، هەرچەند بە تەمەن زۆر لەوان بچووکتر بووین، بەڵام ببوینە بەشیک لە گروپەکەیان. پاش تێپەڕینی چەند ساڵێک و سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە حکومەتی پەهلەوی، تەقریبەن زۆربەی ئەندامانی ئەو گروپەم لە کاتی خۆپیشاندان دا، لە ڕیزێکی یەکگرتوو دا بە یەکەوە بینییەوە. منیش هەر چەند منداڵ بووم، بەڵام بە هۆی ئەو ماوە کورتەی کە هاوینی ١٣٥٥ دا یەکترمان بینیبوو، خۆم بە هاوڕێیەکی نزیکیان دەزانی، هەر بۆیە یەکسەر بۆ لایان چووم و بە حەق ئەوانیش زۆر بە گەرمی وەریان گرتم. ئەو لاوە بە قەڵافەت بچووکە بەڵام دڵ و دەروون گەورەیە، هەر زوو باوەشی بۆ ئاوەڵا کردم و لە ئامێزی گرتم.

من پێشتر بە هۆی تیکەڵاوی باوکم و خەلیفە حەمە ساڵحەوە کە هەردووک بۆ سەفەری مەهاباد بە یەکەوە بوون و پاشانیش لە کومیتەی نهێنی حیزب دا لە ناو شاری بانە هاوکار بوون، لەو لاشەوە بە هۆی ئەوەی کە زۆر جار لە دوکانی باوکمەوە شال و قوماشم بۆ لای خەلیفە دەبرد، ناوبراوم لە نزیکەوە دەناسی و تەنانەت چەند برا و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خوشکێکی کاک عوسمانیش لە نزیکەوە دەناسی. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کاک عوسمان لە تاران سەرقاڵی خوێند بوو و تەنیا لە پشووی هاوین دا دەهاتەوە بانە لە نزیکەوە نەمدەناسی و لە ڕاستی نەمدەزانی کە کوڕی ئەو بنەماڵەیە. دیارە چەند کەسێکی دیکە لە هاوڕێیانی گروپی واڵیباڵەکەم بە هۆی هاوگەڕەک بوونمانەوە دەناسی و دەمزانی کە کێن،بەڵام لە پڕ دەرکەوتنیان ئاوا بە گروپ بەڵام ئەم جار لە خۆپیشاندان دا بووە هۆی خۆشحاڵییەکی زۆرم. من بێ ئاگا بووم لەوەی کە ئەو پۆلە لاوە هەموو هاوبیر بوون و تەنانەت لە چوارچیوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەش دا هاوکار بوون.

ڕژیمی شا ڕوخا و کۆماری ئیسلامی جێی گرتەوە و هێرش بۆ سەر کوردستان دەستی پێ کرد. لە ڕۆژانی سەرەتای شەڕی ناو شاری بانە دابوو کە بۆ جارێکی دیکە کاک عوسمان و چەند کەسێکی دیکەی هاوڕێی کە بریتی بوون لە شەهید جەلالی ڕەشیدی، شەهید هاشمی مسگەری، شەهید سەلاحی مسگەری، مەنسوور ، جەمال.... و چەند کەسێکی دیکەم بینییەوە کە چەکدار بوون، دیار بوو خۆیان بۆ بەرگری لە هێرشی دوژمنی داگیرکەر ئامادە دەکرد. بە بینینیان زۆر خۆشحاڵ بووم و لەبەر ئەوەی کە دەمزانی کاک عوسمان لە تاران سەرقاڵی خوێندنە لێم پرسی بە تەواوی هاتوویتەوە؟ لە ولامدا گوتی نەوەڵا بە سەردانم هاتوومەوە بەڵام ئەوە شەڕ بەردەگای پێ گرتووین و منیش نامەوێت شار و خەڵکەکەی بە تەنیا جێ بێڵم.

ئەو کاتەی کە شەڕی کوردستان دەستی پێ کرد، کاک عوسمان لە قۆناغی کۆتایی زانستگە دا بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە دوژمن هێرشی کردبووە سەر کوردستان ئەو دەستی لە خویندنەکەی هەڵگرت و هاتە ڕیزی شۆڕشەوە. ماوەیەکی ساڵێکی بە سەردا تێپەڕی کە بۆ جارێکی دیکە کاک عوسمانم لە گوندی بۆیەنی ناوچەی بانە بینییەوە. سەیر لەوە دابوو تەقریبەن نیوەی ئەو هاوڕێیانەی کە سەردەمانی ژیانی ئاساییش هاوڕێ بوون، لە ژیانی شاخ و پێشمەرگایەتیش دا هەر بە یەکەوە بوون. ئیتر لە دوای ئەو جارەوە و بە هۆی ئەوەی کە منیش لە کومیتەی بابۆسی حیزب کە بنکەی سەرەکی لە گوندی خورپاوا بوو سازمان درا بووم، زۆربەی ڕۆژەکان لەگەڵ کاک عوسمان یەکتریمان ئەبینی و لە هەڵسوکەوت و ڕێنوێنییەکانی دەرسم وەردەگرت. لە ماوەی لانی کەم ٣٣ ساڵی ڕابردوو دا کەم کەس هەبوون وەک کاک عوسمان کارتێکەری لە سەر ژیانی من هەبوبێت. چ وەک کەسێکی شۆڕشگێر و چ وەک شەخسیەتێکی کۆمەڵایەتی، بۆ من مامۆستایەکی بێ وێنە و بەرز و ڕێنوێنێکی ئەمین بوو. کاک عوسمان هەر چەندە تەمەنێکی ئەوتۆی نەبوو کە هاتە ڕیزی شۆڕشەوە، بەڵام کەسایەتی بەرز و خوو ڕەوشتی دەگمەنی، ناوبراوی کردبووە ئوستوورەیەکی گەورە و جێی بڕوای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. کەم کەس هەبوو بۆ تاکە جارێک کاک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

عوسمان ببینێت و لە یادی بکات، تەنانەت ئەگەر کەسێک جاریک بیدبایە بە دڵنیاییەوە هەوڵی سەرلەنوێ دینینەوە و تێکەڵاوی لەگەڵ ئەو مرۆڤە مەزنە دا ئەدا.

کاک عوسمان شۆڕش و خەباتی لە چوارچێوەی حیزب و ڕێکخراوەکەی خۆی دا قەتیس نەکردبووەوە و هەموو کات لە هەوڵی ئەوە دابوو کە لە گشت بوارەکاندا خزمەت بە گەل و نەتەوەکەی لە هەر چوارپارچەی کوردستان بکات. لە کاتی شەڕ دا فەرماندەیەکی لیزان و بە ئەزموون و لە کاتی ئاشتیش دا کۆتری ئاشتی و دامرکێنەرەوە ڕق قین و ناحەزییەکان بوون. سیاسییەکی بە تەواوی مانا تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و پارتیزانێکی بێ وێنە، بەرپرسێکی خاوەن هەڵوێست و نووسەر و ڕوناکبیرێکی بیر ئاوەڵا و شارەزا بە گشت زاراواکانی زمانی کوردی و تەنانەت فارسی و ئینگلیسی بوو. هیچ کات پلە وپایەی حیزبی بەرچاوی ڕەش نەکرد و پشتی نەکردە هاوڕێیانی. لە کاتی پێویست دا بە ڕاشکاوانە ڕەخنەی لە حیزب دەگرت و هەموو کات لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کەسانە دابوو کە هەوڵی گۆڕانکاری و ڕفۆرمیان دەدا لە ڕیزەکانی حیزبدا. زۆر جار دەستی گشت پلە وپێگەیەکی حیزبی دەکێشایەوە بۆ ئەوەی بەشیک بێت لە دەنگی نارەزایەتییەکان و هەر لەو پێناوەش دا زۆر لە لایەن ناحەزانییەوە بوغزێندراو هەوڵی شکاندنی کەسایەتییان دا بەڵام هەموو کات ئەوە ئەو بوو کە سەربەرزانە لە ئەزموونەکان سەربەرز دەردەچوو و ناحەزانی دەخستە لاوە.

چەندین لاپەڕەی زۆر پرشنگدار لە نامیلکەی ژیانی کاک عوسمان دا هەن کە جێی خۆیەتی لیرە داباسیان بکەم. بۆ ئەوەی کە دەڵێم کەسێکی ئاشتی خواز و دادپەروەر بوو بەڵگەم زۆرن کە من لیرە دا تەنیا ئاماژە بە ڕووداوێکی زۆر گرینگ دەکەم کە زۆر لە تیکۆشەرانی دێرینی چ ڕیزەکانی حدک و چ ڕیزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان شاهیدی بۆ دەدەن.

گەرمەی شەڕی براکوژی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کومەڵە بوو. هەردووک لا لە هەوڵی ئەوە دابوون ئەو چەند گوندە سنوورییەی کە ڕژیم لە ڕاستی دا تەنیا بۆ گەرم ڕاگرتنی تەنووری شەڕی براکوژە چۆڵی کردبوو، داگیر بکەن و ڕێگە لە تەدارۆکات و هاتووچۆی هێزی بەرامبەر بۆ ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەلاتی کوردستان بگرن. سەرەڕای هێزێکی بەتوانای حیزب لە ناوچەی بانە، بەڵام دەفتەری سیاسی بۆ یەکلا کردنەوەی شەڕەکە بڕیاری دابوو هێزێکی دیکەش لە ناوچەی ڕەبەتەوە بنێرێت، هەر بۆیە هێزی زمریران ڕوویان لەو ناوچەیە کردبوو. لەو لاشەوە کۆمەڵە جگە لە هێزەکانی ناوچەی بانە، گوردانێکی لە هێزە تایبەتییە شەڕکەرەکانی خۆی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هێنابوو ئەو ناوچەیە و سەرقاڵی گەشت و مانۆڕ لێدان بوون. ڕژێم کە لە گشت گوند و بەرزاییەکانی ناوچەکە مۆڵگە و جاشخانەی هەبوو، بەڵام بەوپەڕی دڵسەخاوەتییەوە ڕێگەی بە هاتووچۆی پ.م هەردووک لا دەدا لە ناوچەکە دا بڵاو ببنەوە.

شەوێک هەواڵ بە هێزەکانی حیزب گەیشتبوو کە هێزێکی زۆری کۆمەڵە بە نیازن بەرەو ناوچەی تاژان و تاژەبان بچن، هەر بۆیە زوو حیزب هێزێکی زۆری کۆکردەوە بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێبگرن و زەبرێکیان لێ بدەن. لێپرسراوێەتی هیزەکەش بە کاک عوسمانی ڕەحیمی سپێردرا. هەموو ئەو کەسانەی کە کاک عوسمانیان لە نزیکەوە دەناسی شکیان لە ئازایەتی و بەغیرەتی ناوبراو دا نەبوو، بەڵام هاوکات هەمووش باش دەمانزانی کە ڕەوشتی بەرز و شۆڕشگێرانەی ڕێگەی پێ نادات کە دەست بداتە کارێکی نەخوازراو پەشیمانی بە دوا دا بێت. هێزی پێشمەرگە گەشتنە شوێنی مەبەست و لە بەرزاییەکانی ئەو ناوچەیە دامەزران. هێندەی پێ نەچوو کە هێزەکەی کۆمەڵە لە سەنگەری هێزەکانی حیزب نزیک بوونەوە و لە ڕاستی دا کەوتنە ئابڵوقەی هێزەکانی حیزبەوە. تاکە ١ فیشەک بەس بوو بۆ ئەوەی گشت ئەو هێزە کە زیاتر لە ٨٠ کەس دەبوون و زۆربەیان کەسانی خاوەن بروا و شۆڕشگێر و خوێندکاری خاوەن ئەزموون بوون تێدا بچن و کارەساتێکی گەورە بێتە ئاراوە. بەڵام کاک عوسمان هەروەک پێشەی هەمیشەیی خۆی، باسکی ئازایەتی هەڵمالی و دەستووری بە هێزەکانی حیزب دا کە کەس تەقە نەکات. سەرەڕای ئەوەی کە بەشێک لە لێپرسراوە شەڕخوازەکانی ئەو کاتی هەردوو لا کە بوون و کەسایەتیان بە شەرەوە بەند بوو، دژایەتییەکی زۆریان کرد و هەوڵیان دا شەڕە هەڵگیرسێنن، بەلام کاک عوسمان، ئەو مرۆڤە خۆ نەویستە، خۆی کردە قەڵغانی ئەو هێزانە و هاوڕێ لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە هێزەکانی کۆمەڵەیان لە مەیدانی کێشەکە دوور خستەوە. دیارە ئەو هەڵویستەی کاک عوسمان لەگەڵ دژایەتییەکی توندی ڕێبەرایەتی ئەو کات و تەنانەت باڵی شەڕخوازی ناو کومیتەی شارەستانی بانە و هێزی ئاربەباب،ی حیزب دا بەرەوڕوو بووەوە، بەڵام هاوکات بووە دەرسێکی باش بۆ من و زۆری وەک منیش کە لە کاتی ڕووداوی لەو جۆرە دا دەمارگرژی و هەستی کوێرکوێرانە بخەینە لاوە و بیر لە بەرژەوەندی نەتەوەکەمان و بزووتنەوەکەی بکەینەوە. دیارە باڵی شەڕخوازی هەردوو لا بەوە نەوەستان و شەڕێکی نەخوازراویان لە ناوچەی بانە هەڵگیرساند، بەڵام تا دوایین ساتەکانیش کاک عوسمان بە کردەوە دژی شەڕ و سیاسەتی شەڕی براکوژی بوو. چەندین ساڵ دوایی تر لە کاتێکدا کە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان" ڕ.ش" دا هاوکار بووین سەبارەت بە هەلوێستی ئەو کاتەی لێم پرسی، دیسانەوە سوور بوو لە سەر هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی و دژایەتی کردنی شەڕی خوکوژی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکێکی دیکە لە لاپەڕە زێڕینەکانی ژیانی پڕ لە سەروەری هاوڕێ عوسمانی ڕەحیمی، فەرماندەیی کردنی هێزێکی بچوک لە پێشمەرگەکانی حدک. ڕ.ش بوو لە کاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی زایینی باشووری کوردستان. نزیکەی مانگێک پێش ڕاپەڕین داوای لێکردم سەردانی بکەم. کە چووم کوتی نهێنییەکی زۆر گەورە هەیە پێت دەڵێم و هاوکات مەئموریەتێکیشت پێ دەسپێرم بەڵام نابێ هیچ کەس بزانێت. منیش بەڵێنیم پێ دا کە جگە لە خۆم و خۆی کەسی تر لێم نەبیسێت. دەستی بە قسە کرد و مەسەلەکەی لەگەڵ هێنامە بەر باس. مەئمورییەتەکە بریتی بوو لەوەی کە هێندێک نامە و ڕاسپاردە هەیە دەبێ بیگەیێنمە شاری سلێمانی و لەویش کەسی دیاری کراو هەبوون کە بیاندەمێ. لە ڕاستی دا من ئاگام لەسەرچاوەی نامە و ڕاسپاردەکان نەبوو و نەمدەزانی ناوەرۆکی نامەکان چییان تێدایە. بە هەر حاڵ ڕاپەڕین ڕۆژی ٧ - ٥ لە شاری ڕانیەوە دەستی پێکرد و هیدی هێدی بەرەو سلیمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان کشا. لە ڕۆژانی ڕاپەڕین دا زۆر لەو کەسانەی کە لە نزیک بنەکانی حیزب دەژیان ئاگایان لە جمجوڵی هێزەکانی باشووری کوردستان بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب و ئەو پەیوەندییانە هەبوو کە لە نێوان لایەنەکاندا دامەزرا بوو. ڕۆژێک پێش گرتنی شاری هەولێر کاک عوسمان گرووپێکی لە پێشمەرگەکانی حیزب هەڵبژارد و دوو کەس لە هاوڕێیانیشی کردە بەرپرسمان. ئەوە جگە لە خۆی کە لێپرسراویەتی هێزەکەی دەکرد. سواری ئەو ئۆتۆمبێلانە بووین کە بۆمان دیاری کرا بوو، بەڵام جگە لە چەند کەسێک، ئەوانی دیکە ئاگایان لە مەبەست و کاری دیاری کراوی ئەو هێزە نەبوو. پاش ڕێگە بڕینێکی چەند کاتژمێری گەشتینە نزیک شاری هەولێر و لە جیگەیەکی دەرەوەی شار بۆ ماوەیەکی کورت پشوویکمان دا. شەر و تەقە لە ناو شاری هەولێر دا دەستی پێ کردبوو و هێزەکانی ڕژیمی ڕوخاوی بەعس کە تەقریبەن زۆربەی هەرە زۆری کوردستانیان لە دەست دابوو، بە شیوەیەکی سەرسووڕ هێنەر ورەیان بەر دابوو و توانای بەرەنگاری کردنی ڕاپەڕینی جەماوەری و هێرشی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان لێ بڕا بوو. بە هەر حاڵ هێزەکەی ئێمەش بەرەو بینای حوکمی تەنفیزی و تەشریعی ئەو کات، کە ئێستا بنکەی پارلەمانی کوردستانە بەڕێ کەوت. کە ئێمە گەیشتینە ئەو شوینە، شەڕ زۆر گەرم بوو، لە هەر چوار لاوە ئابلوقەی ئەو بینا بەرزانەیان دابوو. لەوێ چاومان بە کاک کۆسرەت ڕەسوڵ کەوت کە ئەو کاتە فەرماندەری گشتی مێحوەری هەولێری پێ سپێردرابوو. پاش لێکدانەوەیەکی وردی بارودۆخەکە لە لایەن کاک عوسمانەوە و دارشتنی بەرنامە و پلانێکی تۆکمە بۆ هێرش کردنە سەر دوژمن، ئەو جار بڕیاری هێرش دراو و لە ماوەی چاو تروکاندنێک دا ئەو بنکە و بنیاتەی بەعس کەوتە بەر غەزەبی چەکی ڕۆلەکانی دیمۆکرات. هێرشی هیزەکانمان هێندە کتوپڕ و کاریگەر بوو، کە دوژمن سەری لێ شێوا بوو و سەرەڕای بوونی هێزێکی زۆر و چەک و چۆڵێکی قوورس و نیوە قوورس لە سەر ئەو بینا بەرزانە، بەڵام تەنیا لە ماوەی چەند خولەک شەر دا فەرماندەی کارامە و لە خۆبووردمان لە سەر بانی پارلەمانی ئێستاوە پەیامی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرکەوتنی بە گشت هیزەکانمان کە لەو ناوچەیە دا بڵاو ببوونەوە ڕاگەیاند. بەرنامەی هێرشی و پلانی تۆکمەی کاک عوسمانی فەرماندە، بووە هۆی سەرکەوتنێکی گەورە بۆ خۆمان و گەلەکەمان و مێژووی شۆڕشی کورد. پاش سەرکەوتن لەو شەڕە دا کاک عوسمان داوای لە گشت هێزەکان کرد کە لە جێی دیاری کراو کۆببنەوە و بە راشکاوانە پێی راگەیاندین کە داواتان لێ دەکەم پێش ئەوەی من خۆم بگەڕێم یان پێتان بزانم چیتان هێناوە، بیبەن و لە جێی خۆی داینێنەوە. دیارە هەموو پێشمەرگەکان زۆر لە خۆیان دڵنیا بووین و ئەگەر کاک عوسمانیش نەیگووتایە، کەس ئامادە نەبوو هیچ شتێک لەگەڵ خۆی بێنێ، چونکە ئێمەلەو قوتبخانەیە دا پەروەردە کرابووین کە کاک عوسمان مامۆستای بوو.

بەشداریمان لەو چالاکییە دا، ئەویش لە کاتێکدا کە حیزبەکەی کاک عوسمان بە هۆی ئەو ناکۆکییەی کە لە نێوان ٢ باڵی حیزب دا هەبوو زۆر لاواز بوو و تەنانەت لای حکومەتی بەعسیش جێ پێمان زۆر لێژ بوو. هەموو ئەو کەسانەی کە لەو چالاکییە دا بەشدارییان کرد لای حکومەتی عێراق تاوانبار ناسران و بە ڕەسمی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعس دا یاساخ بوون و ڕێگەی هاتووچۆ کردنیان لێ برا. سەیر لەوە دابوو پاش تێکەڵ بوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، کاک عوسمان لە رادیۆ دەنگی کوردستان دەستی کرد بە کار و دەست بەکار بوونی ئەو لە کاتێکدا بوو کە ڕادیۆ لە ژێر گووشاری ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دا بەرەو شاری کەرکۆک گوێزرایەوە. ماوەیەک بەرنامەکان لە کۆیەوە زەبت دەکران و بۆ بڵاو کردنەوە دەنێردرانە کەرکۆک، بەڵام پاش ماوەیەک دەفتەری سیاسی بڕیاری دا کە ستافی بەڕێوەبەری ڕادیۆ بچنە کەرکۆک و پەخش و زەبت لە نزیک یەک بن، هەر بۆیە بۆ لێپرسراوەتی ڕادیۆ کاک عوسمان دیاری کرا. سەرەڕای ئەوەی کە کاک عوسمان بۆ خۆی باش دەیزانی هێشتا حکومەتی عێراق بەشداری ئەو و تیمەکەی لە ڕاپەڕینەکەی ٩١ دا لە بیر نەکردووە، بەڵام بە بێ ئەندێش و سڵەمینەوە لە ئاکامەکانی، خاتوو پەخشانی هاوسەری دڵسۆزی و هەردووک منداڵە ساواکانی سامان و سۆرکێوی جێ هێشت و بەرەو کەرکوک کەوتە ڕێ. دیارە وەک دوایی خۆی بۆی باس کردم، دەیگووت جگە لە ڕێگەی هاتن و چوونی بۆ کۆیە و گەرانەوەی بۆ کەرکوک نەیدەوێرا زۆر خۆی بەڕۆژ بکات، چونکە باش دەیزانی بەعس ئاوا بە سانایی ڕابردوو لە بیر ناکات.

ئەوەی کە لێرە دا باس کران دڵۆپێک بوون لە ئازایەتی، خۆراگری، لێزانی و شارەزایی و دڵفراوانی کاک عوسمان ڕەحیمی. من لە ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی خۆم دا کەم کەسی وەک کاک عوسمانم بینیوە کە ئاوا نهێنی پارێز و شارەزا بیت لە کار تەشکیلاتی و ڕێکخستن دا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵ کاری بەردەوامی کاک عوسمان لە بەشی تەشکیلاتی نهێنی حیزب، چ لە کومیتەی شارستانی بانە و چ لە دەورانێک دا کە لێپرسراوی گشتی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە ئەستۆ بوو، بۆ تاکە جارێکیش دوژمن نەیتوانی زەفەر بە ڕایەڵەی تەشکیلاتی حیزب بەرێت. نهێنی پارێزی و لیزانی کاک عوسمان بە جۆرێک بوو کە سەرەرای هەوڵی زۆری دوژمن بۆ ڕخنە کردنە ناو ئەو تەشکیلاتە، بەڵام هەموو جارێک پیلانەکەیان دەبووە بڵقی سەرئاو. تەنانەت ئەو کەسانەش کە بە فیتی دوژمن دەهاتنە ناو ڕیزەکانی تەشکیلاتەوە، پاش ماوەیەک مانەوە، خۆیان ئاشکرا دەکرد و لە کردەوەکەیان پەشیمان دەبوونەوە. چونکە حەکیمی و هەڵسوکەوتی بەرزی کاک عوسمان وای لەو کەسانە دەکرد نهێنی هاتنیان ئاشکرا بکەن و هەر زوو خۆ بە دەستەوە بدەن.

گەورەیی و مەزنی کاکە عوسمان بە ڕادەیەکە کە هەرچەندە باسی بکەین هەر کەمە و ئەگەر سەدان لاپەرەی ئاواش ڕەش بکەمەوە تەنیا بەشێکی زۆر کەم لە ژیانی پڕ لە سەروەری ئەو مرۆڤە مەزنەمان باس کردووە.

بۆیە هەر لێرەوە روو لە مامۆستای گەورەم، هاوڕێی دەورانی سەخت و دەربەدەریم، پەناگەی کاتە خەتەرەکانم و پشتیوانی سەردەمی لێ قەومانم دەڵێم: ئازیزەکەم ئاسوودە بە و بەدڵنیایەوە بنوو، هەرچەندە بە داخەوە هێندێک لە یارانی دێرینت بێ خەمن و خۆیان نەبان کردووە لەو دەرد و کەسەرانەی کە تۆی ئازیز سەرت لە پیناو دا دانا و گیانت لە ڕێدا بەخشی بەڵام دڵنیا بە کە ریبازە پیرۆزەکەت دریژەی هەیە و ڕێبوارانی ڕێگات تا سەربەخۆیی یەکجارەکی کوردستان دەست لە خەبات و تیکۆشان هەڵناگرن.

سڵاو لە ڕۆحی بەرزت، سڵاو لە بڕوای نەسرەوتووت، سڵاو لە دڵفراوانی و خۆراگریت، سڵاو لە ئاشتی خوازی و هەڵوێستی نەگۆڕت.

بژی کورد هەر ئاوەدان بێت کوردستان

٢٠ی خەرمانانی ١٣٩٠ی هەتاوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١١ی زایینی

سەرچاوە : حدک میدیا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ٥ ساڵەی ئاوا بوونی ئەستێرەیەک (یادیک لە هاوڕیی نەمر عوسمان ڕەحیمی)




**قادر وریا**

دوانیوەرۆی سێ شەممە ٢٠ی خەرمانان(١١ی‌سێپتامبری٢٠٠٧) کاک عوسمان ڕەحیمی ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسی و تێکۆشەری دێرین و ناسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هۆی سەکتەی مێشک کۆچی دوایی کرد.

کاک عوسمان ڕەحیمی، کوڕی حەمە ساڵە، ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی خەباتگێڕو نیشتمانپەروەر دا لە شاری بانە لە دایک بوو. باوکی کاک عوسمان یەک لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان بوو و هەتا دوا ساتی ژیانی بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان وەفادار مایەوە. برایەکی کاک عوسمانیش بە ناوی عومەری ڕەحیمی کە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو، ساڵی ١٣٦٢ لە کاتی تۆپبارانی کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە گیانی لەدەست دا. عوسمان ڕەحیمی خوێندکاری ساڵی پێنجی دام پزیشکیی زانکۆی تاران بوو کە شۆرشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرانسەری وڵاتی داگرت. بە هۆی رابردووی سیاسیی بنەماڵەکەیو تێکەڵاوی لە گەڵ کۆڕو کۆمەڵە خوێندکاریو خەباتگێرەکان، وەک خوێندکارێکی شۆرشگێڕو ئاگای کورد، ڕۆڵێکی چالاکی لەرێکخستنی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی شاری بانە دا گرتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵەش بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانو لەو کاتەوە تا کاتی کۆچی بێوەخت و لە ناکاوی هەموو توانای خۆی بۆ خزمەتی حیزبەکەی و بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تەرخان کرد.

ئاگایی بەرزی سیاسی، خەڵکدۆستی، خاکەڕایی، ماندوویی نەناسیو ئامادەیی بۆ بەڕێوە بردنی ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبی، زۆر زوو عوسمان ڕەحیمیی کرد بە سیمایەکی ناسراو و خۆشەویستی حیزبی دێموکرات لە شارستانی بانە. هەر بۆیە بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری سیاسی، تەشکیلاتی و ئامووزشیی لە ئاستی کۆمیتەی شارستان و هەیئەتی ئیجرایی دا پێ سپێردرا. کاک عوسمان لە ئاکامی نیشاندانی لێوەشاوەیی لە خۆی و سەرکەوتنی لە ئەرکە پێ سپێردراوەکانی دا ، لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو بەرپرسایەتیی کۆمیتە شارستانی بانەی پێ سپێردرا .

هاوڕێ بە نرخ عوسمان ڕەحیمی لە ماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵ تێکۆشانی شێلگیرانە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، هەموو کات یەک لە بەڕێوەبەرانو بەرپرسە بەتوانا و بە خزمەتەکانی حیزبەکەی بووو، بۆ ماوەی زیاتر لە 20 ساڵ لە کادری ڕێبەریی حیزب دا، بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری گرتە ئەستۆ. ئەگەر لە هەلومەرجی دژواری خەباتی پارتیزانی دا، بەرپرسێکی فیداکار، مودیرێکی سەرکەوتوو، سیاسییەکی ئاگا و فەرماندەیەکی بە توانا بوو، لە بەڕێوە بردنی تەشکیلاتی نهێنی، ئەندامەتیی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"و ئیدارە کردنی رادیۆی دەنگی کوردستانیش دا، سەرکەوتووو سەربەرز بوو. ئەو خزمەتانەی عوسمان ڕەحیمی لە بواری فکرو نووسین و فێر کردنو ڕاگەیاندن دا بە حیزبی دێموکراتی کوردستانو خەباتی شۆڕشگێرانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردوون، لە خزمەتەکانی دیکەی کەمتر نین.

عوسمان ڕەحیمی وەک ڕووناکبیرێکی شۆرشگێر دڵی لەگەڵ ڕووداوەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی دا لێی دەدا و، تێکۆشانی ڕاستەوخۆ لە نێو جەرگەی ئەم بزووتنەوەیەی دا بە ئەرکی بێ ئەم لاو ئەولای خۆی دەزانی. هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەموو مەرجەکانی گیرسانەوە لە ئورووپای بۆ دابین ببوو، کاتێک دوای ٣ ساڵ لە ئەڵمان گەڕایەوە کوردستان، لە نێو تێکۆشەرانی خۆراگری حیزبەکەیو نەتەوەکەی دا مایەوە تا ڕۆڵێکی کاریگەرتری لە بەرەوپێشبردنی تێکۆشانی حیزبەکەیو خەباتی گەلەکەی دا هەبێ. هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی ساڵی ١٣٧٣ لەگەڵ خاتوو پەخشان کچی تێکۆشەری دێرین مامۆستا ئەبووبەکر فەلسەفی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشە ٢ کوڕو کچێکن بە ناوەکانی سامان، سوورکێوو سنوور. ژیانی تایبەتیو بنەماڵەیی کاک عوسمانو هاوژیانە ڕووسوورەکەی، پێشاندەری لایەنێکی دیکە لە کەسایەتیی بەرزی ئەو دوو تێکۆشەرە بوو. چونکە ژیانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوبەش و ئەرکە بنەماڵەیی‌یەکان هیچ کات نەبوون بە ڕێگر لەبەردەم خزمەتی بێوچانی عوسمان ڕەحیمی بە حیزبی دێموکرات. لە لایەکی دیکەوە ماڵی کاک عوسمان هەموو کات شوێنێک بووە بۆ داڵدەدانو خزمەتی تێکۆشەرانو هەڵوەدایانی کوردایەتی و ئازادی.

بە کۆچی دوایی عوسمان ڕەحیمی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتگێرێکی کارامە و کەسایەتییەکی خۆشەویست و یەکێک لە ڕێبەرە پێگەیشتووو لێوەشاوەکانی خۆی لەدەست دا. 5 ساڵەعوسمان ڕەحیمی بە جەستە بەجێی هێشتووین، بەڵام یادیو ناوی بە بۆنەی تەمەنێک خزمەت بە حیزبی دێموکراتو نەتەوەکەی و، ئەخلاق و ڕەفتاری بەرزی، لە نیو ئیمەی هاوڕییان و هاوسەنگەران و درێژەدەرانی ڕیگاکەی هەر بە زیندوویی ماوەتەوە. و بووە بە سەر مەشقی نەوە نوێیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی عوسمان ڕەحیمی ڕۆڵەی خۆشەویستی حێزبی دێموکرات و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەباتگێری کوردستان

**ماڵپەری کوردستان و کورد**

**١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٢**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بۆ یادی پێنج ساڵەی شەهید بوونی کاک عوسمان ڕەحیمی




**ئازاد بانەیی**

یانزدەی سپتامبر، ئەو ڕۆژە ڕەشەی کە قەت لە یادی ناکەم ڕۆژی یانزدەی سپتامبر ڕۆژێکە کە لای هەموو خەڵکی جیهان ڕۆژێکی ناسراوە. لەو ڕۆژە دا ڕێکخراوی تێرۆریستی ئەلقاعیدە بە ڕفاندنی چەند فرۆکەیەکی نەفەر هەڵگر کە پڕ بوون لە خەڵکی سڤیل، چەندین هێرشی تێرۆریستی گەورەیان کرد سەر چەند ئامانجێک لە ناو قووڵایی خاکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا. دوو لەو فرۆکانە خۆیان بە چووتە تاوەری نیۆیۆرک دا دا و بوونە هۆی کوژران و بریندار بوون هەزاران کەس، ئەوە جگە لەوەی کە ئەو قەیرانی سیاسی و ئابوورییەی کە دوا ئەو ڕووداوانە لە پانتایی جیهاندا هاتنە ئاراوە، ئێستاشی لەگەڵ دا بێت هەر بەردەوامم.

ئەگەر لای خەڵکێکی ئاسایی باسی ١١ی سپتامبر بکەی بێ لێپێچینەوە مژووی بەو ڕووداوانەی ساڵی ٢٠٠١ی زایینییەوە سەرقاڵ ئەبێت، بەڵام بۆ من و زۆر کەسی بە ئەمەگی دیکە لە کوردستان دا ئەو ڕووداوە لە ١١ی سێپتامبری ٢٠٠٧ی زایینییەوە بووە بیرەوەرییەکی زۆر لەوەی پێشوو تاڵتر. ئاخر لەو ڕۆژە دا ئەستێرەیەکی پڕ گەشاوەی ئاسمانی خەباتی گەلە بەشخووراوەکەمان ئاوا بوو. ئەستێرەیەک کە بە کوژانەوەی کەلێنێکی ئاسمانی تێکۆشانی چۆڵ کرد.

بەڵێ پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١١ی سپتامبری ٢٠٠٧ی زایینی لە کاتێکدا تازە لە کار گەڕابوومەوە، هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم هەواڵی مەرگی نابەوەختی هاوڕێ و مامۆستای ئازیزم کاک عوسمان ڕەحیمی پێ گەیاندم. هەواڵەکە هێندە کتووپڕ بوو کە تاکوو ئێستاشی لەگەڵ دا بێت و پاش تێپەڕینی ٥ ساڵی بە سەر ئەو ڕووداوە تاڵە دا بە دەگمەن ڕۆژ هەیە نەیەتەوە بیرم. تەنیا چەند ڕۆژێک پێش ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە بە تەلەفوون بۆ ماوەیەکی باش



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەگەڵ کاک عوسمان دا پێکەوە قسەمان کرد، نە باسێک لە نەخۆشی هەبوو و نە هیچ هەواڵێک لە کۆچێکی ئاوا ناوادە .

نازانم بۆ ئێستاشی لەگەڵ دابێت من باوەڕ بەو هەواڵە ناکەم .
لەو ڕۆژەوەی کە تۆ ڕۆشتوویت، چاو و دڵم هەر لە ڕێیە
هەناسەی ساردی ئەو کۆچەت، پڕ پڕ لە ئازار و سوێیە
ئەگەر گەلان شانازی ئەکەن بە گیڤارا و بە تیتۆتە
تۆ لە لای من زۆر لەوانە گەورەتر و مەزن تر بوویت
چونکا ئاڵای ڕزگاری گەلێکت پێ بوو
سەدان ساڵە بۆ ئازادی خوێن ئەدات و هێشتا و هێشتا چاوەڕێیە
ئەی مامۆستا کرێکاران، دۆست و خزمی چەوساوەکان
هێشتا ئەو ڕۆژەم لە بیرە بەو سەرما و سۆڵەی پاییزە
چاکەتەکەی بەری خۆتت کردە بەری پیاوێکی پیر
پێت وت ئەوە بکە بەرت مامە پیرە،
وەک یادگاری پێشمەرگەیەک بیپارێزە
پێمان وتی سەرمات ئەبێ، وتت نا نا سەرمام نابێت
دەروونی من پڕە لە عیشقی ئازادی و تۆشوویی خەباتێکی سەختم پێیە
هۆ کاکە گیان!
ئەمڕۆ پێنج ساڵ بە سەر مەرگت دا تێپەڕی
بەڵام لای من هەر مامۆستاکەی جارانی
هەر ڕوناکی شەوە زەنگ و کازیوە بەرەبەیانی
بیرت ئەکەم پڕ دڵ و لەیا دناچیت تا هەتایە
بەڵێن ئەدەم هەتا ماوم بەردەوام بم لەو ڕێبازەی تۆ گرتبووت
کە ڕێبازی خۆنەویستی و خۆشەویستی و وەفایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**با(شەهید)"عوسمان رەحیمی"یەکان باشتر بناسین!**



**سمایل زارعی**

له یـازدەی سێپتامبری ۲۰۰۷ دا هەواڵێکی زۆر دڵتەزێنم بیست. بەڵێ لەو رۆژەدا کەسایەتی ناسراو، هاورێ و هاوسەنگەری زۆر خۆشەویستم کاک عوسمان رەحیمی بە هۆی سەکتەی مێشکەوە گیانی لە دەست دا. بەڕاستی هەر کات رۆژی ۱۱ی سێپتامبر دێ هەست دەکەم دروست لەو رۆژ و کات و ساتەدام کە هەواڵی فەوتی کاک عوسمان رەحمیم پێ گەیشت. جارێکی دیکە لێرەوە سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهید عوسمان رەحیمی و دەڵێم: "هاورێم، ئارام بنوو کە دڵنیابە رێگات بەر نادەم و بەڵێنت پێ دەدەم هەر وەک چۆن فێرت کردم خزمەت بە نەتەوەکەم بکەم تا دوایین هەناسەی ژیانم لە خزمەت بە نەتەوەکەم هیچ درێغییەک نەکەم و هەموو ژیانم و تەنانەت گیانیشم لەو پێناوەدا بەخت بکەم. رۆحت شاد و رێگات پڕ رێبوار بێ."

ماوەیەکی زۆر کورت دوای فەوتی کاک عوسمان رەحیمی بە هاوکاری هاوکارانی پێشووی خوالێخۆشبوو لە ئۆرگانی رادیۆ و بە تایبەتی بە پشتیوانی و دڵگەرمی کاک کەماڵ کەریمی دۆستی هەرە نزیکی کاک عوسمان دەستم دایە خوێندنەوە و کۆکردنەوەی وتار و نووسینەکانی کاک عوسمانی نەمر. دیارە زۆری پێوە ماندوو بووم و بەڕاستی دەمویست لەو رێگایەوە دوو مەبەستی سەرەکیم پێکابێ هەم ئەوەی کە لێکۆڵینەوەیەکی راستەوخۆم لە رێگای چاپ و بڵاوکردنەوەی وتارەکانی کاک عوسمان کردبێ و بە خوێنەرانم ناساندبێ و هەروەها دەمویست دەینی خۆم لە بەرامبەر هەموو زەحمەت و دۆستایەتیی چەند ساڵەمان دا ئەدا کردبێ و لانیکەم بۆ سووکبوونی ئەو خەمە لە سەر شانی خۆم کارێکم کردبێ، کارێکی زۆر جوان و باشی لێ دەرچوو کە بەداخەوە لە بەر چەند هۆیەکی تایبەتی ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کتێبە چاپ نەبوو کە ڕەنگە ئەگەر چاپ بووایە خۆی لە ٢٠٠ پەڕێک دابایە، هیوادارم ڕۆژێک بتوانم چاپ و بڵاوی بکەمەوە. بەڵام هەر چەند ڕۆژ دوای شەهیدبوونی کاک عوسمان ڕەحیمی وتارێکم نووسی کە لێرەدا هەوڵ دەدەم بە بەرچاوڕوونی خوێندنەوەی نزیک بە تەواوی بابەتەکانی کاک عوسمان ڕەحیمی لە رادیۆ و لەرۆژنامەی کوردستان دا پوختەی ئەو وتارە جارێکی دیکە بە دەستکارییەوە و بە زیادکردنی هێندێک بابەتی دوای فەوتی کاک عوسمان ڕەحیمی بخەمەوە بەرچاو. ئەو وتارە تاڕادەیەک بەرچاو ڕوونی ئەوەی هێنایە بەرچاوم کە بۆچی من پێم وایە کارێکی گرینگە کە هەم ژیانی تایبەتی و هەم ژیانی ناو شۆڕشی ئەو چەشنە کەسایەتییانە لێکۆڵینەوەی وردیان لە سەر بکرێ و بۆ نەوەی داهاتوو بگوازرێتەوە. بە هەر حاڵ هیوادارم لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ئەم وتارەوە ئەمساڵیش توانیبێتم لە ماڵە بچکۆلەکەی خۆم دا ڕێزی ئەو زاتە مەزنەم بەرز ڕاگرتبێ .

هەر لێرەوە جارێکیتر سپاسی تایبەتی بۆ بەڕێزان کەماڵ کەریمی، قاسم سوڵتانی لە چاپەمەنی، سیامەک قەوی پەنجە و مەنسوور خوسرەوی لە رادیۆ دەنگی کوردستان بکەم کە لە پەیوەندی لەگەڵ کۆکردنەوە و خوێندنەوەی وتارەکانی شەهید کاک عوسمان ڕەحیمیدا زۆریان هاوکاری کردم.

**ئا: ئەرکی دۆست و ناسیاوەکانی شەهید کاک عوسمان ڕەحیمی:**

ئەگەر بمانەوێ شیکارییەک یان لێکۆڵینەوەیەک لە سەر شەهید کاک عوسمان ڕەحیمی یان کەسایەتییەکی بەزری لەو چەشنە بکەین، بێگومان دەبێ ئاوڕ لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو کەسایەتییە لە بوارە جیاجیاکانی وەک کۆمەڵایەتیی و سیاسییو فیکری بدەینەوەو تەنانەت ڕۆچوونێکی هێندە قووڵمان بە ناو ژیاننامە و ژیانی ئاسایی ئەو کەسایەتییە هەبێ بتوانین لێکدانەوەیەکی ورد و شیکردنەوەیەکی گونجاو و جێی متمانەمان لەو پێوەندییەدا خستبێتە ڕوو.

هەر لەم ڕووەشەوەیە کە نووسینێکی لەو چەشنە سەبارەت بە کاک عوسمان ڕەحیمی یان تەنانەت هەر کەسایەتییەکی ئەوتۆ کە هەموو ئەو تایبەتمەندییانە بەرزانەی کەسایەتیی کاک عوسمانی لە خۆی گرتبێ هیممەتێکی گەورە و ماندووبوونێکی زۆری دەوێ، بەشی هەرە زۆری ئەو ئەرکەش دەکەوێتە سەر شانی ئەو کەسانەی کە شانازی دۆستایەتیی و ئاشنایەتی نزیکیان لەگەڵ ئەو شەهیدە مەزنە یان ئەو کەسایەتییە هەبووە و ڕەنگە لە هەمووان زیاتر ئەرکی لێکۆڵینەوەیەکی لەو چەشنە بکەوێتە سەر شانی کەسانێک کە وەکوو دۆستێکی نزیک،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قوتابییەک، یان وەکوو هاوکارێک لە نزیکەوە ئاگاداری شێوەی ژیانو خوو و خەدەی کاک عوسمان بوون. چونکە بەدڵنیاییەوە ئەو کەسانە زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری شێوەی ڕووانگەی کاک عوسمان لەمەڕ تەوەرە جۆراوجۆرەکان بوون. شکی تێدا نییە کاک عوسمان بۆ گیرو گرفتە جۆراوجۆرەکان، لە قۆناغە جۆراوجۆرەکان دا ڕووانگە و ڕێکار و تەنانەت پلانی تایبەت بە خۆی هەبوو و لە دەربڕین و خستنە ڕووی ئەو ڕووانگە و پلانگەلەدا زۆر ورد و تاڕادەیەکی زۆریش لۆژیکی بوو. ئەم ئەرکە و ئەم کارە زۆرتر دیوی ئاشکرای کاک عوسمان رەحیمی دەردەخا کە ناسنامەی سەرەکی و دیوی ئاشکرای ئەم کەسایەتییە بوو کە هەموو کەس دەیتوانی ببینێ یان هەستی پێ بکا و لێی تێ بگات.

**ب: وردبوونەوە لە قووڵایی لایەنە بەرزەکانی کەسایەتیی کاک عوسمان:**

دیوێکی دیکەی تۆژینەوەکە کە هێندێک لایەنی دیکەی کەسایەتییەکان بە گشتیی لەخۆ دەگرێ، ئەو لایەنەیە کە پێی دەوترێ لایەنی هەستپێنەکراوی کەسایەتیی. بە واتایەکی ڕوونتر، لایەنێک لە کەسایەتیی کە ناوترێن بەڵام دەربڕدرێن، نابیسترێن بەڵام لێیان تێدەگەین، هەست پێناکرێن بەڵام کاریگەرییان لە ناخمان دا زۆر بەهێزە. بۆ وێنە کاتێک باس لە ڕووانگەی سیاسی کاک عوسمان دەکەین، بە گشتیی دەتوانین بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنەی هەمان بووە، بە پێی ئەو زانیارییانە لەو پێوەندییەدا هاتوونەتە گۆڕێ بڕیار لە سەر ئەوە بدەین کە ڕەهەندی فیکری سیاسیی کاک عوسمان بە چ ئاقارێک دا ڕۆیشتووە و چ ئامانجێکی دەپێکا. کەوابوو دەتوانین بڵێین کۆی هەموو ئەو لایەنە هەستپێنەکراوانەی کاک عوسمان کە زیاتر لە چەشنێک بە ئاکام گەیشتنی بیرو بۆچوونەکانی پێوەدیارە، پێمان دەڵێن ڕوانگەی کاک عوسمان بۆ ژیان و چۆنیەتی ژیانی ئەو زاتە و هەروەها جێگە و پێگەی ڕاستەقینەی کاک عوسمان لە کۆمەڵگادا چ ئاستێک دا بووە.

بەڵام بەشێکی دیکەی ئەم لایەنە لە لێکۆڵینەوە بریتییە لە ڕیشە و بنجی تایبەتمەندییەکانی کاک عوسمان کە زیاتر بۆ ئەو کەسانە پێویستە کە بە گشتیی لایەنی هەستپێنەکراو و نادیاری کەسایەتیی کاک عوسمان بۆ زۆرێک لەو کەسانەی کە لە دوورەوە ناوی کاک عوسمانیان بیستووە نامۆ و نائاشنایەو ڕەنگە هێندێک کەسی شارەزای کۆمەڵێک تایبەتمەندیی تایبەتیی و تاکەکەسی کاک عوسمانیش بە تەواوی ئاگاداری ئەو بابەتە نەبن. ئەو مەسەلەیە هەر تەنیا کەسایەتیی کاک عوسمان ناگرێتەوە، بەڵکوو بۆ زۆرێک لە کەسایەتییەکانی دیکەش جێگای لێوردبوونەوەیە. لێکۆڵینەوە و زیاتر شیکردنەوەو باسکردنی ئەو لایەنەی کەسایەتییەکی لەو چەشنە، ئاوێنەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دیوی ڕاستەقینەی کەسایەتیی کاک عوسمان دەردەخا. بۆ وێنە کاتێک دەڵێین کاک عوسمان کەسایەتییەکی زۆر خاکەڕۆ بوو، یان دەڵێین کاک عوسمان کەسێکی بەوەرە و نەترس بوو، یان کە دەڵێین کاک عوسمان کەسێکی زۆر دڵفراوان و بەبەزەیی بوو، دەبێ بتوانین شرۆڤەیەکی زیاترمان لە سەر هەر کام لەو ئیددعایانە هەبێ. بەڵام هەموو ئەو باسکردنە ساکارانە کۆمەڵێکی زۆر پەیامی دیکەیان پێیە کە بە کۆ دەتوانن باس و بابەتێکی جیددییان لێ بکەوێتەوە. ڕاستە کاک عوسمان یان هەر کەسایەتییەکی دیکە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی تایبەتیی خۆیان هەیە، بەڵام هیچکام لەو تایبەتمەندێتیانە بێ بنەما نین و بێگومان ڕیشەیان لە کۆمەڵێک لایەن و دیاردەی دیکەدا هەیەو لە کۆمەڵێک هۆکارەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئایا دەکرێ کەسێک بێ ئەوەی تێبگا کە فیزەونی چییە کەسێکی خاکەڕۆ و زۆر ئاسایی بێ، بە تایبەتیی ئەو کاتەی کە وەک کەسایەتییەک لە ناو کۆمەڵگادا جێگە و پێگەی دیار دەبێ؟ چۆن دەکرێ کەسێک کە ژانی نەبوونی و هەژاری و دەستکورتی نەچێشتبێ،

خۆی ببێتە پشتیوان و سەرپەنایەک بۆ هەژاران و نەدارانی دەورووبەری؟ هەر بەو پێیەشە ئەگەر دەڵێین کەسێکی وەکوو کاک عوسمانی نەمر کەسێکی زۆر بە بەزەیی بوو، کەسێکی زۆر خاکەڕۆ بوو، کەسێکی زۆر شۆڕشگێڕ بوو، کەوابوو دەکرێ بڵێین زۆری بێبەزەیی دیتبوو، زۆری ناخۆشی و تاڵ و سوێری چێشتبوو، گەلێک و هەژار و نەداری وەک خۆی و لە خۆی هەژارتری دیتبوو، زۆر کەسی خاکەڕۆی دیتبوو و دەیزانی کە فیزەونی هیچ شتێکی جگە لە دابڕان لە مرۆڤایەتیی بەدواوە نییە، بە تەواوی مانا لە شۆڕش و پێناسەی شۆڕشگێڕی تێگەیشتبوو بۆیە هەموو ئەو تایبەتمەندییە باش و بەرزانەی کەسایەتییەک کە چاوەڕوانی لێ دەکرا لەودا بەدی دەکرا.

ڕەنگە ئەوە پرسیارێکی زۆری جیددی بێ لە بەرامبەر زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لێکۆڵینەوە لە سەر کەسایەتیی کاک عوسمان و کەسایەتییەکی لەو چەشنە بکەن کە: چۆن دەکرێ کەسایەتیی کاک عوسمان هەڵگر و ئاوێنەی ئەو هەموو تایبەتمەندییە بەرزە ئینسانییانە بێ؟ پرسیارێک کە وەک یەکێک لە پرسیارە زۆر بنەڕەتیی و گرینگەکانی ئەو باسە سەیری دەکرێ و ڕەنگە نوختەی سەرەتایی لێکۆڵینەوە و تاوتوێ کردنی واقیعی کەسایەتییەکان بە گشتیی لێرەوە دەست پێ بکا.

پرسیارێکی جیددی دیکە کە لەو پێوەندییەدا دێتە گۆڕێ و گرنگیی خۆی هەیە و تەنانەت زۆرتر وەک پرسیارێکی فیکری و سەرەکیی خۆی دەنوێنێ ئەوەیە کە: ئێمە لە بنەڕەت دا بۆچی لێکۆڵینەوەیەکی لەو چەشنە دەکەین؟ بە دیوێکی دیکەدا دەتوانین پرسیارەکە بەو شێوە بێنینە گۆڕێ کە: مەبەستی لێکۆڵینەوەی ئێمە لەو کەسایەتییە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چیە؟ بوونی وشەی پرسیاریی "بۆ" بەرەو گەلێک ئاقاری جۆراوجۆرەمان دەبا کە ڕەنگە بە پێی فرەچەشنی ڕووانگە و هەڵسەنگاندنەکان، وڵامی جۆراوجۆر و بابەتیی جۆراوجۆر بخاتە ڕوو. ڕاستییەکەش ئەوەیە کە ئێمە پێویستیمان بەو هەموو ڕووانگە و "بۆ" و پرسیارە جۆراوجۆرەیە کە لە پلەی یەکەم دا بۆ لێکۆڵینەوەکەمان وەکو بنچینە و کۆڵەکەی بنەڕەتیی باسەکەمان چاویان لێ دەکرێ و لە پلەی دووهەم دا بۆ بایەخترکردن و دەوڵەمەندترکردنی باسەکە بێگومان پێویستیمان پێیان دەبێ. هەربۆیەش پاش کەوتنە ڕووی ئەو هەموو تاوتوێ کردن و ڕووانگە و پرسیارە جۆراوجۆرەیەکە ئێمەش دەتوانین بە ئەنجامێک بگەین و مەبەستەکانی خۆمان لەو لێکۆڵینەوەیە بخەینە ڕوو. لێرەوەیە کە مەجبوورین جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ هەمان باسی سەرەتای وتارەکەمان کە لێکۆڵینەوەیەکی لەو چەشنە بە پێی ئەوەی کە دەمانەوێ مەبەست و ئامانجێکی گەورە و باش بپێکێ، پێویستی بە بەدواچوونێکی ورد و گەورە هەیە کە ئەوەش هەموو لایەنە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و فیکری و تەنانەت لایەنەکانی ژیانی ئاسایی کاک عوسمانیش لە خۆ دەگرێ و هەر وەک باسمان کرد ئەرکی ئەو کارەش زیاتر دەکەوێتە سەر شانی کەسانێک کە لە نزیکەوە ئاگاداری هەموو ئەو لایەنانەی کاک عوسمان بوون کە پێویستە تۆژینەوەیان لە سەر بکرێ.

### پ: گرینگی لێکۆڵینەوە لە سەر کەسایەتی کاک عوسمان ڕەحیمی:

ڕەنگە گرینگترین مەبەست لە تۆژینەوەیەکی لەو چەشنە ئەوە بێ کە پێویستە ئێمە لە کەسایەتییەکی وەکوو کاک عوسمانەوە فێری گەلێک وانەی جوان و ئەزموونی بەرز بین، بەڵام لە هەموو ئەوانەش گرینگتر کەسایەتیی کاک عوسمان و کۆمەڵێک کەسایەتیی دیکەی وەک کاک عوسمان بەشێک لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بە لەخۆبوردوویی درووست کردووە و تا ئێرەیان هێناوە، بۆیەش ئەو چەشنە کەسایەتی‌یانە لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی دیکە ئەو مێژووەیان درووست کردوە کە ئێستا نەوەی نوێ شانازی پێوە دەکا و پێویستە لە سەر ئەو قۆناغە مێژووەی کە مایەی شانازی هەموو نەتەوەی کوردە لێکۆڵینەوە بکرێ. بۆیەش لێکۆڵینەوە لە سەر کەسایەتییەکی وەکوو کاک عوسمان تەنیا لێکۆڵینەوە نییە لە کەسی کاک عوسمان وەک کەسایەتییەک، بەڵکوو تۆژینەوە و ئەزموون وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی قۆناغێکە لە مێژووی نەتەوەکەمان و جیا لەوانەش هەوڵدان بۆ هێشتنەوە و زیندوو ڕاگرتن و بەرز و بەڕێز نرخاندنی ئەو قۆناغە مێژوویی‌یەی مێژووی نەتەوەکەمانە. هەربۆیە لێرەوەیە کە لێکۆڵینەوە لە سەر کەسایەتییەکی لەو چەشنە و لێکۆڵینەوە لە مێژووی چەندین دەیەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوو ڕەهەندی لێک گرێدراوی باسەکەمانن و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناتوانین هیچکام لەو دوو لایەنە بە بێ ئەوەی دیکەی ببینە پێش.

لایەنێکی دیکەی مەبەستەکانی پشت ئەو لێکۆڵینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناسینی مرۆڤی بە واقع شۆڕشگێڕی کورد و لە بازنەیەکی بەرینتردا ژیانی راستەقینەی مرۆڤی کوردلە شۆڕش دا. ناسینی مرۆڤی کورد هەمان گەڕانەوەیە بۆ ناسینی خود و، ناسینی خودیش یەکێک لەو پرس و تەنانەت ئامانجانە هەمیشەیی و مێژوویی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە. کەوابوو مەبەستێکی دیکەی هەوڵی ئێمە بۆ ناسینی کەسایەتییەکان، هەوڵی جیددیە بۆ ناسینی خۆمان لە چوارچێوەی کەسایەتیی و ناسینی کەسایەتییەکی دیکەدا. ئەم هەوڵەش کۆمەڵێک قازانج و سوودی هەیە کە رەنگە گرینگترینی ئەو سوودانە بریتیی بێ لە: پێشوەخت خۆ ئامادەکردن و خۆتەیارکردن لەگەڵ رۆحی هەنووکەیی و سەردەم. سرووشتییە کاتێک ئێمە دەتوانین خۆمان بناسین، زۆر ساکار دەتوانین دەورووبەریشمان بناسین و خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین. ناسینی کەسایەتییەکان لەو روانگەوە زەروورەتێکی حەتمییە و وەکوو رەمزێک بۆ زیاتر سەرکەوتن هەڵدەسەنگێندرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کاک عوسمانی ڕەحیمی، ژیا بۆ خزمەت بە مرۆڤایەتی و نیشتمان.



ئازاد عەباسیان

زۆر لە مرۆڤەکانم دی و دوام دەگەڵیان ، لە هەموویان شت فێر بووم و خستمە هەمبانەی وانەکانی ژیانمەوە. هەر یەکە و لە شتێک دەدوا و بەشێوەییێک دەدوا. خۆشە دەگەڵ مرۆڤە گەورەکان دانیشتن و بە دڵ گوێراگرتن و شت فێر بوون. کە ڕووم کردە ریزەکانی پێشمەرگەوە، هەر لە دەستپێکەوە

چاوم بە پیاوێکی سیما جوان و هەست ناسک و لەسەرەخۆ کەوت. نەمدەزانی کێیە تاکوو پێیان گوتم ئەوە عوسمانی ڕەحیمی کوڕی خوالێخۆشبو خەلیفە حەمەساڵەیە، موچرک بە لەشم دا هات و گوتم: ئای ئەوە کاک عوسمانە، هەر لە منداڵیەوە ناوی ئەو پارتیزانەم بیستبوو و خۆشەویستی لە نێو دڵم دا ساڵانێک بوو دەگەڵ تەمەنم پێکەوە دەژیان. کە بینیم ،ماچی کردم و بەو پەری ڕێزەوە بەخێر هاتنی پێ گوتم،ئەو بنەماڵەکەمی بە باشی دەناسی چونکە ئەویش لە دایک بووی شاری بانە بوو. شایەد گەر ئەو بەخێر هاتنە شۆڕشگێرانەیەی کاک عوسمان لە دەستپێکی تەمەنی پێشمەرگایەتیم دا نەبووایە، من تەنها مانگێک یان دوو مانگ پێشمەرگایەتیم بکردایە.

بزەی سەر لێوی، تیشکی چاوی، سیگارەکەی دەستی،هەنگاو هەڵهێنانەوەکەی،جل و بەرگەکەی، ئاوڕ دانەوەکەی و .... هەمووی هەستێکی شۆڕشگێری تێدا بەدی دەکرا. ئەویش شۆڕشگێرێکی ڕاستەقینە و دڵ پاک و بە ئیمان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ورده ورده ژیانی نێو شۆڕشم دەست پێکرد، سەرەتا فێری چۆن دانیشت بووم، پاشان گاگۆڵکەم کرد و پاشان پێم گرت و فێری رۆشتن بوو. بۆ دانیشتن گەڕامەوە بۆ ساڵەکانی رابردووی کاک عوسمان و ویستم بزانم کام جۆرە دانیشتن شایەنی ئەو ژیانەیە و بۆ پێ گرتنیش چرکە بە چرکە چاوم لێ غافڵ نەدەکرد بەڵکو بزانم هەنگاوەنی کامیان دەگەڵ ئەویتریان فەرقی هەیە.

هیچ کات خۆم لەو ئاستەدا نەدی کە بتوانم رەفتار و کردارم وەک هی کاکە بێ، بەڵام ئەو پێی دەگوتم کە شۆڕش و ئەخلاق پێکەوە گرێدراون.

قەت نەمدی ئەو مرۆڤە خۆی بەسەر هەڤالانیدا بەرزتر نیشان بدا، چۆن بوو وا دەژیا، چۆن فێر ببو وا دەژیا ، پەروەردەی دەستی باوکێک بوو کە تا دوا ساتەکانی ژیان لە خزمەت گەل و شۆڕش دا بوو، هەر لە دەستپێکی کۆمارەوە تا گردی سلێمان بەگی بانە/.ئای رەحمەت لە گۆڕت بێ مامە خەلیفە حەمە ساڵە.

پەروەردەی دەستی دایکێک بوو کە خاوەن رۆحێکی پەپولەیین بوو، دایکێک کە جەرگی سووتاو بوو بۆ شەهید بوونی کاکە عومەری کوڕی.

کاک عومەر برای کاک عوسمان بوو، چۆنی باس بکەم؟ قەتم نەدیتووە، بەڵام زۆرم لێ بیستووە. گەورەتری رەستە کە بۆ شەهید عومەرم بیستوە لە زمانی کاک عوسمانەوە: / کاک عومەرم مامۆستای من بوو/. ئەمە بۆ من زۆر بوو بۆ ناسینی شەهید عومەری رەحیمی.

پەنجەکانم دەلەرزێن، بەخوای دەلەزێن گەلی دۆست و برادەرانم، دەلەرزێن کاتێک کە ناوی کاک عوسمان دەنوسم و باسی دەکەم، بزە جوانەکەی سەر لێوی و نێوچاوانە پڕ لە ماندوویەکەی و ئازارەکەی دەستیم دێتە بەرچاو. ئەمانەم هەمووی لە نزیکەوە بینیوە، خۆزگەم بە خۆم.

بە تەواوی لە مانای مرۆڤایەتی گەیشتبوو، رێزی دەگرت لە مرۆڤەکان، لە منداڵ و ژن و پیاو و پیر و لاو، هەر یەکەو وەک خۆی. مرۆڤایەتی خۆش دەویست و شەیدای خاکی نیشتمان بوو. هیچم لێ نەبیست کە باسی ماڵی دنیا بکا، هیچ کاتیش دڵی بە ماڵی دنیا خۆش نەکرد، سادە دەژیا و سادە ژیانیشی فێر دەکرد. خۆزگە بۆ جارێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تورەبوون و شێواوییێکم پێوە بدیایە تاکوو تەجروبەی چۆن تورەبوونیشم بکردایە، بەڵام هیچ کات لێم نەدی چونکە ئەو بەتەواوی مانا مرۆڤێکی مەتیین بوو.

کاک عوسمانی رەحیمی، بۆ گەل بۆ خاک و بۆ منداڵەکان و هاوسەرەکەی ،ژیانی فیدا کردبوو، خزمەت بە گەل و نیشتمانی لەسەروو هەموو خزمەتەکانیەوە دانابوو. سامانی فێر کردبوو کە سامانی دنیایی مانایێکی نیە و سامانی مرۆڤایەتیە کە دەبێ بیپارێزی. سورکێوی فێر کردبوو کە شاخەکانی کوردستان هەمیشە پاڵ پشتی گەلەکەمان بووە و دەبێ ئیرادەمان وەک شاخی سورکێوی قارەمان بێ. سنور، کچە بچکۆلانە خوێنشیرینەکەی، وای فێر کردبوو کە کوردستان یەک وڵاتە و سنورەکانی سازکراون و سنوریان نیە. زۆر جار لە خاتو پەخشانی هاوسەری بیستووە کە دەڵێ: عوسمانی رەحیمی مامۆستای من بووە.

هەڤاڵ،

باس لە کام خسڵەتت بکەم. هەژار دۆستیەکەت؟ کورد پەروەریەکەت؟ رەوشتی جوات؟ کردەوەی پاکت؟ هەڵسو کەوتی مەتیینت؟ میوان داریەکەت؟ ......

لە کام خاڵی ئەخلاقی شۆرشگێریت بدوێم؟

لە داوێن پاکیەکەت، دەست پاکی و سەداقەتەکەت، خۆشروویەکەت، ئەمانەت پارێزیەکەت، لە کامیان؟

باسی هەر کامیان بکەم ئەوی دیکەم لێ دێتە هەرا و دەڤیژێنێ بەسەرمدا وەک هەورێکی تینووی هەورە تریشقە و دەڵێ بۆ باسی من ناکەی منی لە هەموویان سەرتر بوو، هەر یەکە و وا دەڵێن، کەواتە هەموویانت وەک یەک بوون. ژیانت پڕ لە رەنج و زەحمەت بوو بە بێ ئەوەی چاوەڕوانییێکت هەبێ لە کەس و حیزب و ژیان. سادە ژیای بەڵام بەرز و بەشانازیەوە ژیای. خۆزگەم بە خاک. بەڵام ئەی خاک قەدری ئەو مەزنانە بزانە، بیان پارێزە و مەهێڵە ئازاری گۆڕ غەریبی بکێشن. ئەی خاک ئەگەر بێم و سینگت هەڵدڕم، بە هەزاران گەوهەر لە نێو سنگت دادەبینم کە راتگرتوون. رایانگرە تاکوو رۆژی بەڵێنیمان، تاکوو وڵاتمان بە گشتی ئازاد دەبێ و هەر کەسە و دەچینە شوێنی لە دایک بوونمان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاک عوسمان، یادت هەمیشە بەرز و بەڕێزە لەلامان، ناوت هەمیشە پیرۆزە لە دڵمان و هیچ کات لە یادت ناکەین. سڵاو لە رۆحی پاک و بێگەردت، سڵاو لە مێژووی پڕ لەسەروەری و پاکی ژیانی نەحەساوەت.

یادت دەکەم ماۆستای ئازیزم، بیرت دەکەم بە بە دڵ و گیان،هەست بە بوونت دەکەم و هیچ کات کۆچی تۆم بۆ هەزم نابێ. بە قەد پەلک و گەڵای داران غەریبیت دەکەم کاکە عوسمان گیان.

ئەوە ٦ ساڵ بەسەر کۆچی ناوەدت تێپەڕی، بەڵام بۆ چرکە ساتێک نەماتوانیوە پەند و ئامۆژگاریەکانت لە بیر بکەم. هەموو ساتێک یادت لە دڵما بەرز و پیرۆزە هەڤاڵ. بمبورە و شەرمەزاری خاکی سەر گۆڕتم کە لە توانام دا نیە وەسفی گەورەییت بکەم.

ئەم چەند ساڵە کە لامان رۆشتوویت و جێت هێشتین، نەمدەزانی چۆن چارەی ئەو بێتاقەتیە بکە، هەمیشە بۆنی تۆم ناوە بە کاک کەماڵەوە، کاک کەماڵی کەریمی، هاوڕێ بەوەفا و دڵسۆزەکەت کە ئێستاکەش غەمی لە دەست دانی تۆی ئازیزی کز نەبووە. تەمەن درێژی بۆ کاک کەماڵ بە ئاوات دەخوازم.

کەم ژیایت،بەڵام بەرز ژیایت. شەهیدەکان،هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانت،قوتابیەکانت ئەم شاهیدیەت بۆ دەدەن. سڵاو لە یادت پاکت شەهید.

--------

کاک عوسمان لە ١١ - ٩ - ٢٠٠٧ (٢٠ی خەرمانای ١٣٨٦ی هەتاوی) دڵەگەورەکەی لە لێدان وێستا و چووە ریزی شەهیدانی گەلەوە و گڵکۆکەی لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکڕاتە لە کۆیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## یادی ٧ ساڵەی بە سەر کۆچی ناوادەی هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی



**هیوا ڕەبیحی**

ئەمرو حەوت ساڵ بە سەر کۆچی ناوادەی هاوڕێی زۆر خۆشەویستم، مامۆستای سەردەمی خەباتی شاخ و کادری بەووج تێکۆشەر و سەرکردەیەکی بە توانا و بە هێزی حیزبی دیموکراتی کوردستان کاک عوسمانی ڕەحیمی تێ ئەپەریت. وا ئەزانم دوینی بە جیی هیشتووین و بارگە و بنەی بۆ سەفەریکی بی گەرانەوە بەستووە!

بەڵام بە بروای عوسمانی ڕەحیمی قەت نامری، چونکە لە پاش خوی ٣ عوسمانی تری جیهشتووە.

سۆران و سورکیو و سنور هەر سێکیان سێ مومی هەمیشە داگیر ساوو قەت نەکوژاوەی ڕێگای پر لە شانازی باوکیانن کە هەموو کات کاک عوسمان شانازی بە وانەوە ئەکرد چونکە لە باوەشی هاوسەریکی بە وەفا و دایکیکی دڵسۆز (پەخشان خانمی فەلسەفی) گەورە ببوون و لە قوتابخانەی باوکیان عوسمانی جوانە مەرگ پێگەیشتبوون.

هەزاران درود بۆ روحی پاکت، بو بیرو باوەری بی غەل و غەشت.

کاک عوسمان تۆ مامۆستامان بوویت و ئێمەیش قوتابی مەکتەبی تۆ بووین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بی پیچ و پەنا تۆ بوویت کە ئەلف و بیی سیاسەت و کوردایەتیت فیری ئێمە کرد، چونکە ئەو کات ئێمە سەرەتای گەنجیمان بوو وە هەست و سۆزی شۆڕشگێرانەمان هەبوو.

تۆ بوویت هاندەر و رێ نیشاندەری خەباتی کوردایەتی ئێمە دژ بە تاریک پەرستان و شەمشە کویرەکانی حکومەتی ئیسلامی وە ئێمەش پشت ئەستور بە تۆ وەک ئاربەبا و بابوس و دوزین راوەستاین و گویرایەلی دەرس و مەشقەکانت بووین و بە پیی رینوینییەکانی ماموستا و سەرکردەمان عوسمانی جوانە مەرگ هەڵسوکووتمان ئەکرد. هەر بریاریکی تۆ بۆ ئێمەی قۆتابیت وەک ئایەتی قورئان وابوو، چونکە تۆ وەک سەرکردەیەکی لیزان و بە توانا هیچ کات بە بێ هۆ بریارت نەئەدا و بە هێمنی و لە سەرەخۆیی پێت ئەوتین کە زۆر بە ژیرانە هەڵویست بگرین و بریار بدەین لە عاست دوژمنی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی، چونکە دوژمن یاری بەهەست و سۆزی گەلەکەمان ئەکات و بە چەکی ئایین شەڕمان لە گەڵ ئەکات وە ئێمە نابی کاریک بکەین هەستی گەلەکەمان خەوشدار بکەین و هەستیان بروشینین.

هەموو وانەکانتم لە بیرەوە قەت لە یادم ناچی وە تا ئەو کاتەی کە منیش دیم بۆ لات وانەکانت لە بیر ناکەم و مەشقەکانت بە ریکوپێکی بە ئەنجام ئەگەیەنم.

هیوادارم لە دەرس و مەشقەکانم رازی بێت و بتوانم لەوانەی خەبات و گەل دۆستی دەرەجەی باش بینم.

ئەی سەرکردە، ئەی ماموستای خەباتی شاخ و شار، ئەی یار و وەفاداری چینی زەحمەتکیش و چەوساوەکان، ئەی هاورێ و دڵسۆزی روشنبیران و گەنجانی شار و دی بە ئاسوودەیی بنوو وە هەمیشە لە یادەوەرییەکانمان دا تۆ لە یاد ناچیت وە تۆ هەموو کات مەشخەلی بەرخودان بوویت.

هەزاران سڵاو بۆ روحی پاکت

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# پەیڤێک بۆ ٨ ساڵەی کۆچی نەمر عوسمان ڕەحیمی



**قادر وریا**

ڕۆژ و مانگ و ساڵ دێن و دەڕۆن. مرۆڤەکانیش دێن و دوای کەم یا زۆر مانەوەیەک ماڵاوایی دەکەن. ئەوەی لە دوای ڕۆیشتووەکان بە جێ دەمێنێ، ئەو هەڵسەنگاندن و نرخاندن و بیرەوەرییانەیە کە لای زیندووەکان لە بارەی خۆیان یا لە پێوەندی لە گەڵ خۆیان دا بە جێیان هێشتوە.

سروشتییە ئەوانەی:

- کەمتر بۆ خۆیان و بنەماڵەکەیان ونزیکانیان دەبن و زیاتر خۆیان بۆ گشت و خەڵک و نەتەوە و کۆمەڵ و وڵات تەرخان دەکەن،

- ئەوانەی بە دوورن لە ئەزیەت و ئازاردانی دەورو بەر و، پێشکەوتن و سەرکەوتنی خۆیان نابەستنەوە بە تێکشکاندن و زیان گەیاندن بە کەسانی دیکە،

- ئەوانەی لەو پەڕی سادەیی و خاکیبوون دا دەژین و پێوەرەکان و بنەماکانیان بۆ ژیان و خەبات و هەڵسوکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خەباتکارانە، ئینسانی و مرۆڤدۆستانە و ڕەوشتبەرزانەن،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەوانەی بوونیان، مانا و پەیامی خەبات و شۆڕش وکاری نیشتمانی و حیزبی و سیاسی، دەوڵەمەند و قووڵتر دەکا،

کاتێک دەڕۆن لە دوای خۆیان ناوێکی بەرز و یادێکی خۆش بە جێ دێڵن و لە بیرەوەری و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی کەسە قەدرناسەکان و پێزانەکان دا، لە خەرمانەیەک ڕێز و خۆشەویستی دا هەڵ دەگیرێن.

عوسمان ڕەحیمی، لای من و هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە دیویانە و ناسیویانە، یادی جوان و بیرەوەریی خۆش و، ناو و کارنامەیەکی پڕشنگداری بە جێ هێشتوە. بڕوا ناکەم بە تێپەڕینی ساڵەکان، ئەم ڕێز و خۆشەویستییە، تۆزی فەرامۆشییان لە سەر بنیشێ.


لە ٨ ساڵەی کۆچی دوایی ئەم هاوڕێ خۆشەویستە دا، بە ڕێزەوە یادی دەکەمەوە و هاوخەمیی خۆم لە گەڵ یادگارە ئازیزەکانی ئەو نەمرە، بە تایبەتی هاوسەری بەڕیزیان پەخشان خانم ، و منداڵە ژیر و شیرنەکانی( سامان، سوورکێو و سنوور) کە ئێستا بە خۆشییەوە گەورە بوون وتازە لاوێکن، نوێ دکەمەوە. با گیانی کاک عوسمان ڕەحیمی ئاسوودە و شاد بێ کەلاوانی کوردستان، ناو و ڕێگاکەی زیندوو ڕادەگرن و ژیان و ڕەوشتی ئەو، دەکەن بە سەر مەشقی خۆیان.

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## یاد و ناوی بەرزت تا هەتایە لە دڵماندا زیندوو ئەمێنێتەوە



**ئازاد بانەیی**

١٠ ساڵ بە سەر کوژانەوەی ئەستێرەیەکی ئاسمانی کوردایەتی و یەکێک لە سەرکردە هەرە دیار و بەرچاوەکانی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کاکە عوسمان ڕەحیمی دا تێپەڕی.

کاکە عوسمان کادرێکی شارەزا، سیاسییەکی لێزان، فەرماندەیەکی لێهاتوو و پارتیزانێکی بە ئەزموون بوو. مرۆڤێکی خاوەن هزر و بیری شۆڕشگێرانەی چەپی نەتەوەیی. ئەو پێی وابوو ڕزگاری گەل لە لولەی چەکی پێشمەرگە دایە و ماف دەبێ بسەندرێ ئەگینا نادرێ.

زۆر پێکەوە ئەو دیو ئەو دیوەی سنوورمان کرد، دەیان جەولە و چالاکی سیاسی و پێشمەرگانە و چەندین شەڕی گەورە و بچووک پێکەوە بووین. ماوەیەکی زۆر لە رادیۆ دەنگی کوردستان پێکەوە هاوڕێ و هاوکاری نزیک بووین، زۆر شتی لێ فێر بووم و ئەزموونێکی یەکجار گەورەم لێ بە دەست هێنا. ئاخر ئەو قوتابخانەیەکی فێرکاری و مامۆستایەکی بە ئەزموون بوو کە هەر ساتەوەختێکی تەمەنی پڕ بوو لە زانست و مەعریفە و ئەخلاقی شۆڕشگێرانە.

بە دەگمەن جار تووڕە ئەبوو، هەموو کات دڵخۆش و داییم دڵنیابوو لە سەرکەوتن. دۆست و پشتگیرێکی گەورەی هەژار و چەوساکانە بوو. خۆشەویستی ناو کۆمەڵانی خەڵک و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بوو. کاکە عوسمان




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

میراتگری مێژووی دەیان ساڵە خەباتی بنەماڵەکەی و باوک و برا گیانبەختکردووەکانی بوو. بنەماڵەی خەلیفەی حەمەساڵە، یەکێک لە خۆشناوترین و ناسراوترین بنەماڵەکانی بانە بوون، هەموو خوێندەوار و شۆڕشگێڕ و خاوەن هەڵوێست. باجێکی یەکجار قورسیان لە شۆڕش دا بە بارەگای ئازادی بەخشیوە.

کاکە گیان ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی بێ ناز و شارە داییم شۆڕشگێڕەکەت لە هەموو کات زیاتر پێویستیان پێتە. سەد ئاخ کە لە ناومان دان نەماوی، تا سەرکەوتن و شایی لۆغانی کچ و کوڕانی شارەکەمان ببینی پاش ڕوخانی حکومەتە نگریسەکە.

یاد و ناوی بەرزت تا هەتایە لە ئماندا زیندوو ئەمێنێتەوە

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٥





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هونراوە و شێعر

## وەرە حەیران!

**فەتاح کاویان**

پێشکەشە بە بنەماڵەکانی ڕەحیمی و فەلسەفی

دەڵێن ئەمڕۆ گوڵی ژیانی عوسمان ڕەحیمی
بە شەختەی نابەوەختی هاوینی تەمەن
هەڵپڕووکاوەو هەڵوەراوە،
ئەستێرەی ژیانی پڕ لە شانازی
بە سینەی ئاسمانی نەماندا ڕاخوشاوە
وەرە حەیران!
دەڵین ئەمڕۆ "سامان"و "سوورکێو"
بێسەرو سامانن
یایی پەخشان و کۆڕی هاودەردانی
چاو بە فرمێسک و دەستە و ئەژنۆ
خەریکی شیوەن و گریانن
"سنوور"ی نازداریش
نازی لێ شێواوە
لووزەوەی فرمێسکی دایکی خەمباری
بەسەردا ڕژاوە
بزەی شادی و خۆشی لە سەر لێوانی نەماوە
خونچەی دڵی ناسکی ژاکاوە و هەڵپڕووکاوە
وەرە حەیران!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەڵێن ئەمڕۆ شۆڕەسواری مەیدانی خەبات
بۆ ئازادیی کوردستان
بەهۆی مەرگی نابەوەختێ لەناکاو
ماڵئاوایی کردوە لە هاوخەباتان، لە دۆستان
وەرە حەیران!
دەبا شەتاوی فرمێسکی ئاربەبای سەربەرز
وەڕێکەوێ بەرەو
کەوپێچ و سلێمان بەگ و هەژدەدۆڵان و،
بەرێ ئەم هەواڵە دڵتەزێنە بۆ شێرە ژنان و
پیاوانی ئازای ئەو مەڵبەندەو پێیان بڵێ:
کۆتری ژیانی فەرماندە ئازاو بەجەرگەکەیان
زۆر نابەوەخت و لە نەکاو
داوێ لە شەقەی شاباڵان
بەرەو دیاری مەرگ و نەمان
وەڕێی خستووە لە ڕێزی هەڤاڵان
شیوەن و گریان و هاواران
وەرە حەیران!
دەڵێن ئەمڕۆ هاوسەنگەرانی ئەو شێرە پیاوە
جەرگ بریندار و دڵ پڕ لە خوێنن
کچان و کوڕانی هاوخەباتی سەربەهەش و مل بەکوێنن
دەڵێن ئەمڕۆ هەڤاڵانی "گەنج خەلیل"ەکەی بانەی قارەمانپەروەر
جەرگ سووتاون، دڵ بریندارن، هۆش لێبڕاون
وەرە حەیران!
لە پەژارەی مەرگی عوسمان ڕەحیمی دا
چاوم خوێن دەپڕژێنێ
جەرگم شەقار شەقارە و خوێن دەدەڵێنێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هێزی ئەژنۆیانم نەماوە
کۆڵەکەی هیوا و هومێدم شکاوە
کاروانی شادی لە مەڵبەندی دڵی وێران
بارگەوبنەی تێک ناوە
ئەستۆندەکی ڕەشماڵی ژیانم درزی داوە و چەماوە
کولوەی ئاواتی لە مێژینەم تێک رووخاوە و،
بەسەر باخچەی ئاواتی پڕ لە گوڵمدا ڕماوە
وەرە حەیران !
ئەمڕۆ هەوری ڕەشی ناهومێدی
بەسەر ئاسمانی ژیانم داکشاوە
نەمامی هیوا و هومێدم لە ژێر گژەبای مەرگی ڕەحیمی دا
چەماوە، سیس هەڵگەڕاوە و داچۆڕاوە
پەریی شادی و شادمانیم لێ تۆراوە
فرشتەی هیوا و هومێدم لە هەڵدێرگەی ناهومێدی
هەڵدێراوە
بەڵام،
یاران
هەتا ئەو رۆژەی شارەگی ژیانم نەپساوەو
دڵم لە لێدان نەوەستاوە
یادی پیرۆز و پڕ لە شانازیی عوسمانی ڕەحیمی
لە ناو دڵی من و هەموو هاوسەنگەرانی
بۆ هەمیشە نەخشاوەو
ناوی بەرزی لەسەر دەروازەی دڵی
هەموو خەباتکارانی ڕێگای ئازادی
نوسراوە و زێرکفت کراوە ١٦ی سیپتەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ڕێژنەی خەمان



**ئاشق**

پێنج ساڵ پێش ئێستا و لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ دا، هاوڕێی خۆشەویستم کاک عوسمانی ڕەحیمی ماڵاوایی لێکردین. ماڵاواییەکی ناوەخت و کوتوپڕ، ڕاست لە کاتێک دا کە بوونی زۆر پێویست بوو. کۆچێک کە دڵی هاوڕێیانی پڕ لە پەژارە کرد و ڕێژنەی خەمی بەسەر دا باراندن. عوسمانی ڕەحیمی هەر تەنیا تێکۆشەرێکی نەسرەوتووی ئەویندار ی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوە و نیشتمانەکەی نەبوو، بەڵکوو هاوڕێیەکی دڵسۆز، وەفادار، خۆبەکەمگر و ڕاستگۆش بوو. بۆیە ئێستاش جێگای دیارە و هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە بەو پارچە شێعرە خەمی خۆم لە کۆچی بێوادەی دەرببڕم و یادی لە دڵم دا زیندوو ڕاگرم.

**ڕێژنەی خەمان**

ڕەفیقان، دۆســـــــتان، یاران، هەڤاڵان
برای هاوســـــــەنگەری ڕۆژان و ساڵان

ئەوانەی ڕۆژی سەخـــتی هاندەرم بوون
لە ڕێی ڕژدی خـــــەباتا یاوەرم بوون

کە دەمبینن خـــــــەمین و دڵپەشێوم



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کەساسم، دڵـــــــــپرم، پڕباره لێوم

مەڵێن بۆ هێـــــنده ئاڵۆز و خەمینی
مەڵـــــێن بۆ غەرقی شین و ماتەمینی

مەڵێن: هـــــەودای خەیاڵت بۆ پساوە؟
مەڵێن: ئەژنۆی ســـەبووریت بۆ شکاوە؟

گوڵێک ئەمـــــڕۆ له باخم هەڵوەریوه
دڕووی داخـــــی ده ناخم هەڵچەقیوه

سروشتی، دیمـــەنی، هەڵدانی، نەخشی
گەشەی، نەشوونمای، بۆی نەشئەبەخشی

که بێواده وەری، هـــــەرکام خەمێکن
له سەر دڵ هەر یـــەکه و زامی دەمێکن

خەمێک نیه ئەو خەمه، ڕێژنەی خەمانه
که ڕشـــــتوویه به سەر من دا زەمانه

ئەم شێعره دوو ڕۆژ دوای بیستنی هەواڵی دڵتەزینی کۆچیدوایی کاک عوسمان دانراوه.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سیروانی فرمێسکم

ئەحمەدی قادری

بۆ هاوڕێیی لە دەس چووم عوسمان ڕەحیمی

پێشکەش بە بنەماڵەی سەربەرزو ڕوو سووری ڕەحیمی و فەلسەفی

ئەمشەو دڵم کێڵگەی زامێکی لە نوێ یە
ئەمشەو سیروانی فرمێسکم، هەواڵی ماتەمینێکی دیکەی پێ یە
ئەمشەو سۆزی شمشاڵەکەی قالەمەڕە، دیسان دڵ دادەخورپێنێ
ئەمشەو بڵێسەی دەروونم، لە سوورکێوی (١) حەزء تاسەو،
سنووری (٢) سەرمایەی ژینم هەڵ گڕاوەو،
کڵپەی گڕکانی هەناسەم، وشەی سامانی (٣) پەخشانم (٤)، بێ وادە هەڵ دەپرووکێنێ
ئەمشەو شاری خەونەکانم خرۆشاوە
مانگ گیراوە
دڵی شکاوە
خەو زڕاوە
قامووس وشە بەجێی دێڵێ و، سەردوولکانە بە باڵای قەڵەم هەڵ دەدا
ئەمشەو خانی، تراژیدیی، مەم و زینی ئەم سەردەمە تۆمار دەکا
ئاربەبا هاوار دەکاتە مەیدانان و، لاوکی خەمی بۆ دەبێژێ
بۆ هەواڵێکی جەرگ بڕ
بۆ کۆچی ناوەختی عوسمانی بە بیر و دڵ پڕ لە گڕ
بۆ کۆترە شاخی قەندیلی مەندیل بەسەر،
لە ئەستێرەی وشەی ماندوو، سروودێکی دڵ پڕ لە خوێن دادەڕێژێ

***



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هۆ قوتابیە ناودارەکەی، فێرگەی قاسملووی ڕێبەر و شەڕەفکەندی!
هۆ ڕێبوارە خاوەن بەڵێنەکەی ڕێبازی شەهیدان!
هۆ خەمخۆرە بێ ئۆقرەکەی، چینی چەوساوەء بێ بەشان!
هۆ چاوسوور و جێی متمانەی ڕەش و ڕووتان!
چاوم لێیە رووحی نەسرەوتووت بە پرچی، زێڕینی خۆر هەڵ زناوە
گوڵە تیشکەی خۆری نەمری، لەسەر سنگ و بەرۆک داوە
بەرە و بەرزی، بەرە و ئاسمان
بەرەو ژوانی ئەستێرەکان
بەرز و بەرزتر لە هەڵۆ
بەرز هاوتای ئەستێرەی کۆ
باڵ دەبزێوێ بەرە و ترۆپکی ئازادی
بەرە و دنیای خۆشی و شادی
بەرە و قۆناغی سەربەستی و سەرفیرازی

***

ئەی هاوسەنگەری دڵ بەزامی لە دەس چووم!
ئیلهامی هەستی گڕگرتووم
هاوڕێی خاوەن قەول و بەڵێن!
شۆڕەسواری دوژمن تەزێن!
ژانی فڕینی پەپوولەی رووحی بەرزت لە ناخم دا
پەژارەی کۆچی بێ وادەت لە نێو دورگەی دەماخم دا
بە بەرزایی ئارارات و قەندیل و شاهۆو کەلی خان
بە قەت باڵای کێلەشین و سپی ڕێز و کانی کیژان
خەمی هاویشتە سەر دڵی بێ قەرارم
ژانی ژاری چزاندە خوێن و دەمارم
دڵنیابە لە بیرم ناچێ بۆ تاوێ
بەجێم ناهێڵی هەنگاوێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناوی بەرزت هەتا ماوم، تێکەڵ بە خوێن و هەستمە

یادت ژوانگەی پەریی شێعرء هەڵبەستمە

دە بێ خەم بە لە ڕێبازت، لەسەر قەول و بەڵێن سوورین

ڕێگای خەبات بەردەوامە، بە لاوی کورد پشت ئەستوورین

ئەرک و هەوڵ و هەڵوێستمان، تێکۆشانە، نەوەستانە

لە پێناوی ئامانجت دا، سەرمان وەک گۆ لە مەیدانە

نەیاری بیری بەرزی تۆ، لە کوردستان دەتارێنین

هەدانادەینء ناسرەوین، ئاواتەکەت وەدی دێنن

٢٨ی خەرمانانی ١٣٨٦






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شین

## هۆزان

بۆ مەرگی ناوەختی هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی
ئەو چاوە کە سەرکەوتن لە تیریێژی دەباری
خەم ئەمڕۆ چەمەرچۆپی دەکێشێ لە هەواری
پڕ خوێنە هەناوو دڵی قەندیل و دەچۆڕێ
فرمێسکی خوڕی کانی لە لا پاڵ و بناری
ئەستێرە بەدەم مەرگی بزەی مانگەوە دەگری
ڕوون دیارە لە ڕوخساری هەتاو ڕەنگی هەژاری
خەم لێرە سنووری نیە بۆ گەشت و فڕینێ
وەک شا لە هەموو شوێنێ هەڵی داوە دەواری
شێواو و پەرێشانە بەهاری حەزی پەخشان
هێلانەیە بۆ حەسرەت و شین لێوی بەباری
ئەژنۆی ڕەوەزی ئاگری لەرزیوە بەجارێ
سورکێو لە هەشی ناوە هەموو بەردە زناری
خۆ دەڕنێ بە ئازارەوە ئەو خامە خەمینەی
پشکووتوە ئازادی لە سەردێڕی وتاری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مەرگی چیا

**سوهەیلا قادری**

قەڵا، تازە هەیبەت و شەوکەتی
لە هەوای حەسانەوە دا بوو
شۆڕەسواری بیرء تەگبیر،
شوێن پێ تازەء قورسەکانی
هێشتا بە سینگی یەوە دیار بوو.
لەم هاوینی خەرمانانە
لە دوای ئەم گشتە، بیرە جوانە،
دڵێکی پڕ لە ئاوات و
مێشکێکی پڕ لە هزر و بیر
هەستێکی پڕ لە سۆزی کوردایەتی
گلاو، پەڕ پەڕ بوو ئەندێشە
دەلالۆ، ئازیزەکەی هەمووان
تاقانە هاوڕێکەی گشت شارەکانی کوردستان
دە هەستەوە ئەسپە شێکەت بآ ئۆقرەیە و
یاڵ و بژی لە هەش ناوە،
چیا شینت بۆ دەگێڕآء بەچۆک دادێ.
دەوەگەڕێ! قەڵا هەمووی چاوەڕوانە، تۆ بێیتەوە،
هاوڕێ ئازاو چوست و زاناکەی هەمووان
خەمخۆرەکەی رادیۆی دەنگی کوردستان
هاوڕێم، عوسمان رەحیمی، تیشک چاوەڕوانی خامە و قەڵەمتەو
دێرەکانی سەر لێشیواو شین دەگێڕن



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەندامانی نەهێنی، شاربە شاری کوردستان

چاوەڕوانی جوابی تۆ بوون بۆ چالاکی، لە ٢٦ی خەرمانان

دە وەگەڕێ، ڕەحیمیی خوێن شیرینەکەی، دادە پەخشان و پشت و پەنای سوورکێو و سنوور و سامان،

هاوڕێ ئازاء نەبەزەکەی هەمووان

ئەو ئێوارەی خۆرئاوا بوو، زەردەخەنەی تۆی نەبینی

لە ناو کۆڕی هەڤاڵاندا!

هەر بۆیەش، مانگی ناردبوو شوێن پێت کەوێ و

بگەڕێ ژوور بە ژووری قەڵا

بەڵکوو بێت و سۆراغێک لە خەمخۆرەکەی هەژارانی ئەم دەڤەرەی بۆ بزانی.

سەری سەربەرزی و خۆڕاگری ئاربابا و سوورکێو

نزم، نزم، چۆکی داداو بەرەو گۆڕستانی سلێمان بەگی بانەیان دەڕوانی

بەڵکوو بێت و روحی کاکە عوسمانی ڕەحیمی،

لەوێ دا بەدی بکەن و

کڕنۆشی بۆ بەرن.

ئەی هەڤاڵە بیرمەندەکەم

نەیانزانی کە تۆ لێرە

لە دەشتی کاکی بە کاکیی کۆیە

لە جیرانەتیی کەکۆن و هەیبەتسوڵتان

کە جێ سەری سەردارانی کوردو

جێ و مەکانی ئەدیبان و شاعیران و بیرمەندانی کورد زمانە،

لە گۆرستانە بچکۆلانە، بەڵام ڕێزدارەکەی شەهیدانی دێموکرات داو

لە ناوشینی گەرمی هاورێ و هاوسەنگەرانت دا

بە خاکی غەریبی یان ئەسپاردی.

هۆ لوتکەی چیای سەربەرزم، ئاربابا.

ئەوەتانێ، سەرداری جوانەمەرگی من، ئەوەتانا ڕەوەزی رووخاوی بەندەنت

یاری زاناو وەفاداری رادیۆ دەنگی کوردستان و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خاوەن خامەء دەست و پەنجەی گۆڤاری تیشک،

راوێژکارە لێهاتووەکەی دێموکرات و

خۆشەویستی هەموو شارانی کوردستان

بەکۆچی ناوادەی سووری

دڵی هەموومانی تەزاند

مەرگی بوو بە ئاگرێک و دڵی هەمووانی، هەڵقرچاند.

دەلالۆ کوا وادەی ماڵ ئاوایی سەردارانە

ئەی سەردارە لاوەکەی دێموکرات





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئەو کات و ئێستا

**محەممەدی فەقآ عەلی**

(پێشکەشە بە گیانی پاکی کاک عوسمان ڕەحیمی)

کە تۆ هاتیو یەکەم تروسکەی دنیات دی
بە شین و هاوار دەگریای کەست نەدی
ئێمە لەدەورت وەکۆ و قاقا ئەکەنین
تۆش قاقات لابێگانەو چاو پڕ گرین
تۆ ئێستا ماڵ ئاوایت کردوو
غەمت کردە هەوێنی ژین
بەڵام سەربەرزی ئەی هاوڕێم
چونکە ئێستا تۆی قاقایە و
لە ئێمەش شیوەن و گرین



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بۆ چلەی کاک عوسمان ڕەحیمی

سەعید سیوچەیی

ئەمڕۆ چل ڕۆژ لەمەوپێش
لێرە لە کۆیە
لە سەر ئەم گڵکۆیە
ئێوە هەمووتان کۆبوون
دڵپڕ لە ئازار سەر پڕ لە تاسە چاو پڕ لە فرمێسک بوون
گریان وەک بووڕکان دڵی ئەسووتان
خوشکان فرمێسکیان ئەرشت وەک باران
باوکان ئەژنۆیان گرتبوو لە باوەش لە تاوان
براکان هەنیسکیان هەڵ ئەکێشا فرمێکسیان ئەڕژا لە چاوان
دایکان دەگریان بە قوڵپەی گریان
ئێمەش لێرەوە دوور لە کوردستان
شەریکتان بووین
لە بووڕکان، لە سووتان، لە گریان، لە هەڵپڕووکان
بۆ پێشمەرگەیەکی خۆشەویستی هەژاران
بۆ ڕێبەرێکمان
بۆ مامۆستایەکمان
بۆ ڕۆڵەیەکی تێکۆشەری کوردستان
بۆ پارتیزانێکی ماندوونەناسی بە ئیمان
ئیمان بە سەر کەوتنی کوردستان
بۆ باوکی سوورکێوء سنووره سامان
بۆ هاوڕێی ژیانی پەخشان خان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ کاک عوسمانی بەرزو بەڕێزمان

یادت پیرۆز بێت لەگەڵ شەهیدان





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی پرسە و سەرخۆشی و ڕێورەسمی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات
### بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەر کاک عوسمان ڕەحیمی

---

### پەیامی پرسە و سەرخۆشی حیزبی دێموکراتی کوردستان- کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی کانادا




بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەمرۆ ڕێکەوتی ١١ی سیپتەمبەری٢٠٠٧، هەواڵی کۆچی دوایی هاوڕێی تێکۆشەر و شۆڕشگێری حیزبەکەمان کاک عوسمان ڕەحیمی ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی‌مان پێ گەیشت, کە بە یەکێک لە ناخۆشترینی هەواڵەکانی نێوخۆی حیزبەکەمانیب دەزانین.هەواڵی ئەم کۆچە ناوەختە دڵی هەموو ڕێبوارانی ڕیگای ئازادی و سەربەستی گەلی کورد، بە تایبەت ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی تووشی خەم و پەژارەیەکی مەزن کرد. بە کۆچی دوایی هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی حیزبەکەمان خەباتگێڕیکی لێوەشاوە، کەسایەتییەکی بەوەج و خۆشەویستی نێو ڕیزەکانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی لە دەست چوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان،کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی کانادا، بە بۆنەی ئەم خەسارە گەورەیە لە گەلی کورد و حیزبەکەمان، پرسە و سەرەخۆشی لە هاوسەر و منداڵە ئازێزەکانی کاک عوسمانی جوانەمەرگ و بنەماڵەکانی ڕەحیمی و فەلسەفی و هەموو ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب دەکا و خۆی بە هاودەرد و هاوخەم لەو کارەساتە دڵتەزێنە دەزانێ.

سڵاو لە گیانی پاکی هاوڕێی خۆشەویست و تێکۆشەرمان کاک عوسمان ڕەحیمی،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

رووحی شاد و رێگای پر رێبوار بێ.
سڵاو لە رێبوارانی رێگای رزگاری نەتەوەی ژێردەستی کورد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان- کۆمیتەی رۆژهەڵاتی کانادا، بەشی راگەیاندن

١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧

## کۆرێکی رێزلێنان و هاوخەمی بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک عوسمان رەحیمی، لە کۆمیتەی نۆرویژ




رۆژی ١٦ی سپتەمبەری ٢٠٠٧، کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی کومیتەی حیزب لە وڵاتی نۆرویژ بە هاوکاری کومیسیۆنەکانی دیکەی کومیتە و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان،

بەبۆنەی شەهید بوونی هاورێی ماندویی نەناس و تێکۆشەری بە وەفای گەلەکەمان بەرێز کاک عوسمان رەحیمی، ماراسیمێکی بەرێوە برد.
شایانی باسە کە ئەم مەراسیمە چونکە هاوکات بوو لە گەڵ یادی ١٥ ساڵەی شەهید بوونی رێبەری بە توانای حیزبەکەمان دوکتور سادقی شەرەفکەندی و هاورێیانی، بەشێکی تەرخان کرا بۆ یادو بیرەوەری ئە شەهیدانە و رێز گرتن لە خەبات و تێکۆشانی ئەوان.
مەراسیمەکە لە شاری لیللە سترۆم بە رێوە چوو. هەر وەک چاوەروانیش دەکرا، نوێنەرانی نزیک بە تەوای حیزب و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزب لە دوور و نزیکەوەرا هاتبوون و بە پەرۆشەوە بەشداری مەراسیمەکەیان کرد.

ڕێ و ڕەسمەکە لە ساعەت ۳،۳۰ ی دوا نیوەڕۆ دەستی پێ کرد و تا ساعەت ٦ی ئێوارەی خایاند.

سەرەتا بەرێز کاک ئەسعەد خزری وەک بەڕێوە بەری کۆڕیادەکە، بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و بەتایبەت شەهیدانی میکۆنوس و هاوڕێ بە ناوەخت کۆچ کردومان کاکە عوسمان ڕەحیمی، دەقیقەیەک بێ دەنگی ڕاگەیاند .

باقی بەرنامەکانی دیکە بەم شیوەیە بەڕێوە چوون:

❊ کاک کەریم ئەڵڵاوەیسی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی حیزب کورتەیەک لە ژیان و بەسەرهاتی شەهید دوکتور سەعیدی پێشکەشی بەشداران کرد.

❊ پەیامی کومیتەی ناوەندی بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی، لە لایەن کاک عەلی لالە بەرپرسی کومیسیۆنی ڕاگەیاندنی کومیتەی حیزب، خوێندرایەوە.

❊ کاک هاشم ڕۆستەمی لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتی بەرزی سیاسی، کۆمەلایەتی، تەشکیلاتی و تەنانەت نیزامی و قەلەمی بە برشتی کاکە عوسمان ڕەحیمی دا بۆ بەشداران دوا.

❊ ڕێزدار کاک حەمەدەمینی مەجیدیان تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات، وەک کەسێک کە ساڵانێکی زۆر لە نزیکەوە لە گەڵ کاکە عوسمان و بنەماڵەکەی ئاشنایەتی هەبوو بە دڵێکی خەماوی یەوە سەبارەت بە ژیانی سەربەرزانەی شەهید عوسمان وتارێکی پێشکەش کرد.

❊ خاتوو لەیەلا سیمایی کە تازە هاتۆتە وڵاتی نۆرویژ و هەروەک خۆی وتی بەر لە هاتنی بۆ ئەم وڵاتە، لەکوردستان بۆ ماوەی دوو مانگ میوانی ماڵی کاک عوسمان بوە، بە خوێندنەوەی پەخشانێکی خەماوی هەستی ڕێز خۆشەویستی خۆی بۆ کاکە عوسمان دەربری و بە فرمێسکی چاوەکانی کە وەک دانەی مرواری دەرژانە سەر لاپەرەی نوسراوەکەی، نووسی کاک عوسمانی تێکۆشەر ،بابانەکەی ئاربابە دڵنیا بە کە ڕێگەی خەباتت تا گەیشتن بە ڕزگاری هەر درێژەی هەیە.

❊ بەرێز ئیدریس سابیر بە پێشکەش کردنی پارچە شێعرێک هەست خۆی بەم بۆنەوە دەر بری.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

* نوێنەرایەتی ئەم حیزبە بەرێز و تێکۆشەرانە لەم یادەدا وتار و پەیامیان هەبوو.
* پەیامی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە لایان کاک هەندرێن پێشکەش کرا.
* پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان لە لایان کاک ئامانج بەرزنی خوێندرایەوە.
* پەیامی پارتی سەربەخۆیی کوردستان لە لایان کاک سەلاح سوڵتان پەنا خوێندرایەوە.
* پەیامی پارتی سەربەستیی کوردستان لە لایەن کاک عارف باوەجانی پێشکەش کرا.
* پەیامی بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان لە لایەن کاک حوسێن خەلیفە خوێندرایەوە.
* پەیامی ئێس ئۆ ئێس راسیسمە(رێکخراوی دژ بە رەگەز پەرستی) لە لایەن کاک باقی تالبلعلم خوێندرایەوە.
* هەیئەتی رێکخراوی خەباتی شۆرشگێری کوردستان بروسکە ماتەمینیان دایە بەرێوەبەری کۆریادەکە .
* پارتی ئازادی کوردستان پەیامی پرسەو سەرەخۆشیان بۆ کۆرەکەمان ناردبوو.
* یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بروسکەی هاوخەمیان دایە بەرێوەبەرانی کۆریادەکە. شایانی باسە کە یەکیەتی ژنان لە بەریوە چوونی ئەم مەراسیمەدا نەقشی بەرچاویان هەبوو.
* یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان بە بروسکەیەکی هاوخەمی و بەشدارای دڵسۆزانەیان بەشداری کۆریادەکەیان کرد.

لە کۆتایی دا پڕ بەدڵ سپاسی هەموو ئەو رێکخراو و حیزب و سازمانانە، کۆرو کۆمەڵانە دەکەین کە لەم مراسیمە دا هاوخەمیان لە گەڵ کردین و بە بەشداریان ئێمەیان لە سەر درێژە دانی رێگای شەهید عوسمانی کۆچکددوو و هەموو شەهیدانی سورخەڵاتی گەلەکەمان دڵگەرمتر کرد.

هەزاران سڵاو لە یادی هاورێی کۆچکردوومان کاک عوسمانی رەحیمی.

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیتەی نۆروێژ

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بە بۆنەی ماڵاوایی تا هەتایی کاک عوسمانی ڕەحیمییەوە




ڕۆژی ٢٠ی خەرمانانی ئەم ساڵ، کاک عوسمانی ڕەحیمی تێکۆشەری ناسراو و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان "بەجەستە" بەجێی هێشتین و بەکۆچی ناوادەی خۆی، لەم گەردوگوڵی پاییزەدا خەرمانانی کردین بە خەمباران.

هەرچەند مەحوی گوتەنی:

"لە ڕۆژێ هەڵدرا ئەم کۆنە خێمەی تان و پۆ شینە
لەسایەیدا شەرابی بەزمی عوشرەت گریە جۆشینە"،

بەڵام لە یادی کۆچی ناوادەی ئازیزێکی وەک عوسمانی ڕەحیمدا، چبکەین ئەگەر نالی گوتەنی:

"لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ وەختە ببێ بە ئاو و بەچاواندا بکا عبوور"...

باسکردن لە عوسمانی ڕەحیمی تەنیا باس لە تێکۆشەرێک یان یادکردنەوەی خەباتکارێک نیە. عوسمانی ڕەحیمی لە مێژسال بوو بە شاهیدی هەموو ئەوانەی لە دوورونزیکەوە دەیانناسی "دیاردە"یەک بوو لە نیو ریزی هاوسەنگەرانیدا. ئەگەر پێشمەرگە لە نموونەی ئیدئالی خۆیدا،


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مرۆڤێکی خەباتکاری ماندووییەناس، ڕەوشتبەرز، گەلویست و خۆنەویست بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە عوسمانی ڕەحیمی سەرتۆپی ئەو پێشمەرگانە بوو کە ئاوێنەی باڵانوێنی پێشمەرگە بەتەواوی مانای فەلسەفی، سیاسی و ئیخلاقیی ئەو وشەیە بوو. دیارە گەورەیی عوسمانی ڕەحیمی بەرلەوەی پێوەندیی بە شوێنگەی شیاوی خۆی وەک ئەندامێکی لەمێژینەی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتەوە هەبێت، بە کەسایەتیی بەرزی ئینسانی و ئەو تایبەتمەندییە شەخسییانەیەوە گرێدرابوو کە ئەوی کرد بە مرۆڤێکی شیاوی خۆشویستن و پشت پێ بەستن. هەڵبەت کاتێک ئەو تایبەتمەندییە بەرزە ئینسانییانە لە گەڵ ئیخلاقیاتی پێشمەرگەیەکی ئیدەئالدا ئاوێتەی یەکتری بوون، ئیتر ئەو عوسمانی ڕەحیمییەیان لێ کەوتەوە کە وشە و تەعبیرە باوەکان عاجزبن لە وێنای تەواوی کەسایەتییەکەی. عوسمانی ڕەحیمی ئەگەر لە جەرگەی خەباتی خوێناویماندا حورمەتی "ئینسان"ی لە بەرزیدا پاراست، وەکو پێشمەرگەیێکیش نەک هەر پڕاوپڕی کەسایەتی پێشمەرگەیەکی ئیدەئال بوو، بگرە دەبوایە پێوانە بەرزەکانی پێشمەرگەیەکی ئیدەئال لە کار و ڕەفتاری ئەو هەڵبهێنجین.

بۆ عوسمانی ڕەحیمی،"کار" نرخی ڕاستەقینەی خەباتکارێکی دیاری دەکرد نەک پلە و پایە. ئەو، بەبێ ئەوەی ویستبێتی کەسمان تووشی عەزابی ویژدان بکا، هەر مرۆڤێکی بەویژدانی لە بەرامبەر ئەو پرسیارەدا ڕادەگرت کە گەلۆ، سنووری بەرپرسیاریەتییەکانی خەباتکارێک لە کوێ دایە و ئاستی لێپرسراویەتیی مرۆڤێک تا کوێ دەکرێ درێژ ببێتەوە.. کاک عوسمان، بەبێ ئەوەی ویستبێتی وانەیەکمان بۆ دابدات، فێری کردین کە تواناییە تاکەکەسییەکانمان زۆر لەوەی هەستی پێ دەکەین زیاترن و؛ بەبێ ئەوەی ویستبێتی ماندوویی خۆیمان بە چاوان دا بداتەوە، پێی سەلماندبووین کە دەتوانین و دەبێ لە پێناوی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی سەرشانماندا خۆنەویستتر، پڕکارتر و ماندووییەناستر بین.

عوسمانی ڕەحیمی لە ئەزموونی ژیانی شۆرشگێڕانەی خۆیدا سەلماندی کە بۆ پێشمەرگەیەکی ڕاستەقینە، ئەرکی سەردەمی ڕاوەستانی خەباتی چەکداری لە ئەرکەکانی سەردەمی شەڕ، ئەگەر زۆرتر نەبن کەمتر نین. دەکرێ بڵێین کە یەکێک لەو هۆیانەی کەسایەتییەکی تایبەتییان بە عوسمانی ڕەحیمی بەخشیبوو، توانای خۆگونجاندنی ئەو بوو لە گەڵ زەرووڕەتەکانی سەردەمە جیاوازەکانی خەبات. ئەوەش لە فەرهەنگی ژیانی کاک عوسمانی ڕەحیمی دا مانای خۆنەویستییەکی بێ ئەملاوئەولا بوو لە پێناوی بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی لە کەندولەندی خەباتی ڕزگاریخوازانەماندا دەکەوتنە ئەستۆی ناوبراو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەگەر پێشمەرگە 'تجسم'ی ئیرادەی گشتی نەتەوەیەک لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادیدا بێت، ئەوا زیادەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێین؛ عوسمانی ڕەحیمی نموونەی بەرزی ئەو ئینسانە ئیدەئالانەیە کە دەکرێ وەک بەجەستەبوونی "ویژدانی موعەززەب"ی نەتەوە لە قەوارەی پێشمەرگەیەکی روناکبیردا، ناوی بهێنین. عوسمانی رەحیمی پێشمەرگە بوو لە نموونەی هەرەبەرزی خۆی دا، ئەو چرایەک بوو بۆ شەوانی ژێردەستی نەتەوەیەک، کە دەکرا متمانەی پێبکەیت و لەگەڵیدا بە دڵنیاییەوە هەوراز و نشێوە سەختەکانی ڕێگای رزگاری ببڕیت.

"ناوی پێشمەرگەت لە خۆت نا، ناوت چەند خۆشە برام
من لە خۆشیی ناوی تۆ بوو وەک چرایەک هەڵکرام"

رووسووری لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە هەمە جۆرانە کە لەماوەی نزیک بە سی ساڵاندا، بە کاک عوسمان ئەسپێردرابوون، هەر لە ئەرکی پێشمەرگەییێکی سادەوە بگرە تا فەرماندەری نیزامی، لە ئەرکی کادرێکی سیاسییەوە بگرە هەتا بەرپرسایەتیی سکرتاریا و راگەیاندنی حیزب و گەلێک ئەرک و لێپرسراوێتیی دیکە، بەر لە هەموو شتێک هێمای وشیارییەکی بەرز و هەست بە بەرپرسیارییەتکردنێکی قووڵ بەرامبەر بە نەخشی تاکەکەس لە بەرەوپێشبردنی رەوڕەوەی خەباتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەمان دا بوو. کاک عوسمان ئەگەر هەموو وزەی بیر و جەستەی تاکەکەسیی خۆی تەرخانی خزمەت بە پرسە گشتییەکانی گەلەکەی کرد، هاوکات لە ڕێی ئەو هەموو کاریگەری و شوێندانانەی خۆیەوە، ئیعتبارێکی دیکەی بە نرخ و نەخشی راستەقینەی تاکەکەس لە شۆڕشدا بەخشی. کاک عوسمانی رەحیمی لە مێژساڵ بوو ئەوەی نیشان دابوو کە تاکەکەسی وشیار و لێپرسراو، لە هەر گۆڕەپانێکدا بێت دەتوانێ لە تەنیشت بەشداری لە دروستکردنی مێژووی بەکۆمەڵدا مێژووی تایبەتیی خۆشی بە جوانترین شێوە بنەخشێنێ. کاک عوسمانی رەحیمی لەو نموونە دەگمەنانە بوو کە بەباشی ئەو راستییەی سەلماند؛ کە کاری بە کۆمەڵ بەرهەمی نابێت ئەگەر هەر تاکێک لە لای خۆیەوە زۆرترین مایە لە خۆی دانەنێ و زۆرترین ئەرکی مومکین نەگرێتە ئەستۆی .

پشت ئەستوور بە کارنامەی سەرکەوتووی خۆشی بوو کە، عوسمانی رەحیمی بە بێ گوێدان بە بەرژەوەندییە شەخسییەکان، پێی لە سەر پاراستنی پرێنسیپە ئیخلاقی و سیاسییەکانی خەباتێکی دێموکراتیک دادەگرت و بەحەق دەتگوت لە وەسفیحاڵی ئەودا بووە کە مەحوی وتوویەتی :



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"بەحەق هەر حەق، بەناحەق ناحەقم وتووە لە رۆژێ بووم
وەکو 'مەنسوور' ئەگەر بیشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم "

عوسمانی رەحیمی هەرگیز بۆ پاداش نەژیا و، حاشا ئەگەر قەت لە بیری بەرژەوەندیی خۆیدا بووبێت. بەوەشەوە، ئەگەر ئێمە دەمانەوێ رێبوارێکی راستەقینە بین بۆ رێبازی ئەو شەهیدە مەزنە، ئەوا گەورەترین پاداش بۆ ئەو پێشمەرگە خۆنەویستەی گەلەکەمان، ئەزموون وەرگرتنە لەو وانە ئێخلاقییانەی کاک عوسمان کردبوونی بە سەرمەشقی ژیان و خەباتی بێوچانی خۆی .

لە گەڵ کۆستی ماڵاوایی کاک عوسمانی رەحیمیدا ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر دەبێتە مایەی وەفاداری بە رێبازی ئەو پێشمەرگە سەربەرزە و ئەو رێبەرە نەسرەوتووە و، بەدڵنیاییشەوە ئاسوودەیی بە گیانی پیرۆزی ئەو ئازیزەمان دەبەخشێ؛ نەک شینی بە کۆمەڵ، بەڵکو پێداچوونەوەیەکی تاکەکەسیە بەوەدا کە ئاخۆ ئێمە، هەر یەک لە ئێمە، چەندە لە ئاستی بەرپرسیاریەتییەکانمان داین و لە پێناوی وەڵامدانەوە بەو ئەرکانەی کە هەلومەرجی هەستیاری ئێستا هێناویەتییە رێمان، چەندەمان مایە لە خۆمان داناوە..

لە گەڵ کۆچی دوایی کاک عوسمانی رەحیمیدا کۆمەڵگای کوردستان یەکێک لە شەریفترین ئینسانەکانی خۆی و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کوردیش یەکێک لە کەموێنەترین رۆڵەکانی خۆی لە دەست دا. بەدڵنیاییەوە باسی لایەنەکانی کەسایەتیی بەرزی ئەو شەهیدە مەزنەی گەلەکەمان کارێک نیە ئێستا و لەم ساتەوەختەدا بتوانین کەمترین مافی خۆی بدەینێ.
عوسمانی رەحیمی لە کاتێکدا ماڵاوایی لێکردین، کە خۆی بە سەر "لوتکەی بڵێندی گەنجیەوە"، بە خەرمانی نزیک سی ساڵ ئەزموونی تیکۆشانی بێ وچانەوە، یەکێک لە لێوەشاوەترین کادرە پێشکەوتووەکانی رێبەرایەتیی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان بوو .

ماڵاوا و سپاس، سپاس بۆ گەنجینەی بەنرخی خەبات و تێکۆشانی بێوچانت، ئەی هاورێی بەنرخی رێگای ئازادی، ئەی پێشمەرگەی لێوەشاوەی کوردستان...بەختەوەرین بەوەی هاوسەردەم و هاوسەنگەرت بووین، هاورێ!.. رێگات بەرنادەین؛ گەرچی رێبواری رێگات بوون شتێکە و رێبوارێکی وەک تۆ بوون شتێکی تر...

حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمیتەی فینلاند



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی ناوەختی هاوڕێی خۆشەویست کاک عوسمانی ڕەحیمی




**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد**

ڕۆژی سێشەممە، بیستی خەرمانان، بەرامبەر بە یازدەی سێپتامبری ٢٠٠٧، لە ناوەندی حیزبەوە ئاگادار کراین کە بە داخێکی گرانەوە، هاوڕێی بە وەج و ماندوویی نەناس، کاک عوسمانی ڕەحیمی ئەندامی دەستەی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزبەکەمان، حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بە هۆی نەخۆشیی ڕاوەستانی مێشکەوە بە شێوەیەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کردوە.

ئەو هەواڵە ئەوەندە لە نەکاو و هەر لەو حاڵەش دا ناخۆش و دڵتەزێن بوو، کە بە ڕاستی هەمووومانی سەرسام کرد و هەرچەند ڕوون و ئاشکرایە کە هەموو مرۆڤێک سەرەنجام ڕۆژێک لە گەڵ مەرگ بەرەوڕوو دەبێ و لە بناخە دا مردن ڕاستی‌یەکی حاشاهەڵنەگرە، لە سەرەتاوە باوەڕ کردنی ئەو هەواڵەمان بۆ زەحمەت بوو. ئاخر ئێمە کە عوسمانی ڕەحیمیمان دەناسی و لە ماوەی دەیان ساڵ خەباتی ڕەوامان و لە زۆر قۆناخی پڕکەند و لەند و ناسک دا لە نێزیکەوە شاهیدی خەبات و تێکۆشانی بووین، هەرگیز پێمانوانەبوو کە مەرگ ئاوا زوو بتوانێ بە سەر لەشی ئەو هاوڕێ هەڵسووڕە دا زاڵ بێ، یان تەنانەت نەخۆشیی بێئامانی سەکتەش زەفەر بە مێشکی کارای بەرێ و لە بیرکردنەوەی بوەستێنێ. ئاخر وجوودی کاک عوسمان پڕاوپڕ لە ئێنێرژیی تێکۆشان و سەری پڕ سەودای ئەوینی ئازادیی نیشتمانی لێوا و لێو لە بیرکردنەوە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کار و ئەرکی سەرشانی و پلان بۆ دواڕۆژی حیزبەکەی بوو. وجوودی هاوڕێ عوسمانی ڕەحیمی ژیان، زیندوویی و هیوا بە دواڕۆژی لێدەباری و بە ڕاستی ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گاڵتەی بە ماندووبوون، ناهومێدی و وەستان دەهات. ئەو کاتەی دوای ڕۆژێکی درێژی پڕ لە کار و هەڵسووڕان چاوت پێی دەکەوت، لە جیاتیی نیشانەی ماندوویی و شەکەتی، گەشی و کراوەییت لە ڕوخساری دا بەدی دەکرد و ئەووەش نیشانەی توانای کار، باوەڕ بە تێکۆشان و هیوا و دڵخۆشیی ئەو بە داوڕۆژ بوو، کە پێی وابوو دەبێ بە دەست و بیری خۆمان شوێنی لە سەر دابنێین و شکڵی پێبدەین.

هاوڕێ عوسمانی ڕەحیمی مرۆڤێکی خوێندەوار و زانا بوو. یەکێک لەو کادرە وشیارانە بوو کە باوەڕی بە نوێکردنەوەی سەردەمیانە، بە تایبەت ئاڵوگۆڕ لە حیزب دا و وەگەڕخستنی خوێنێکی تازە لە قەوارەی حیزب دا بوو. ئەو باوەڕی قووڵی بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکەی هەبوو و پێی‌وا بوو هەر تاکتیکێکی سیاسی ئەو کاتە بۆ ئێمەی کورد خێر دەداتەوە کە ماهیەتی نەتەوایەتیی ئێمە و داوای بنەڕەتی و سەرەکیی ئێمە لاواز نەکا.

کاک عوسمان نموونەی ئینسانێکی ڕاشکاو، ڕاستگۆ، پاک، بە سەبر، لەسەرەخۆ و خۆشمەشرەف بوو. هەر بۆیەش نەک هەر لە نێو هاوڕێیان و هاوکارەکانی دا خۆشەویست بوو و ڕێزی تایبەتیی لێدەگیرا، بەڵکوو لە هەر جێیەک کاری کردبا، زۆر زوو شوێنی لە سەر خەڵکی ئاسایی ناوچەی دەوروبەری خۆشی دادەنا و دەبووە خۆشەویست و جێگای متمانەیان.

کاک عوسمانی ڕەحیمی لە کاتی مەرگی ناوەختی دا تازە سنووری پەنجا ساڵیی پەڕاندبوو.

ئەو نێزیک بە سێ دەیەی تەمەنی کورتی خۆی لە پێناوی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی و لە ڕیزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا بەخت کرد. ئەو بە هۆی ئازایەتی، کارزانی و شارەزایی سیاسی یەوە هەر لە سەرەتاوە زۆر زوو جێی شیاوی خۆی لە نێو حیزب دا کردەوە و وەک کادرێکی چالاک و شایستە ناسرا. هاوڕێ عوسمان کە لە سەر تێکۆشانی تا دواهەناسە لە ڕێگای ئامانجە پیرۆزەکانی خەڵکەکەی دا ساغ ببۆوە، ئامادە بوو قورسترین ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبی وەئەستۆ بگرێ و پێشوازیی لە دژوارترین چالاکی بکا. ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە کە پلەی حیزبیی جۆراوجۆر لە کادرێکی تەشکیلاتی ڕا، تا ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری بەڕێوەبەری، ئیجرایی، تەشکیلاتی و هەروەها ئەندامەتیی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەرپرسایەتیی ڕادیۆ دەنگی کوردستان تەجرەبە بکا و بە ڕاستیش لە هەمووی ئەو بورانە دا داهێنەری و لێوەشاوەیی خۆی نیشان دا.

کۆچی بێوادەی کاک عوسمانی ڕەحیمی بۆ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بە تایبەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بە گشتی خەسارێکی گەورە بوو. گومانی تێدا نیە که کاک عوسمان بەرەو قۆناخێکی پڕ بەرهەمتری کار و ئاسۆیەکی گەشەدارتری تێکۆشان دەچوو. بیری بەرین و لێوەشایی کاک عوسمانی ڕەحیمی ئەوەیان لێچاوەڕوان دەکرا، که لە بەرپرسایەتیی بەرزتر و گرینگتری حیزبی دا وەگەڕ کەون و زۆر خزمەتی بە نرخی دیکەش بە کۆی خزمەتەکانی ئەو بە حیزب و نەتەوەکەیەوە زیاد کەن. مخابن ڕەموزنی مردن مەودای نەدا. بە ڕاستی زوو بوو. هاوڕێ، گەلێک زوو بوو.

کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، بە نوێنەرایەتیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە وڵاتی سوئێد، بەو بۆنە خەمبزوێن و دڵتەزێنەوە سەرەخۆشی لە هاوسەر، منداڵەکان و بنەماڵەی کاک عوسمانی ڕەحیمی دەکا و خۆی لەو خەمە گەورەیە دا بە شەریکیان دەزانێ، هەروەها سەرەخۆشی لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسیی و هەموو کادر و ئەندامانی حیزبەکەمان، خەڵکی خەباتگێڕی شارستانی بانە و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین. هەر لەو کاتەش دا بەڵێن تازە دەکەینەوە که هەرگیز نەهێڵین ئاڵای ئەو خەباتە که هاوڕێ عوسمانی ڕەحیمی و هەزاران شەهیدی ڕێگای ئامانجەکانی گەلی کورد پێشڕەو و پێشمەرگەی بوون هەروا شەکاوە ڕاگرین.

بەڕێز بێ یادی هاوڕێی تێکۆشەری کۆچکردوومان، کاک عوسمانی ڕەحیمی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی!

حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان

کۆمیتەی سوئێد

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**پەیامی پرسە و سەرەخۆشی کۆمیتەی بریزبێنی حیزب لە ئوسترالیا بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێی خۆشەویست کاک عوسمان ڕەحیمی**

هەواڵی کۆچی نابەوەختی کاک عوسمان ڕەحیمی کەسایەتی ناوداری حیزبەکەمان و ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانمان پێگەیشت.

لە قووڵای دڵمانەوە بۆ کۆچی دوایی کاک عوسمان بە داخین و سەرەخۆشی خۆمان لە ڕێبەری حیزب، کادر و پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب،بنەماڵەی خۆشەویست و هاوسەری ئازیزیی کاک عوسمان و خەڵکی کوردستان و بە تایبەت ناوچەی بانە دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانیین.

بێ شک  کۆچی دوایی کاک عوسمان خەسارێکی گەورەیە بۆ حیزبەکەمان و بۆ جووڵانەوەی گەلی کورد و جێگای لە ناو کۆڕی هاوڕێیانی دا دیار دەمێنێتەوە بەڵام بە دڵنیایەوە ڕێگای کاک عوسمان و هەموو شەهیدانی حیزب و گەل قەت چۆل و بێ ڕێبوار نامێنێتەوە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاک عوسمانی ڕەحیمی

کومیتەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان

بریزبێن ، ئوستراليا

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامـــی ســـــەرەخـــۆشی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک

دیسان ئارپابا بـەرگی غـەمی پۆشـیّ.

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵــی مەرگی لە نەکاوی کاک عوسمانی ڕەحیمی دەستەی ڕاوێژ کاری دەفتەری سیاسی کادری بەوەجی حیزبەکەمان پێشمەرگەی سێ دەیە خەباتی بێپسانەوە مان پێ گەیشت، لە ناخی دڵەوە غـەم و پەژارە دایی گرتین.

هەر بەم بۆنەوە کـۆمیتەی حیزبی بە نوێنەرایەتی هەموو ئەندامان و لایەنگرانی لە وەڵاتـی دانمـارک، پەرسەو سەرە خۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و کەسووکاری و هەموو هاوسەنگەرانی بە وەفـایی کـاک عــوسمانــی ڕەحیمی دەکەیـن.

هــەر لەو کاتەش دا، ئێمە بۆ جارێکی دیکە پەیمان نوێ دەکەینـەوە تـا گەیشتن بـە ئـاوات و ئامانجەکانی کـاک عــوسمان و هەموو شـەهیدانی بە خوێن شـەڵاڵ بـوو، هــەر وا خۆراگرانە درێژە دەری ڕێگایان بین.

هــەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ڕۆڵەی بە ئەمەگی دێموکرات کاک عوسمانی ڕەحیمی پشت و پەنای زەحمەتکێشان. ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت.

کـۆمیتەی حیزبی دێـموکراتی کـوردستان ـ دانمارک

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی یەکێتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە سوئێد بەبۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی




لە یەکێک لە قۆناغە هەستیارەکانی مێژووی خەباتی هەقخوازانەی نەتەوەکەمان و لە حاڵێکدا کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ بردنە پێشی بزاڤی میللی- دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە هەر کاتێک بە هەوڵ و هیممەتی ڕۆڵە بەتوانا و دڵسۆزەکانی گەلەکەمان پشت ئەستوور بوو، ئەستێرەیەکی دیکەی کەهکەشانی تەڤگەری کوردایەتی ڕاخوشی.

ئەمجارەیان کاک عوسمان ڕەحیمی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆڕی هاوڕێ و هاوخەباتەکانی خۆی بەجێهێشت و لە گوزەرگای لوتکەی هەڵوێستی ئینسانەوە بە قافڵەی نەمرانی ڕێگای ئازادی پەیوەست بوو.

بۆ هەموو ئەوانە کە هۆگر و خەمخۆری حیزبی دێموکڕاتن، عوسمانی ڕەحیمی ناوێکی ئاشنا و سیمایەکی خۆشەویست بوو. ئەو کە وەک ڕۆڵەی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر هەر لە سەرەتاوە ڕاکێشی کاروانی خەباتگێڕانی ڕێی ڕزگاری بوو، تا ئەو ساتەی دڵی پڕ لە ئاواتی لە لێدان کەوت بێ سرەوتن و بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک خزمەتی بە گەلە بەشخوراوەکەی کرد.

عوسمان ڕەحیمی چ لە خەباتی چەکداری و تەشکیلاتیدا و چ لە تێکۆشانی فکری و سیاسیدا، تێکۆشەرێکی کارامە و بە ئەزموون و شارەزا بوو. ئەو بە لێهاتوویی و ماندوویینەناسی خۆی ببوو بە نموونەیەکی بەرزی تێکۆشانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سادقانە و شێلگیرانە لەپێناوی ئازادیی نیشتماندا.

هەروەها لە بواری کۆمەڵایەتی‌دا کەسایەتی‌یەکی مەتین و خەڵکدۆست و لە ژیانی تایبەتیشیدا هاوسەر و باوکێکی دڵسۆز و مێهرەبان بوو.

یەکێتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێد سەبارەت بە لەدەسچوونی بێوادەی هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی سەرەخۆشیی خۆی بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان رادەگەیەنێ و هیوادارە کە بە لەخۆبردوویی میراتگرانی ڕێبازەکەی لە کەلێنی نەمانی ئەو تێکۆشەرە بەوەجە کەم بێتەوە.

ئێمە هەروەها بە دڵێکی پڕ لە حەسرەت و ئەوینەوە لەگەڵ هاسەری بەڕێزی شەهید عوسمان رەحیمی، دەستەخوشکی کۆست کەوتوومان خاتوو پەخشان فەلسەفی هاودەردی دەکەین و لەگەڵ ئارەزووی سەبووری و خۆڕاگری، هیواداریـن وەک بەشێک لە بنەماڵەی بەرینی دێموکڕات ئێمەش بتوانین هەتوانێکی هەرچەند کەم بە زامی لەدەسچوونی شۆڕشگێڕە ئازیزەکەی ببەخشین .

لەمەڕ جگەرگۆشە نازلێ شێواوەکانیشی، وێڕای ئاواتی تەمەنی درێژ و داهاتووی روون، هیواداریـن پەخشانی خۆشەویست هەست بە تەنیایی نەکا، چونکە جودا لە دڵسۆزیی بنەماڵە و فیداکاریی خۆی :

"حیزبیش باوکی مناڵێکە کە بێ باوکە، حیزبیش لانکی مناڵێکە کە بێ لانکە."

یەکێتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران - سوئێد، ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**کوردەکانی یۆتێبۆری وبۆرۆس دوو شاری سوئێد کۆڕ یادی ماتەمین بۆ کاک عوسمان ڕەحیمی دەگێڕن.**

به مەبەستی ڕێز گرتن لەسێ دەیه خەبات وتێکۆشان و ماندوویی نەناسی هاوڕێی به ناوەخت کۆچکردوومان،

ئەندامی پێشووی کومیتەی ناوەندی و ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی حیزبیدێموکراتی کوردستان کاک عوسمان ڕەحیمی له لایەن کومیتەکانی حیزب له شارەکانی یۆتێبۆری و بۆرۆس و به بەشداری هێزەسیاسیەکانی کوردی وکوردستانی و ئەندامانی حیزب و کۆمەڵێکی بەر چاو له دڵسۆزانی گەلی کورد، کۆڕێکی ماتەمینی له لۆکاڵی کۆمەلەی کوردی له گەرەکی کورتەدالای شاری یۆتێبۆری سۆئێد بەڕێوەچوو.

سەرەتا له لایەن هاوڕێ کەریم حوسێنی ئەندامی کومیتەی حیزب له یۆتێبۆری، به خێرهاتنی بەشدار بووانی کۆڕە ماتەمینەکە کراو ڕیزی بەرنامەی کۆڕەکە پێشکەش کرا.

دواتر هاوڕێ نەبەز علیدوست پەیامی کۆمیتەی یۆتێبۆری پێشکەش کرد.

بەشداری هێزەسیاسیەکانی کوردیوکوردستانی لەو کۆڕە دا به بروسکه و پەیامی سەرەخۆشی به شێوەی خوارەوە بوو:

- پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان له لایەن بەڕێز کاک شوان خواجه
- پەیامی یەکیەتیئیشتمانی کوردستان له لایەن بەڕێز کاک ئازادعەزیز ماوەتی
- پەیامی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران له لایەن بەڕێز کاک جەمال
- بروسکەی سەرەخۆشی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- پەیامی کومیتەی حیزب له بۆرۆس له لایەن کاک محمد سلێمان
- بەشداری ناوەندی خوێندن و کلتووری کوردی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**شایانی باسە کە شوێنی بەڕێوە چوونی کۆڕیادەکە بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان و وێنەی شەهیدانی ڕێبەر و هەروەها وێنەی هاوڕێی بە ناوەخت کۆچ کردوو کاک عوسمان ڕەحیمی و چەندین چەپکە گوڵ ڕازابووەوە.**

**کۆمیتەی یۆتێبۆری حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**١٦ی سیپتەمبەری ٢٠٠٧**

## فینلاند، کۆڕی پرسە و ماتەمینی هاوڕێ عوسمانی ڕەحیمی و ١٥ ساڵەی تیرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەری شەهید کاک سەعید و هاوڕێ یانی




**پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧، بە بۆنەی کۆچی ناوادەی تێکۆشەری ناو ریزەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی، هاوڕێ عوسمانی ڕەحیمی مەراسمێک بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، نوێنەرانی حیزب و لایەنە کوردستانیەکان، کوردانی نیشتەجێی وڵاتی فینلاند و بنەماڵەی بەڕێزی فەلسەفی لە شاری تورکو پێکهات. مەراسمی پرسە و ماتەمینی لەدەسدانی کاک عوسمان ڕەحیمی کە هاوکات بوو لە گەڵ پازدەهەمین ساڵیادی تیرۆری ڕێبەری شەهید د.سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ریستۆرانی میکونوسی شاری بیرلین، لە کۆرەکەدا بە یەکەوە ئاوێتە بوون و هاوکات یادی هەر چوار هاوڕێی تێکۆشەر و ماندوویینەناس بەرز ڕاگیرا.**

**سەرەتای کۆڕەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەیڕەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یاد و خەباتی ئەو**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پۆلە شەهیدە و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەستپێکرد. پاشان لە لایەن بەرێوەبەری مەراسمەکە، کاک سولەیمان شێخانی بەخێرهاتنی میوانەکان کرا و ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی کاک عوسمان ڕەحیمی خوێندرایەوە.

یەکەم وتاری کۆڕەکە وتاری نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بوو کە لە لایەن کاک جەعفەری حامیدیەوە پێشکەش کرا. بەرێز حامیدی لە وتەکانیدا تیشکی خستە سەر ژیانی شۆڕشگێرانەی کاک عوسمانی ڕەحیمی و باسی لە چۆنیەتی پەیوەست بوونی ئەو تێکۆشەرە بە ڕیزەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێمۆکرات کرد. خەبات و تیکۆشانی عوسمانی ڕەحیمی لە قوڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دژی ڕەژیمی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی، ماندووییەناسی لە کار و خەباتدا و ڕۆڵی چالاکی ئەو هاورێ نەمرە لە یەکگرتنەوە و وەسەریەک خستنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیمۆکرات بەشێک لەو وتارە بە پێزە بوون کە لە لایەن ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی حیزب لە دەرەوەی وڵات پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا، تێکۆشەری دێرین و ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکرات هاورێ جەعفەری حامیدی، باسی لە دوو خەباتکاری بواری ڕاگەیاندن و دوو کادر و دوو بەرێوەبەری ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، هاورێیان کاک د. سەعیدی شەرەفکەندی و کاک عوسمانی ڕەحیمی کرد. ڕۆڵ و خەباتی هاورێیانی شەهید کاک عەبدوڵڵای قادریئازەر و کاک هومایون ئەردەڵان بەشێکی دیکە لە وتارەکەی بەرپرسی کۆمیسیۆنەکانی زانیاری و پێوەندیە کوردستانیەکان لە دەرەوەی وڵات بوو کە لە پازدەهەمینساڵرۆژی تیرۆری میکۆنوسدا پێشکەشی کرد.

بە دوای وتاری نوینەرایەتی دەرەوەی وڵات، بەیاننامەی کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی تاهەتایی کاک عوسمانی ڕەحیمیەوە، لە لایەن بەرپرسی کۆمیتە تاهیر قاسمیەوە خوێندرایەوە. بەر لە خوێندنەوەی پەیامەکە، بەرپرسی کۆمیتە باسی لە تیرۆری ناجوامێرانەی میکونوس کرد و یادی ڕێبەری شەهید دوکتور سەعید و هاورێیانی بەرز نرخاند.

دواتر بروسکە و پەیامی هاودەردی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی خوارەوە، بە بۆنەی کۆچی کاک عوسمانی ڕەحیمی خوێندرانەوە؛



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

* پەیامی ماتەمینی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە فینلاند و هەروەها پەیامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان لە لایەن کاک عوسمانی رابە.
* بروسکەی ماتەمینی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، ڕێکخراوی فینلاند
* پەیامی پرسە و سەرەخۆشی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، نوینەرایەتی فینلاند لە لایەن کاک رەحیمی رەشیدی
* پەیامی پرسە و سەرەخۆشی کۆمیتەی ڕێکخستنی فینلاندی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە لایەن کاک جەعفەری مستەفا سوڵتانی
* پەیامی ڕێکخراوی بزوتنەوەی دێمۆکراتیکی یارسانیان لە لایەن بەشیر ئەمیرخانی
* پەیامی یەکێتی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن خوشکە شەهێن زادئەحمەد
* پەیامی سەرەخۆشی کۆمیتەی ئینگلستانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە لایەن فەرەیدون مەعروفی
* پەیامی ماتەمینی یەکێتی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن خاتوو شەوین مەمەندی
* بروسکەی ماتەمینی پارتی ئازادی کوردستان، فینلاند

لە کۆتایی مەراسمەکەدا، تێکۆشەری دێرین و خەباتکاری ڕێبازی کوردایەتی مامۆستا ئەبوبەکری فەلسەفی بە نوینەرایەتی بنەماڵەی هاوڕێ عوسمانی رەحیمی سپاسی ئامادەبوونی سەرجەم بەشداران و نوێنەرانی حیزب و لایەن کوردستانیەکانی کرد. لە وتارێکی بەپێزدا، بەرێز فەلسەفی باسی لە خەبات و بەرخودانی کاک عوسمانی رەحیمی لە سۆنگەی ئازادی نەتەوەکەیدا کرد.

شایانی باسە نێوئاخنی مەراسمەکە بە وتە بەنرخەکانی کاک دوکتور سەعیدی ڕێبەر رازابۆوە کە لە لایەن پێشکەشکاری بەرنامەوە نێوەنێوە دەخویندرانەوە و ساڵۆنی ماتەمینیش بە وێنەی ئەو ڕێبەرە و ڕێبەرانی شەهید قازی و قاسملوو و هاوڕێی تێکۆشەر کاک عوسمانی رەحیمی لە ناو پەرژینی گوڵدا رازابۆوە.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

کۆمیتەی فینلاند

١٧ی سێپتەمەری ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، بەڕێز عوسمان ڕەحیمی**

هاونیشتمانانی خۆشەویست!

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان!

ئازادیخوازان و شۆڕشگێڕانی کوردستان!

بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەر و خەباتگێڕ و ئازادیخوازی نەتەوەیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان،

پڕ بە دڵ خەم و پەژارەی خۆمانتان ئاڕاستە دەکەین و سەرەخۆشی خۆمان لە بنەماڵە و کەس و کاری شەهید عوسمان ڕەحیمی و هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، بە تایبەتی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و سەرجەم کادر و پێشمەرگە خۆڕاگرەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەکەین.

کاک عوسمان لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەردا لە دایک بوو، بۆیەش تا دواهەناسەی شۆڕشگێڕێکی بەوەرە و بەئیمان و کوردێکی وەفادار بە نەتەوەکەی بوو. کەسایەتییەکی بەرز بوو لە خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا و لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا جێگە و پێگەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو، بۆیەش لە مێژووی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا بۆ هەمیشە ناو و یادی شەهید عوسمان ڕەحیمی بەرز دەنرخێندرێ و ڕێزی لێ دەگیردرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەگەرچی مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پڕ بووە لە کارەساتی دڵتەزێنی لەوچەشنە، بەڵام کۆچی دوایی کاک عوسمان جارێکی دیکە ئەو پەیامەمان بۆ زیندوو دەکاتەوە هەوڵ بدەین باشترین پاداش بۆ شەهیدان بدەین کە هەروەک شەهید دوکتور قاسملووی مەزن دەفەرمێ " درێژەدانی ڕێبازی ئەو شەهیدانە"یە. لێرەوە لەگەڵ گیانی پاکی شەهید عوسمان ڕەحیمی و سەرجەم شەهیدانی ئازادیخواز و نەتەوەپەروەر پەیمان نوێ دەکەینەوە و بەڵێن دەدەین وەک خۆیان، تا دواهەناسە درێژەدەری ڕێبازی پیرۆزیان بین.

جارێکی دیکەش پەیامی سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمان ئاراستەی هەموو ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەرانی وڵات و نەتەوەکەمان دەکەین و سەری ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پاکی شەهید عوسمان ڕەحیمی و هەموو شەهیدان دادەنەوێنین.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢١ی خەرمانانی ١٣٨٦ - ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

## بە بۆنەی کۆچی دوایی هاورێی تێکۆشەر عوسمان ڕەحیمی یەوە

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

**تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

بەداخ و کەسەرێکی گرانەوە ڕادەگەیەنین کە دوانیوەڕۆی سێ شەممە ٢٠ی خەرمانان(١١ی سێپتامبری٢٠٠٧) هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی و تێکۆشەری دێرین و ناسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هۆی سەکتەی مێشک کۆچی دوایی کرد.

کاک عوسمان ڕەحیمی، کوڕی حەمە ساڵە، ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەر دا لە شاری بانە لە دایک بوو. باوکی کاک عوسمان یەک لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان بووو، هەتا دوا ساتی ژیانی بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان وەفادار مایەوە. برایەکی کاک عوسمانیش بە ناوی عومەری ڕەحیمی کە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو، ساڵی ١٣٦٢ لە کاتی تۆپبارانی کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی یەوە گیانی لەدەست دا. عوسمان ڕەحیمی خوێندکاری ساڵی پێنجی دام پزیشکیی زانکۆی تاران بوو کە شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرانسەری وڵاتی داگرت. بە هۆی ڕابردووی سیاسیی بنەماڵەکەی و تێکەڵاوی لە گەلڕ کۆڕ کۆمەڵە خوێندکاریء خەباتگێڕەکان، وەک خوێندکارێکی شۆڕشگێڕ و ئاگای کورد، ڕۆڵێکی چالاکی لەڕێکخستنی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی شاری بانە دا گرتە ئەستۆ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر ئەو ساڵەش بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەو کاتەوە تا کاتی کۆچی بێوەخت و لە ناکاوی هەموو توانای خۆی بۆ خزمەتی حیزبەکەی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کرد.

ئاگایی بەرزی سیاسی، خەڵکدۆستی، خاکەڕایی، ماندوویی نەناسی و ئامادەیی بۆ بەڕێوە بردنی ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبی، زۆر زوو عوسمان رەحیمیی کرد بە سیمایەکی ناسراو و خۆشەویستی حیزبی دێموکرات لە شارستانی بانە. هەر بۆیە بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری سیاسی، تەشکیلاتی و ئاموزشیی لە ئاستی کۆمیتەی شارستان و هەیئەتی ئیجرایی دا پێ سپێردرا. کاک عوسمان لە ئاکامی نیشاندانی لێوەشاوەیی لە خۆی و سەرکەوتنی لە ئەرکە پێ سپێردراوەکانی دا، لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردراو بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی بانەی پێ سپێردرا.

هاوڕێ بە نرخ عوسمان رەحیمی لە ماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵ تێکۆشانی شێلگیرانە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، هەموو کات یەک لە بەرێوەبەران و بەرپرسە بەتوانا و بە خزمەتەکانی حیزبەکەی بوو و، بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە کادری رێبەریی حیزب دا، بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری گرتە ئەستۆ. ئەگەر لە هەلومەرجی دژواری خەباتی پارتیزانی دا، بەرپرسێکی فیداکار، مودیرێکی سەرکەوتوو، سیاسی یەکی ئاگا و فەرماندەیەکی بە توانا بوو، لە بەڕێوە بردنی تەشکیلاتی نهێنی، گرتنە ئەستۆی کار و باری پێوەندییەکان، بەرپرسایەتیی سکرتاریای حیزب، ئەندامەتیی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "کوردستان" و ئیدارە کردنی رادیۆی دەنگی کوردستانیش دا، سەرکەوتوو و سەربەرز بوو. ئەو خزمەتانەی عوسمان رەحیمی لە بواری فکر و نووسین و فێر کردن و راگەیاندن دا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی شۆرشگێرانە لە رۆژهەڵاتی کوردستانی کردوون، لە خزمەتەکانی دیکەی کەمتر نین.

عوسمان رەحیمی وەک رووناکبیرێکی شۆرشگێر دڵی لەگەڵ رووداوەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەی دا لێی دەداو، تێکۆشانی راستەوخۆ لە نێو جەرگەی ئەم بزووتنەوەیەی دا بە ئەرکی بێ ئەم لاو ئەولای خۆی دەزانی. هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەموو مەرجەکانی گیرسانەوە لەئورووپای بۆ دابین ببوو، کاتێک دوای ٣ ساڵ لە ئەڵمان گەڕایەوە کوردستان، لە نێو تێکۆشەرانی خۆراگری حیزبەکەی و نەتەوەکەی دا مایەوە تا رۆڵێکی کاریگەرتری لە بەرە وپێشبردنی تێکۆشانی حیزبەکەی و خەباتی گەلەکەی دا هەبێ. هاوڕێ عوسمان رەحیمی ساڵی ١٣٧٣ لەگەڵ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاتوو پەخشان کچی تێکۆشەری دێرین مامۆستا ئەبووبەکر فەلسەفی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشە ٢ کوڕ و کچێکن بە ناوەکانی سامان، سوورکێو و سنوور. ژیانی تایبەتی و بنەماڵەیی کاک عوسمان و هاوژیانە رووسوورەکەی، پێشاندەری لایەنێکی دیکە لە کەسایەتیی بەرزی ئەو دوو تێکۆشەرە بوو. چونکە ژیانی هاوبەش و ئەرکە بنەماڵەیی یەکان هیچ کات نەبوون بە ڕێگرێ لەبەردەم خزمەتی بێوچانی عوسمان ڕەحیمی بە حیزبی دێموکرات. لە لایەکی دیکەوە ماڵی کاک عوسمان هەموو کات شوێنێک بووە بۆ داڵدەدان و خزمەتی تێکۆشەران و هەڵۆدایانی کوردایەتی و ئازادی .

بە کۆچی دوایی عوسمان ڕەحیمی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتگێڕێکی کارامە و کەسایەتییەکی خۆشەویست و یەکێک لە ڕێبەرە پێگەیشتوو و لێوەشاوەکانی خۆی لەدەست دا. کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە هاوسەر و جگەرگۆشەکانی عوسمانی جوانە مەرگ و، بنەماڵە بەڕێزەکانی ڕەحیمی و فەلسەفی لە بانە و فینلاند دەکا و هاودەردی و هاوخەمیی خۆی بە تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و هەموو ئۆگرانی ڕەوانشاد عوسمان ڕەحیمی لە کوردستان و دەرەوەی وڵات ڕادەگەیەنێ. عوسمان ڕەحیمی ئەگەرچی بە جەستە بەجێی هێشتووین، بەڵام یادی و ناوی بە بۆنەی تەمەنێک خزمەت بە حیزبی دێموکرات و نەتەوەکەی و، ئەخلاق و ڕەفتاری بەرزی، هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە و دەبێتە سەر مەشقی نەوە نوێیەکانی حیزبی دێموکرات و نەتەوەکەی.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی عوسمان ڕەحیمی ڕۆڵەی خۆشەویستی حیزبی دێموکرات و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەباتگێڕی کوردستان .

سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان و خەباتی حیزبی دێموکرات کە عوسمان ڕەحیمی سێ دەیە لە تەمەنی کورتی خۆی بۆ خزمەتیان تەرخان کرد.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد

دوانیوەڕۆی ٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٦ ـ ١١ی سێپتامبری ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**بەیاننامە: هاوپێوەندیی جێی شانازی بە بۆنەی کۆچی دوایی نەمر عوسمان رەحیمی یەوە**

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

**هێزو رێکخراو کەسایەتییە تێکۆشەرەکان!**

**تێکۆشەران! ئەندامانو دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

۱۰رۆژ دوای کۆچی لە ناکاوو بێوەختی هاورێی خۆشەویست عوسمان رەحیمی، خەباتکاری دێرینی دێموکراتو ئەندامی دەستەی راوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان،

هاوپێوەندیی کەم وێنە لە گەڵ حیزبی ئێمە لە نێو خۆی کوردستانو دەرەوەی وڵات هەر وا بەردەوامە. بەشداریی بەرینی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتو رێکخراوو لایەنە سیاسیەکانی کوردستانو چەندین هەیئەتی پایە بەرزی حیزبە کوردستانییەکان لەرێورەسمی بە خاک سپاردنو سەرەخۆشیی ئەم کەسایەتییە خەباتگێرەدا جیلوەیەکی شیاوی شانازی لەو هاوپێوەندییە لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بوو.

لەم ماوەیەدا، لە نێوخۆو سەرانسەری کوردستانەوە، هەروەها لە کوردەکانی دانیشتووی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهانەوە بە سەدان ئیمەیل، نامە ، تەلەفونو وتار بە رێبەریو نوێنەرایەتییەکانو راگەیەنەکانی حیزب گەیشتوون. لە هەمووی ئەو پەیامو نامانەدا، کۆچی دوایی عوسمان رەحیمی بە خەسارێک بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ناوبراوەو بە رێزەوە ئاوڕ لە خەباتو تێکۆشانی بێوچانی ئەم رۆڵە بە نرخەی کوردستان لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی حیزبەکەیو نەتەوەکەی دا دراوەتەوەو، بەم بۆنە دڵتەزێنەوە هاوخەمیو هاوبەشی لە گەڵ حیزبی دێموکراتو بنەماڵەکەی پێشان دراوە.

بێجگە لە کوردستان لە چەندین وڵاتی دیکەی جیهان، مەجلیسی پرسەو یادکردنەوەو ریزگرتن بۆ هاورێی جوانەمەرگ عوسمان رەحیمی بەرێوە چوون یا لە رۆژانی داهاتوو دا بۆی پێکدێ. لەو رێو رەسمانە دا کە لە سوید، فینلاند، بریتانیاو نۆرویژ تا ئێستا بەرێوە چوون، ئەو هاوپێوەندییەی لە کوردستان دیتمان، جارێکی دیکە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دووپات بۆتەوە. کوردەکانی ئەو وڵاتانە بێ وەبەرچاو گرتنی جیاوازیی فیکریو سیاسیو بەستراوەیی ڕێکخراوەیی، بە گەرمی لەم ڕێورەسمانەدا بەشدار بوون.

زۆر کەسایەتی سیاسی، ڕۆشنبیرو کۆمەڵایەتی و، بەرپرسان و نوێنەرانی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوو کۆمەڵە کوردو کوردستانییەکان وتارو پەیامی هاودەردییان پێشکێشی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بنەماڵەی ماتەمباری نەمر عوسمان ڕەحیمی کردوەو لە خەمو ماتەمی لە دەستچوونیئەو هاوسەنگەرە بە نرخەدا لە گەڵمان بوون بە شەریک. ئەم هاوپێوەندییە بەرینو کەم وێنەیە بەر لە هەموو شتێک نیشاندەری ئەمەگناسیو پێزانینی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە خەباتکارێکی ماندوویی نەناسو خزمەتکارێکی سادقی ئامانجە پیرۆزەکانی خۆیانە. نەتەوەکەمان جارێکی دیکە نیشانی دایەوە ڕۆڵە تێکۆشەرو دڵسۆزەکانی لە نێو فرمێسکو خۆشەویستیی خۆی دا ڕەوانەی مەنزڵگەی ئەبەدی دەکاو بە سادەیی بە لای مەرگیان دا تێپەڕ نابێ .

ئەم هاوپێوەندییە، هەر لەو کاتەدا نیشاندەری گەورەیی کەسایەتیی عوسمان ڕەحیمیو خۆشەویستی بنەماڵەی بەڕێزی ڕەحیمییەکانی بانە بوو. خۆشەویستییەک کە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خزمەتو وەفاداری بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو حیزبیێموکرات کە ئەم بنەماڵەیە بە چوونە زیندان، دەربەدەری، خوێندانو گیان بەخشین لەم ڕێگایەدا، قوربانییان بۆ داوە. عوسمان ڕەحیمی هەروا کە لە نێو حیزبەکەی دا خۆشەویست بوو، لە نێو کۆمەڵانی خەڵکو لەلای حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتییە سیاسیو خەباتگێڕەکانی دیکەش ڕێزو حورمەتی تایبەتی هەبوو. ئەمەش دەگەڕایەوە سەر ئەو پێوەندییە سالمە کە هاوڕێی نەمرمان لە سەر بناغەی ڕوانینێکی نەتەوەییو دێموکراتانەو ڕێزلێنانی دوو لایەنەو کامڵبوون لە باری فکریو سیاسییەوە، لە گەڵ ڕێکخراوو کەسایەتییەکانو خەڵک بە گشتی دا هەیبوو.

گومانی تێدا نیە خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ڕۆڵو نەخشی تێکۆشەری بەئەزموونو شارەزای وەک عوسمان ڕەحیمی لەم حیزبە دا، لەم هاوپێوەندییەدا جێگای تایبەت بە خۆی هەیە. حیزبێک کە سیمای خۆشەویستو خەباتکاری بە توانای وەک عوسمان ڕەحیمی لە داوێنی خۆی دا پەروەردە بکاو، ڕۆڵە سادق، دێموکراتو تێگەیشتوو، خەڵکیو مرۆڤدۆستەکانی وەک عوسمان ڕەحیمی بەڕێوەبەر، ڕێکخەر، ناسێنەرو نوێنەری بێو، هەزاران شۆڕشگێڕو تێکۆشەری دەیان ساڵەو بە ئەزموونو خۆبەختکەری لە ڕیزی خۆی دا کۆ کردبێتەوە، هێزە سیاسییەکانو کۆمەڵانی خەڵک لە خۆیانو بە هی خۆیانی دەزانێو لە خۆشیو ناخۆشی دا پشتی دەگرن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە هەمووی ئەمانە سەرنج ڕاکێشتر کە لەم هاوپێوەندیيە بەرینە بە بۆنەی مەرگی تاڵی عوسمان ڕەحیمیيەوە لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانو بنەماڵەی هاوڕێی نەمرمان دا خۆی دەرخست، شوعوری بەرزی نەتەوەیی، سیاسیو کۆمەڵایەتیو زاڵبوونی گیانی بەرپرسایەتیو هەست کردن بە پێویستیی هاوپشتیوهاوکاری لە نێو ڕێکخراوو کەسایەتیيە سیاسیو ڕۆشنبیرو تێکۆشەرەکانیدا بوو. بۆ گیانی پاکی عوسمان ڕەحیمی مایەی خۆشحاڵیو ئاسوودەییو، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان مایەی شانازیو سەربەرزییە کە ئەم کۆچە بێوەختەی ئەوو ئەم کۆستە گەورەیەی حیزبەکەی بووە بە دەرفەتێک بۆ هاتنە گۆڕی بانگەوازی یەکیەتی، هاوکاریو لێک نزیکبوونەوەو پێویستیی بە خۆدا چوونەوە لە نێو حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتیيە خەباتگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرامبەر بەو هاودەردیو هاوپێوەندییە پڕ واتایە سەری ڕێز دادەنوێنێو لە قووڵایی دڵەوە سوپاسی هەموو ئەو حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتیو مرۆڤە بەڕێزانە دەکا کە لە خەمی گەورەی لە دەستدانی ڕێبەرێکی بە توانای وەک عوسمان ڕەحیمی دا هاوخەمیو هاودەردییان لە گەڵ ئەم حیزبەو بنەماڵەی کاک عوسمان دا کردوە. هەر لەم پێوەندییەدا ڕادەگەیەنین کە پەیامی پیرۆزی ئەم هاوپێوەندییە پڕ واتایەمان بە گیانو دڵ وەرگرتووەو هەوڵدانی بەرپرسانەو جیددی لە پێناوی نزیک بوونەوە، هاوکاریوهاوخەباتیی هێزو لایەنە خەباتگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەکەمان لەم بەشەی کوردستان دا بە ئەرکی خۆمان دەزانین. دڵنیاشین ئاواتی وەدینەهاتووی عوسمانی ڕەحیمیو دەیان گەورە تێکۆشەری دیکە کە لە دەربەدەریو دوور خراوەیی دا سەریان نایەوە، بە یەکگرتوویی، هاوخەباتیو تەبایی نێوان هەموو لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دێتە دی.

نەمری بۆ ناوو یادی عوسمان ڕەحیمیو، بەرقەرار بی ئاواتو ئامانجە پیرۆزەکانی عوسمانی جوانە مەرگو هەموو شەهیدانی کوردستان.

حیزبی دێموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

٣٠خەرمانانی ١٣٨٦ - ٢١ سپتەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سوپاس و پێزانین

لە دوای چواردە ڕۆژ پرسە و پەژارەی کۆچی لە ناکاوی عوسمانی ڕەحیمی دا، هێشتا تەم و خەمی ئەو کۆچە دڵتەزێنە لە ناو ماڵەکەمان دا، نەڕەویوەتەوە! هێشتا چاوی خێزان و ڕۆڵەکانی بنەماڵەمان، پڕ لە فرمێسک و ئەسرینی داخ و خەفەتە!

عوسمان بۆ ئێمە تەنیا خزمێک و هاوسەری (پەخشان) نەبوو، ئەو خوشەویستی لە مێژینە و هاوڕێی بیست و حەوت ساڵەی حیزبیمان بوو! عوسمانی ڕەحیمی کوری خوشەویست و یادگاری برای هاوخەباتی دێرین و چەندین ساڵەمان، شەهید ( موحەممەد ساڵحی ڕەحیمی ) بوو!

عوسمان وەک عاشقێکی شەیدای کوردایەتی و ڕێباز و ڕێگای حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک سەربازێکی فیداکار و پێشمەرگەی سەنگەرەکانی هەلمەت و بەرگری، وەک بیرمەندێکی شارەزا و وردبین و هاوڕا، لە گەل توێژی گەنجان و لاوانی کوردستان، وەک پەرستار و پزیشکیکی هەڵسووڕ و چارەسازی نەخۆشان و بریندارانی سەرەتای شورشی چەکدارانەی حیزب و گەل، بۆ ئێمە خوشەویست و هاورێ و خزم بوو.

برینی پڕ لە دەرد و ناسۆری کۆچی بێ گەڕانەوەی عوسمانی ڕەحیمی، چارەی نایەت و دەرمان ناکرێت!! تەنیا ترووسکایی هیواو خەم ڕەوێنی خەمە بە تەوژمەکانی ئەم ڕۆژانەمان، دڵدانەوە و هاوخەمی و هاودەردی هاوڕێیان و دۆستان و یارانی دێرین و نەوینمان بوون .

بەرێوەبردنی ڕێورەسمی بە خاک سپاردن و پرسەی ناوازە و پڕ لە ئاوازەی لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، کە عوسمان شاگرد و قوتابی ئەو حیزبە و ڕۆڵەی لە دەست چووی ئەو دایکە مێهرەبانە بوو.

هاوخەمی و هاودەردی و پرسەی بە کۆمەڵی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب و یارانی بە ئەمەکی عوسمانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕەحیمی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان و لە نێو هەموو وڵاتانی ئەم گۆی زەوییەدا، بەشێکی زۆری لە خەمەکان کەم کردینەوە.

بۆیە بە پێویست و ئەرکی سەرشانمانی دەزانین کە سوپاس و پێزانینی خۆمان، بە بارەگای بەرزی حیزبی خۆشەویستی گەلەکەمان (حیزبی دێموکراتی کوردستان)، رابگەیەنین.

سوپاسی گەرمی هەموو بنەماڵەکەمان بۆ هاوڕێیانی خەباتگێڕ و ماندوو نەناسی کومیتەی فنلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە هەوڵین ڕۆژی مەرگی عوسمانی جوانە مەرگەوە تا ئێستاش لە دڵدانەوە و هاوخەمیماندا، هەدایان نەداوە و خەم ڕەوێنی ئەم خەمە گەورەیەمان بوون.

سوپاسمان بۆ بەشداربوونی برادەران و بەرپرسی کومیتەی فنلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سوپاسی بێ پایانمان بۆ سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەنو هەموو ئەو دۆست و برادەر و هاوڕێیانەی کە لە ناوچەکانی کوردستانی گەرمێن و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەموو کیشوەرەکانی ئوروپاوە، بە نامە و فاکس و تەلەفون، هاوبەشی خەمەکانمان بوون.

سوپاسی ئێمە بۆ هەمووان.
گیانی عوسمانی ڕەحیمی شاد و ڕێگای خەباتە پیرۆزەکەی پڕ لە ڕێبوار بێت.

لە لایەن بنەماڵەی فەلسەفی یەوە

ئەبووبەکری فەلسەفی

٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧

فنلاند - تورکو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پێشەکی: نامیلکەی تایبەتنامەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەر کاک عوسمان ڕەحیمی

کۆچی ناوادەو جوانەمەرگ بوونی تێکۆشەر کاک عوسمان ڕەحیمی، یەکێک لە سیما ناسراوەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان هەموو ئەوانەی خەفەتبار کرد کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەیانناسی یان لەگەڵ حیزبەکەی، ڕێبازەکەی ناسیاوییان هەبوو. بۆیە هەروەک دیتمان دوامالاوایی ئەم مرۆڤە خەباتکارو تێکۆشەرە شەپۆلێک لە هاودەردی و هاوخەمی و هەر لەوکاتەشدا پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ بنەماڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لێکەوتەوە. جگە لەوەی لە ڕێورەسمی بەخاک ئەسپاردن و پرسەی ئەو ڕۆڵە فیداکارەی نەتەوەکەمان دا بە هەزاران کەس بریتی لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان، کەسایەتییە فەرهەنگی و سیاسی و زانستییەکان و خەڵکی ئاسایی شارەکانی باشووری کوردستان، ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان و... بەشدار بوون، لە دەرەوەی وڵاتیش لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئەندام و لایەنگری حیزبەکەمانی لێیە ڕێوڕەسمی پرسە و یاد کردنەوە پێک هاتوە. لەوانیش دا بە هەزاران کەس لە دۆستان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی کوردستان و ئەندامان و ئۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدارییان کردبوو. زێدەتر لە مانەش بە هەزاران کەس لە ڕێگای نامە، تەلەفون، فاکس و ئیمایل وێڕای پێوەندی گرتن لەگەڵ بنەماڵەکانی ڕەحیمی و فەلسەفی و تێکۆشەرانی حیزب هاودەردی و هاوخەمیی خۆیان سەبارەت بە کۆستی لە دەستچوونی کاک عوسمان ڕەحیمی نیشان داوە.

گەورەیی و بەرینیی ئەم شەپۆلی هاودەردییەش لەلایەک نیشانەی ئەو دەورە کاریگەر و گەورەیەیە کە نەمر عوسمان ڕەحیمی نزیکەی سێ دەیە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی کوردستان دا هەیبوو، لەلایەکی دیکەش نیشانەی ڕێزگرتن و ئەمەگناسی لە ئاست زەحمەت و تێکۆشان و فیداکاریی نەمر عوسمان ڕەحیمی و هەروەها بە وەفاداری بەو ئامانجە بەرزانە بوو کە ئەو تێکۆشەرە ژیان و لاوەتیی خۆی بۆ تەرخان کردبوو. دیارە ئەوەش بە یەکێک لەو نەریتە جوان و شایستانەی نەتەوەکەمان دەژمێردرێ و دەری دەخا، فیداکاری و تێکۆشان و ئەو ڕێبازەی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی نەتەوەکەمان گرتوویانەتە بەر لەلای خەڵک چەندە پڕ بایەخە و خەڵک چۆن بە لە دەست چوونی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانیان ماتەم دایاندەگرێ. ئەمەش دیسانەکە تێکۆشەرانی ڕێبازی ئازادی و دابین کردنی مافە نەتەوەییەکان زیاتر سوورترو پابەندتر دەکا درێژە بە خەباتی ڕەوایان بدەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرچەند ئەوە ڕاستە ئەمرۆکە حیزبەکەمان و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان بەداخەوەتێکۆشەرێکی بەتوانا و فیداکاریان لەدەست داوە و ئەم سەرکردە ڕاستەقینەیەی نێو بزووتنەوەی کوردایەتی بە ڕۆیشتنی خۆی جێگایەکی بەتاڵی لە نێو ئێمە دا بەجێهێشتوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین بیر و بۆچوونی پێشکەوتنخوازانە و نەتەوەیی و چاکسازیخوازانەکەی وەک میراتێکی بەنرخ بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات ماوەتەوە و بێ گومان لە بەرە و پێشەوە بردنی خەباتەکەیان دا کەڵکی لێوەردەگرن.

دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی یادی ئەم سەرکردە شۆڕشگێڕو تێکۆشەرەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان و هەروەها بە مەبەستی دەرخستنی بەشێک لەو شەپۆلی هاودەردییەی بە بۆنەی کۆچی ناوەختی کاک عوسمان ڕەحیمییەوە لەگەڵ هاوڕێبازانی ئەو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵە بەڕێزەکەی وەڕێکەوت،


سەرچاوە : ماڵپەڕی تایبەتنامەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەر کاک عوسمان ڕەحیمی





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەک دوای دەساڵ هەتا هەرمان لە دڵمانداى



شەفەق

هەتا لە نێو سینەی یاران

ئاسکە دڵی ئاشق و شەیدا

بەرەو ژوانی کوڕە شوانەکەی "ئاربەبا"

لە ڕێ دابێ و

حەز و خەوی ڕەنگ و ڕووناکیی شەفەق بێ

تۆ دەمێنی.

تۆ دڵی ئاسکە دڵی گشت یارانی

تۆ هێنەری مژدەی هاتی بەهارانێ

بێبەش

کۆکردنەوە وئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٢ی کوردی = سیپتەمبەری ٢٠٢٢ زاینیی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com